کەواتا ئەگەر لەپشت مبتدع وعەقیدە نەناسراو جائیز نەبوایە دەیفەرموو نوێژ لەپشت عەقیدە نەناسرا ومبتدع یش جائیزنیە بەڵام تەنها لەپشت موڕتەد فەرمووی جائیزنیە

.

کەواتە ئەگەر عەقیدەی مەلاکە نەناسیت نوێژی لەپشتەوە ئەکرێت هەرکەس بڵێت نوێژی لەپشتەوە ناکرێت ونوێژەکە باتڵە ئەوکەسە مبتدع ـە.

شـێخ ـی ئیسلام ابن تیمیة ـدەفەرموێت : **"لم يقل أحد من الأئمة: إنه لا تجوز الصلاة إلا خلف من علم باطن أمره". — مجموع الفتاوى (3/281).**

هیچ یەکـێ لەپێشەوایانی دین نەیان وتوە نوێژ دروست نیە ئیلا لەپشـتی کەسێکەوە نەبێت کە عەقیدەی بزانیت.

وەفەرموویەتی : **"الصلاة خلف المستور جائزة باتفاق علماء المسلمين، ومن قال: إن الصلاة محرمة أو باطلة خلف من لا يعرف حاله. فقد خالف إجماع أهل السنة والجماعة".**

نوێژ لەپشت کەسێ کەعەقیدە وحاڵی نەزانراوە دروسـتە بەیەکدەنگی زانایان ـی موسڵمان وە هەرکەسێ بـڵێت نوێژ دروست نیە یان باتڵە ئیلا لەپشت کەسێکەوە حاڵی زانراوبێت ئەوا خاوەن ئەم وتەیە پێچەوانەی ئیجماع ـی ئەهل ـی سونەت وجەماعەی کردووە. **— (مجموع الفتاوى 3/282).**

وە دەفەرموێت : **من قال: لا أصلي جمعة ولا جماعة إلا خلف من أعرف عقيدته في الباطن، فهذا مبتدع مخالف للصحابة والتابعين.**

هەرکەس بڵێ من نوێژی جمعە وجەماعە ناکەم ئیلا لەپشت کەسێکەوە نەبێت کەعەقـیدەی بزانم ئەوا ئەوکەسە مبتدع ـە و پێچەوانەی هاوەڵان وتابعین ـە.
— (مجموع الفتاوى 4/542).

دیسان شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە رحمه الله دەفەرموێت : **يجوز للرجل أن يصلى الصلوات الخمس والجمعة وغير ذلك خلف من لم يعلم منه بدعة ولا فسقا باتفاق الأئمة الأربعة وغيرهم من أئمة المسلمين ،**

دروسـتە بۆ پیاو کەپێنج فەرزەکە ونوێژی جمعە وجگە لەوەش ئەنجام بـات لەپـشتی کەسێکەوە کە بیدعە و فسق ـی لێ نەبینیوە بە یەکدەنگـی پێشەوایانی موسڵمان.

وليس من شرط الائتمام أن يعلم المأموم اعتقاد إمامه ، ولا أن يمتحنه فيقول : ماذا تعتقد ؟ بل يصلى خلف مستور الحال.

وه بهمهرج نهگيراوه بۆ شهرع ـى بونى نوێژ لهپشت ئيمامێكهوه ئيلا عهقيدهى ئيمامهكه بزانيت يان برۆى پرسيارى لێ بكهى وبلێى تۆ عهقيدهت چيه بهڵكو نوێژ لهپشت مستور حال (واته ئهومهلايهى عهقيدهى لهئێمه شاراوهيه ونازانين چيه).

، ولو صلى خلف من يعلم أنه فاسق أو مبتدع ففي صحة صلاته قولان مشهوران في مذهب أحمد ومالك ، ومذهبُ الشافعي وأبى حنيفة الصحة.

بهڵام ئهگهر نوێژ بـكات لهپشتى كهسێكهوه بزانێت ئهو كهسه فاسق ـهيان مبتدع ـه ئهوا بۆ دروست ـى نوێژهكهى دوو وتهى مشهور ههيه لهمهزههب ـى احمد ومالـك و مهزههبى شافعى وابوحهنيفه ...

وأما " الصلاة خلف المبتدع " فهذه المسألة فيها نزاع وتفصيل . فإذا لم تجد إماما غيره كالجمعة التي لا تقام إلا بمكان واحد وكالعيدين وكصلوات الحج خلف إمام الموسم فهذه تفعل خلف كل بر وفاجر باتفاق أهل السنة والجماعة ".

بهڵام نوێژ لهپشت مبتدع ئهمه بابهتێ خيلافيه و تهفسيلى تێدايه ئهگهر هيچ پێشهوايهكى تر نهبوو كه جومعهى لهپشتهوه بكهى چونكه جمعه لهيهكـ شوێن ئهنجام دهدرێت وه وهكـ دوو جهژنهكه وه وهكـ نوێژ لهپشت ئيمام لهكات ـى مهوسم ئهم نوێژانه لهپشت ههموو ئيمامـێ ئهكرێ باش بێ يان خراپ.

وإنما تدع مثل هذه الصلوات خلف الأئمة أهل البدع كالرافضة ... إذا لم يكن في القرية إلا مسجد واحد فصلاته في الجماعة خلف الفاجر خير من صلاته في بيته منفردا ; لئلا يفضي إلى ترك الجماعة مطلقا.

ئهم نوێژانه ئهنجام نادرێت لهپشـت مهلاى ئههلى بيدهع ـى ڕافيزه وهاوشێوهكانيان ...ئهگهر له لادێيهكـدا تهنها مزگهوتێ ههبێت ئهوا نوێژى جهماعهتهكهت دروسته

جامەلاکە باش بێت یان خراپ چونکە نوێژی جەماعەت کردنت لەپشتی مەلایەخراپ باشترە لەوەی لەماڵ بەتەنها نوێژ بکەی بۆئەوەی سەر نەکێشێت بۆ وازهێنان لەنوێژی جەماعەت بەگشـتی.

وأما إذا أمكنه أن يصلي خلف غير المبتدع فهو أحسن وأفضل بلا ريب.

بەڵام ئەگەر توانای هەبوو نوێژ بکات لەپشتی کەسێ کەمبتدع نەبێت ئەوا بـاشتر وچاکترە بێ هیچ گومانێ. — **"مجموع الفتاوى" (23/351 -356).**

بەپوخـــتی :
١ - نوێژ لەپشت مەلایەکـ بزانیت کافر ومورتەدە وکەوتۆتە ڕیـدەوە باتڵە ئەگەر کردت دەبێت دووبارەی کەیتەوە.

٢ - نازانیت مەلاکەعقیدەی چیە نازانیت کوفری هەیە یاخود نـا ئەمە بێ پرسیارکردن لەعەقیدەی نویژ ئەکەیت و دروستە.

٣ - مەلایـەک کوفری لێدەرنەکەوتوە بەڵام بیدعەچیە ئەمە ئەگەر بتوانیت بڕۆی لەپشت مەلایەکی ئەهلی سونەت نوێژ بکەی ئەوا دەڕۆی بۆ پشت مەلا سونیەکە لەپـشت مبتدعەکە نوێژ ناکەی بەڵام ئەگەر مەلای سونیت دەست نەکەوت یان دووربوو لێتەوە ئەوا لەپـشت مەلا مبتدع ـەکەوە نوێژ ئەکەی بەو مەرجەی بیدعەکەی کوفری نەبێت.

لێرەدا ئەهلی فیتنە وشوبهات شوبهەیە ئەوروژێنن ئەڵێن : ئیمام ـی احمد فەرمووی : من سەرەتا ئاسانکاریم ئەکرد لەم بابەتە، بەڵام کاتێک کە بیدعە زۆر بوو ئەوا نوێژ مەکە تەنها لەدوای ئەو کەسە نەبێت کە عەقیدەکەی ئەزانیت. — **(طبقات الحنابلة : ٥٩/١).**

ئەم وتەیـەی ئیمام ـی احمد مەبەست ـی پێی ئەوەنیە نوێژکـردن لەپـشت کەسێ عەقیدەی شاراوەیە دروست نیە بـەڵکـو مەبەستی ئەوەیە لای ئیمام احمد باشتر

وایە نوێژ نەکەیت ئیلا لەپشت کەسێکەوە کەبزانیت ئەهلی سونەیە ئەمما ئەگەر ئەهلی سونەتت دەست نەکەوت نوێژکردنت لەپشت کەسێ کەعەقیدەی شاراوەیە دروستە.

بەڵگەش وتەی ئیمام ی ئەحمەدە رحمه الله : عبد الله ی کوڕی ئیمام أحمد دەفەرموێت : **إذا كان الذي يصلي بنا لا يقول بشئ من هذا صليت خلفه فإذا كان يصلي بنا يقول بشئ من هذا القول أعدت الصلاة خلفه. — (كتاب حكم الصلاة خلف المبتدع والفاسق.).**

ئەگەر ئەوکەسەی پێش نوێژیمان بۆ دەکات ئەوقسانە ناڵێت (وتەی قورئان مەخلوقە) ئەوا نوێژی لەپشتەوە دەکەم جا ئەگەر پێش نوێژی بۆکردین و ئەوقسانەی دەکرد (واتە کوفری دەرخست) ئەوا نوێژەکە دووبارە ئەکەمەوە.

کەواتە لەعەقیدەی ئیمام احمد مەلایەک کوفری لێ نەبینرابێت نوێژی لەپشت ئەکرێ ئەگەر چی زۆربەی مەلاکانی تریش لەکوفردا بن بەبەڵگەی ئەوە وتەیە کەئێستا خوێندتەوە.

ئەی مەبەست ی ئیمام احمد چیە کەفەرمووی من سەرەتا ئاسانکاریم دەکرد لەبابەتی نوێژکردن ؟؟

یەکەم/ مەبەستی ئیمام احمد ئەوەیە سەرەتا تەکفیری جەهمیەکان ی نەدەکرد کەواتە نوێژی لەپشتیان بەدروست زانیوە پێش تەکفیرکردنیان (بەو واتایەی بیدعەکەیان ی بەبیدعەی کافرکەر نەدەزانی وەک پرسیاری لێدەکەن خۆی دەفەرموێت : ابراهيم الدورق ی دەفەرموێت : **سألت أحمد بن حنبل عمن يقول: القرآن مخلوق؟ فقال: كنت لا أكفرهم حتى قرأت آيات من القرآن: وَ لَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْواءَهُمْ مِنْ بَعْدِ ما جاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ و قوله: بَعْدَ الَّذِي جاءَكَ مِنَ الْعِلْمِو قوله: أَنْزَلَهُ بِعِلْمِهِفالقرآن من علم الله و من زعم أن علم الله مخلوق فهو كافر.**

پرسیارم لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کرد لەبارەی کەسێک کەبڵێت قورئان مەخلوقە.

ئیمام فەرمووی : **من سەرەتا تەکـفیرم نەدەکـردن** تا چەند ئایەتێکم خوێندەوە لەقورئان الله ـدەفەرموێت : (**ئەگەر شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان بـکەویت لەپاش ئەوەی زانستت بۆهاتوە**) وە الله ـدەفەرموێت : (**الله بەزانست ـی خۆی دایبەزاندوە**) قورئان لەزانستی الله یە **هەرکەس پێی وابێ** زانستی الله مەخلوقە ئەوە کـافرە.

دووەم/ جاکـە ئیمام احمد سەرەتا جەهمیەکان ـی پێ کافرنەبوە وبیدعەکەیان ـی بەکوفری نەزانی بـوو لەهەمان کاتدا ڕێگەی ئەیا لەپشت مبتدعەوە نوێژ بـکرێت یەکێ لەو مبتدعانەی سەردەم ـی ئیمام جەهمیەکان بـوو کەپرسیاریان لەئیمام احمد کرد لەبارەی نوێژ لەپشت مبتدعەوە : **أ يصلى خلف صاحب بدعة؟ فقال: إذا كان داعية أو يخاصم فيها أو يدعو إليها لا يصلى خلفه ولا يكلم. فقلت: فمن كان فيه شيء إلا أنه لا يخاصم فيه؟ قال: هو أهون. قلت: فيصلى خلف هذا؟ قال نعم. قلت: أ فليس هذا صاحب بدعة؟ قال: بلى ولكن هذا لعله لا يدرى يرجع، وهذا يدعو إليها.**

ئایا نوێژ لەپشت خاوەن بیدعەوە دەکـرێ ؟ فەرمووی ئەگەر بانگەوازکار بێت و مناقەشەی لەسەر بـکات وبانگەوازی بۆبکات نوێژی لەپشتەوە ناکرێ وقسەی لەگەڵ ناکرێ.

وتم ئەی ئەگەر بیدعەی هەبێت و مناقەشە لەپێناو بیدعەکەی نەکات؟ ئیمام احمد فەرمووی ئەمە ئاسانترە، وتم نوێژی لەپشتەوە ئەکرێ ؟ فەرمووی بەڵـێ، وتم ئەی ئەم کەسە مەگەر خاوەن بیدعە نیە ؟ فەرمووی بەڵێ بەڵام لەوانەیە ئەم کەسە جاهل بێت و بگەڕێتەوە بەڵام بانگخوازی بیدعە دەعوە دەکات بۆبیدعەکەی.

— مسائل ابن هانئ ١/ ٦٣.

کەواتـا ئاسانکاریەکەی ئیمام احمد ئەوەبوو بەشەرع ـی دەزانی نوێژ لەپشت مبتدعـەوە بکرێت یەکێ لەو مبتدعانە جەهمیەکان بون کەئیمام سەرەتا بەکافری نەدەزانین ئەمە ئاسانکاریەکەی بـوو.

بەڵام بۆ ئەهلی بیدەع کەبیدەع ـی کوفریان لێ نەبینراو ئیمام ـی احمد فەرمووی وەکـ لە**كتاب السنة** هاتوە : **ولا أحب الصلاة خلف أهل البدع.**

نوێژکردن لەپشت ئەهلی بیدەعم پێ خۆش نیە.

کەواتـا ئیمام احمد نوێژکردن لەپشت کەسێ عەقیدەی نەزانراوە بەدروست ئەزانێ وەک ئەو وتەیەی لەسەرەتا دامناوە بەڵام وای پێخۆشترە لەپشت ئەهلی سونەت بکرێت کەواتا سەرەتا ئاسانکاری کردوە نوێژی لەپشت مبتدع پێ جائیز بوە بەڵام دواتر پێی باش نەبوە لەپشت مبتدع نوێژ بکرێ ئیلا ئەهلی سونەت نەبێت وە لەکاتی نەبونی ئیمامێ عەقیدەی ئەهلی سونەت بێت نوێژکردن ـی لەپشت مەلایەکەوە پێ جائیزبوە کەکوفری نەبێت وەکـ ئەو وتەیەی کەفەرمووی (ئەگەر ئەوکەسـەی پێش نوێژیمان بۆ دەکات ئەوقسانە ناڵێت (وتەی قورئان مەخلوقە) ئەوا نوێژی لەپشتەوە دەکەم جا ئەگەر پێش نوێژی بۆکـردین و ئەوقسانەی دەکرد (واتە کوفری دەرخست) ئەوا نوێژەکە دووبارە ئەکەمەوە.

شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه ـدەفەرموێت : **وكان بعض الناس إذا كثرت الأهواء يحب أن لا يصلي إلا خلف من يعرفه على سبيل الاستحباب كما نقل ذلك عن أحمد أنه ذكر ذلك لمن سأله ولم يقل أحمد ؛ إنه لا تصح إلا خلف من أعرف حاله.**

هەنێ لـەخەڵکان کاتێ بیدعە بەربڵاوبێت پێیان خۆشە نوێژ نەکرێ ئیلا لەپشت کەسێکەوە نەبێت کەعەقیدەی بـزانن ئەم کارەشیان پێ خۆش و پێ باشە هەروەکـ لەئیمام ـی احمدەوە گێڕاوەتەوە کە کاتێ پرسیاری لێدەکەن وادەفەرموێ بـەڵام ئیمام احمد نەیفەرموو **نوێژ دروست نیە** ئیلا لەپشت کەسێکەوە کەحاڵـی بزانیت. — **مجموع الفتاوى (3/280).**

هەڵـۆی نەزان پێـچـەوانەی سـونـەتـ ـی رسـول الله صلی الله علیـه وسلم ئەكـاتـ حـوكـم بەزاهـیـر نـایـاتـ

ئەم نەزانە ئەڵێت من كاتی خۆی كەوتومە ئەبوحەسەن ـی ئەشعەری تەوبەی كردووە لەبەرئەوەی ابن تیمیە وای وتبوو منیش لەسەر قسەی ئەو وتومە تەوبەی كردووە چونكـە من پێشتر كتێب ـی سەلەفم نەئەخوێندەوە ...

هەڵۆی نەزان پێچەوانەی سونەت ی رسول الله صلى الله عليه وسلم ئەكـات حوكم بەزاهیرنایـات !

١ - ئەم نەزانە ئەڵێت من كاتـى خۆی كەوتومە ئەبوحەسـەن ـی ئەشعەری تەوبەی كـردووە لەبەرئەوەی ابن تیمیە وای وتبوو منیش لەسەر قسەی ئەو وتومە تەوبەی كردووە چونكـە من پێشتر كتێب ـی سەلەفم نەئەخوێندەوە.
٢ - دوواتر بۆم دەركەوت تەلەبەی تەلەبەكـان ـی ئەبو حەسەنی ئەشعەری وتویانە ئەبو حەسەن ـی ئەشعەری تەوبەی نەكردووە وە نوسینی كتێب ـی الابانە وتەوبەكردنەكەی لەترسی حەنبەلیەكان بـوە.
٣ - ـۆیە منیش وەک خۆم قسەی تەلەبەی تەلەبەكانی ئەبو حەسەن ـی ئەشعەری ئەڵێمەوە ئەڵێم كتێبی الابانەی بۆ خۆپاراستن لەحەنبەلیەكان نوسیوە !

وەڵام ـی ئەم هەموو نەفامی ونەزانیەی مەلا هەڵۆی دەم گڵاو :
وەڵام ـی خاڵی یەكەم / كەواتـا تۆ كەسێكی جاهلیت پێش ئەوەی لەهەموو ڕوویەكەوە لەوتەی زانایان بكۆڵیتەوە پێش ئەوەی بەدوواچون ـی تەواو بكەیت فەتوا بۆخەڵک ئەیەیت تەنها بەوتەی زانایـەک ئەمەش واتای ئەوەیە تۆ كـەسێكی مقلدی وزانانیت وئەهلی فەتوا نیت.

ابن القيم لە **إعلام الموقعين** ئەفەرموێت : **أنه لا يجوز الفتوى بالتقليد، لأنه ليس بعلم، والفتوى بغير علم حرام، ولا خلاف بين الناس أن التقليد ليس بعلم، وأن المقلد لا يطلق عليه اسم عالم.**

دروست نیە بەتەقلیدەوە فەتوا بـدرێت چونكە تەقـلید زانست نیە وەفەتوا بەبێ زانست ـی (تەواو بەبابەتێک) حەرام ـە وە ڕاجیاوازی نیە لەناو خەڵێكدا كە تەقـلید زانست نیە وەئەوەكەسەی تەقـلید ئەكـات پێی ناوترێ زانا.

وە ئـەفەرموێت **سودی 33 : من أفتى الناس وليس بأهل للفتوى فهو آثم عاص ومن أقره من ولاة الأمور على ذلك فهو آثم أيضاً.**

ئەوکەسەی فەتوا ئەیا بۆخەڵک بەڵام شایستەی فەتوادان نیە ئەوا تاوان بار وسەرپێچیکارە وەهەرکەسێ لە کاربەدەستانی موسڵمان ڕێگری وئینکاری لێ نەکات ئەوا ئەوکاربەدەستەش تاوانبارە. — **(إعلام الموقعين 4/166).**

• کەواتا تۆ سەرەتا کەوتوتە ئەبوحەسەن تەوبەی کردووە تەقلیدی زانایەکی ئەهلی سونەتت کردووە کەابن تیمیە بوو.

• ئێستاش ئەڵێی تەوبەی نەکردووە تەقلیدی زانا ئەشعەریەکان ئەکەیتەوە کەواتا تۆ ئەهلی علم نیت وزانست وفەتوات لێ وەرناگیرێت چونکە بەدلیل ی شەرع وعلم ی شەرع فەتوا نادەیت بەڵکو بەتەقلید فەتوا ئەیەیت بەڵام بریا هەرتەقلیدی زانایان ی ئەهلی سونەت کردبایە ئێستا تۆ تەقلیدی وتەی هەندێ لە زانا ئەشعەریەکان ئەکەیت کەلەلای خۆت کافرن.

پاشان ئەڵێی من پێشتر کتێب ی سەلەف م نەخوێندووە بۆیە وامزانیوە ئەبو حەسەن تەوبەی کردووە لەوەڵامدا ئەڵێم نازانم کتێبی سەلەف چی پەیوەندی بەتەوبەی ئەبو حەسەن ی ئەشعەریەوە هەیە !!! ئەبو حسن ی ئەشعەری لە260 هجری لەدایکبوە سەرەتا موعتەزیلە بوە تاتەمەنی 40 ساڵی واتا تاساڵی 300 ی هیجری واتا (تاوەکو) پاش تەواوبونی سێ سەدەکەی سەلەف موعتەزیلەبوو پاشان چوە سەر میمبەر لەمزگەوت تەوبەکەی ئاشکرا کرد وڕایگەیاند کەبەریئە لەعەقیدەی موعتەزیلە چاونەترسانە تەوبەی کرد لەکاتێکدا موعتەزیلە باڵا دەست وبەهێزیش بون لەوکاتەدا بەڵام کەلەم قۆناغەدا تەوبەی لەموعتەزیلە بوون کرد چووە سەر عەقیدەی ابن کلاب کەهەندێ سیفات ی جێگیرئەکرد بۆالله و هەندێکی جێگیرنەئەکرد ئەم عەقیدەیەشی لەم قۆناغەدا لەکتێبی **(اللمع في الرد على أهل الزيغ والبدع)** دەرئەکەوێت.

پاشان دوای ماوەیەک لەکۆتایەکانی تەمەنیدا تەوبەی لەو عەقیدەیەش کرد گەڕایەوە سەر عەقیدەی سەلەف و ڕایگەیاند کەلەسەر عەقیدەی ئیمام ی احمدە **وکتێبی الابانەی** نوسی.

لە**كتاب ـی "الإبانة"** کەیدا ئیمام ابو حسن ـی ئەشعەری ئەفەرموێت : **"قولنا الذي نقول به، وديانتنا التي ندين بها، التمسُّك بكتاب الله ربنا عز وجل، وبسُنَّة نبينا محمد صلى الله عليه وسلم، وما روي عن السادة الصحابة والتابعين وأئمة الحديث، ونحن بذلك معتصمون".**

وتەی ئێمە کەگوفتاری پێ ئەکەین وە دین ـی ئێمە کەدینداری پێ ئەکەین دەستگرتنە بەکتاب ـی الله ـی پەروەردگارمان وەبەسونەتی پێغەمبەرمان محمد صلى الله عليه وسلم وەئەوەی ڕیوایەت کراوە لە هاوەڵان و تابعین وپێشەوایانی فەرموودە ئێمە دەست بەوەوە ئەگرین.

وبما كان يقول به أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل - نضَّر الله وجهه ورفع درجته وأجزل مثوبته - قائلون، ولما خالَفَ قولَه مخالفون؛

وە ئەوە ئەڵێین کەابو عبدالله احمد ـی کوڕی محمدی کوڕی حنبل فەرموویەتی الله تعالی دەمچاوی درەوشاوە بکات و پێگەی بەرزکاتەوە وە ئەوقسانەی ئەو ئەڵێینەوە ئەوەشی پێچەوانەی قسەکانی ئەوی کردبێت ئێمەش پێچەوانەی ئەوکەسە ئەکەین کەپێچەوانەی ئیمام احمد ئەڵێت. **— أصول الديانة 21.**

وە لەوکتێبە بەڵگە ئەهێنێتەوە بۆ اثبات ـی سیفەتەکان ـی الله تعالی وڕەدێکی توندی ئەوانە ئەیاتەوە کەاثبات ـی سیفاتەکان بۆالله تعالی ناکەن.

کەواتا ئەم پیاوە بەڕێزە (ئەبو حەسەن ـی ئەشعەری رحمه الله) بەزمان ونوسین ـی دەست ـی خۆی تەوبەی ڕاگەیاندوە کەچی ئەوەم پێ سەیرە هەڵۆ ئەڵێت من قسەی ئەو ئەشعەریانە ئەڵێمەوە کەتەوبەی نەکردووە وە نوسینی ئەم کتێبەش لەترسی حەنبەلیەکان بوە بۆیە تەوبەکەی قبول ناکەم چونکە شوێنکەوتەکانی خۆیان ئەڵێن تەوبەی نەکردوە !!

جاسەرنج ـی ئەم نەفامی ونەزانیەی هەڵۆ بەن یانی تەشبیه نەبێت وەکو ئەوە وایە بڵێی من ئەزانم عیسا نەیوتوە کوڕی الله ـم وەئەزانم محمد ﷺ شایەتی ئەوەی داوە

کەعیسا نەیوتوە کوڕی الله ـم بەڵام مادام گاورەکـان خۆیان ئەڵێن عیسا وتویەتی کوڕی الله ـم بۆیە منیش هەمان قسەی گاورەکـان ئەڵێمەوە ئەڵێم عیساوتویەتی کوڕی الله ـم والعیاذ بالله !

یان بۆنمونە :
شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب عوزری نەیاوە بەشـیرکی گەورە وکوفری گەورەی ئاشکـرا خۆی لەکتێبەکانی وای نوسیوە ناکـرێت تۆ بڵێی والله مادام مەدخەلیەکان خۆیان بەشوێنکەوتەی شێخ محمد ئەزانن وئەڵێن شێخ محمد عوزری یاوە منیش ئەڵێم شێخ محمد عوزری یاوە.

یان نمونەیەکی تر 73 کۆمەڵ خۆی بەشوێنکەوتەی پێغەمبەر ﷺ ئەزانێت 72 کۆمەڵیان کەگومڕان ئەڵێن مەنهەج ـی ئێمە مەنهەجی پێغەمبەرە ﷺ ئایا ئەکرێت قسەکەیان بەڕاست بزانین لەبەر ئەوەی خۆیان بەشوێنکەوتەی پێغەمبەر ﷺ و ئیسلام ئەزانن ؟ بێگوومان ئەم قسەی هەڵۆ لەوپەڕی جەهل وبێ علم یەوە سەری گرتوە.

١ - ئەصل وایە حوکم بەزاهیر وەرئەگیرێت واتـا ئێمە حوکم لەسەر دڵی کەسەکان نادەین رسول الله ﷺ ئەیزانی کەکەسانێ هەن مونافیق ـن ولەدڵەوە بڕوادارنین بەڵام چونکە لەڕووکەشـدا کوفریان دەرنەخست وئیسلامیان دەرئەخست مامەڵەی موسڵمانی لەگەڵ ئەکـردن.

ئیمام ـی عمری کوڕی خطاب ئەفەرموێت ڕەزای الله تعالی ـی لێ بێت : **وإنَّما نَأْخُذُكُمُ الآنَ بما ظَهَرَ لَنَا مِن أعْمَالِكُمْ، فمَن أظْهَرَ لَنَا خَيْرًا، أمِنَّاهُ وقَرَّبْنَاهُ، وليسَ إلَيْنَا مِن سَرِيرَتِهِ شَيءٌ، اللَّهُ يُحَاسِبُهُ في سَرِيرَتِهِ، ومَن أظْهَرَ لَنَا سُوءًا، لَمْ نَأْمَنْهُ ولَمْ نُصَدِّقْهُ، وإنْ قالَ: إنَّ سَرِيرَتَهُ حَسَنَةٌ.**

ئێستا ئێمە بەپێی ڕووکەش وزاهیری کردارەکانتان مامەڵەتان لەگەڵ ئەکەین هەرکەسێ چاکەمان پیشان بات ئەوا لەئەمان ـدایە وڕێزی لێ ئەگرین ونزیکی ئەکەینەوە لەخۆمان وە هیچ کارمان بەنهێنیەکانی دڵیەوە نیە ئەوە الله تعالی لەسەر

نهێنیەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەکات وە هەرکەسێ خراپەمان پیشان بات ئەوا ئەمین نابین لێی وەبەڕاست ـی ناخەینەوە کەبشڵێت نیەتەکەم پاک وچاک بوە.
— (صحيح البخاري 2641).

کەواتا مەنهەج ـی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفەکان وهاوەڵان بریتی بوە لەوەرگرتنی زاهیری کەسەکان ئیتر نیەتیان هەرچی بێت ئەوا تەنها الله ئەیزانێت چونکە کەس نیە بزانێت چی لە دڵی مرۆڤەکان هەیە تەنها الله تعالى نەبێت.

وە حوکم لەسەر نیەت ـی خەڵکی تەنها بەوەحی ئەدرێت قسەی هیچ کەسێک نابێت بەبەڵگە بۆحوکمدان لەسەر نیەت ـی خەڵکی. کەواتا هەڵۆ پێچەوانەی مەنهەج ـی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەکات حوکم لەسەر زاهیر وەرناگرێت.

پاشان تەنانەت گریمان کەسێ لەترسا ببێت بەموسڵمان ئەوا ئیسلامەتیەکەی لێ قبوڵ ئەکرێت لەزاهیردا بەڵکو ئەکرێت دوواتر الله تعالى نیەت پاکی پێ ببەخشێت بەوهۆیەوە ئەشچێتە بەهەشتیشەوە.

پێغەمبەر ﷺ بەپیاوێکی فەرموو : «**أَسْلِمْ قَالَ أَجِدُنِي كَارِهًا قَالَ أَسْلِمْ وَإِنْ كُنْتَ كَارِهًا فإن الله سيرزقك حسن النية والإخلاص**».

واتا : ببە بەموسڵمان پیاوەکەش وتی واخۆم ئەبینم بون بەموسڵمانم پێ ناخۆشە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ببە بەموسڵمان گەر پێشت ناخۆشە چونکە الله تعالى نیەت پاکی ودڵسۆزیت پێ ئەبەخشێت. **— أخرجه أحمد (12080)، والبزار (6563) إسناده صحيح على شرط الشيخين .**

ئیمام ـی ابن رجب الحنبلي رحمه الله لە**شەرح ـیصحيح البخاري (ج 1 / ص 28)** ئەفەرموێت : **وهذا يدل على صحة الإسلام مع نفور القلب عنه وكراهته له.**

ئەمە بەڵگەی دروست بونی ئیسلامەتیە بۆکەسێک سەرەڕای ئەوە دڵیشی پێی ناخۆش بێت (واتا لەزاهیردا وەک موسڵمان قبوڵ ئەکرێت).

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : «**عَجِبَ اللَّهُ مِنْ قَوْمٍ يَدْخُلُونَ الجَنَّةَ فِي السَّلاَسِلِ**».

واتا : الله تعالى سەیری پێ یەت لەکەسانێ بەکۆت وزنجیرکراوی ئەچنە بەهەشتەوە.

ابن قارئ ئەفەرموێت : **والمعنى أنهم يؤخذون أسارى قهرا وكرها في السلاسل والقيود ، فيدخلون في دار الإسلام ، ثم يرزقهم الله الإيمان فيدخلون به الجنة.**

واتای ئەوەیە ئەوكافران بەدیل ئەگیرێن بەزۆر وبەناچاری كۆت وزنجیرئەكرێن وئەبن بەموسڵمان پاشان الله تعالى ئیمانیان پێ ئەبەخشێت وئەچنە بەهەشتەوە.
— مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح، القاري6/2546.

كەواتا گریمان لەترسیشا تەوبەی كردبێت بۆت نیە بڵێی تەوبەكەی وەرناگرم چونكە:

١ - ئیمام ابو حەسەن بەبێ ئەوەی شمشێری لەسەر ڕاكێشرابێت بەبێ هیچ زۆرلێكردنێ خۆی تەوبەی خۆی ڕاگەیاندووە.
٢ - حەنبەلیەكان ئەو دەسەڵاتەیان نەبوە لەوكاتەدا كەهەركەسێ عەقیدەی سیفاتی نەبێت بیكوژن بەڵكوموعتەزیلەكان مەترسیداربوون لەگەڵ ئەوەشدا ئیمام ئەبوحەسەن بێ ترس وبێ باكانە بەڕائەتی لێ كردن.
٣ - هیچ دەلیلێ نیە كەابو حسن وتبێتی لەترسا تەوبەم كردوە !

پاشان گەر تۆ هەر وتەی ئەشعەریەكان وەرئەگریت لەسەر ئەبو حەسەن ئەوەش وتەی ابن فورك كەتەلەبەی تەلەبەی ابوحسن ی ئەشعەری بووە لە**كتاب ی (تبيين كذب المفتري صـ128** ئەفەرموێت : **((انتقل الشيخ ابو الحسن الاشعري .. من مذهب المعتزله الى نصرة مذاهب السنه والجماعه .. وصنف في ذلك الكتب))**

ئەبوحسن ی ئەشعەری وازی هێنا لەمەزهەب ی موعتەزیلە دەستی كرد بەسەرخستنی مەزهەب ی ئەهلی سونەت وجەماعە .. وەكتێبی نوسی لەوبارەیەوە.

ئەمەش وتەی ابن عساكر لەبارەی عەقیدەی ابوحسن لەسەرکۆتا عەقیدەی کەلە**کتێب ـی الابانه** نوسیویەتی ئەفەرموێت : **فَإِذا كَانَ أَبُو الْحَسَنِ رَضِيَ اللَّهُ عَنهُ كَمَا ذكر عَنهُ من حسن الاعتقاد ، مستصوب الْمَذْهَب عِنْد أهل الْمعرفَة بِالْعلمِ والانتقاد .. وَلَا يقْدَح فِي معتقده غير أهل الْجَهْل والعنَاد : فَلَا بُد أَن نحكي عَنهُ معتقده على وَجهه بالأمانة ، ونجتنب أَن نزيد فِيهِ أَو ننقص مِنْهُ تركا للخيانة ، ليعلم حَقِيقَة حَاله فِي صِحَة عقيدته فِي أصُول الدّيانَة فاسمع مَا ذكره فِي أول كِتَابه الَّذِي سَمَّاهُ بالإبانة ، فَإِنَّهُ قَالَ.**

کەوابـوو گەر ئەبو حەسەن ـی ئەشعەری الله لێی ڕازی بێت وەک باس کراوە بە عەقیدە دروستی وە عەقیدەکەی لەلایەن زانایان ورەخنەگرانەوە بەدروست دانرابێت .. ئەوا کەس نیە تانـە بات لەعەقیدەکەی تەنها کەسانی نەزان وعینادنەبێت بۆیە پێویستە عەقیدەکەی بەئەمانەتەوە وەک خۆی بگێڕینەوە بەبێ زیاد وکەم بۆئەوەی نەکەوینە ناو خیانەت ـی زانست ـی بۆئەوەی هەقیقەت ـی حاڵی ئەبو حەسەن بزانرێت **لەصەحیح بوونی عەقیدەکەی لەئصولی** دین گوێ بگرە لەوتەکـان ـی کەلەکتێبەکەیدا باسی عەقیدەی خۆی کردووە ناوی لێ ناوە **الابانە.**
— "تبيين كذب المفتري " ص (152).

بینیتان ابن عساکر بەڵگە ئەهێنێتەوە بە**کتاب ـی الابانە** بۆ ڕاست ودروست ـی عەقیدەی ئەبوحەسەن ـی ئەشعەری ئەمەش دەمکوتکەربێت بۆ هەڵۆی نەزان.

پاشـان لەشەرعدا وتەی هیچ کەسێ نابێت بەبەڵگە تابۆقسەکەی بەڵگەی نەبێت ئەوانەی ئەڵێن لەترسا تەوبەی کردووە بەڵگەتان چیـە ؟ گەر ئەڵێن ئەوەتا هەندێ لە ئەشعەریەکان خۆیان ڕەدی ئەکەنەوە تەوبەی کردبێت ئێمەش ئەڵێین تا وتەی ئەبوحەسەن ـی ئەشعەری خۆی مەوجودبێت وە تاوتەی زانایانی ئەهلی سونەت مەوجودبێت لەسەر تەوبەکەی کـاربەوتەی کەسـی ترناکەین لەکاتێکدا ئێوە ئەشعەریەکانتان پێ کافرە چۆن وتەی کافران وەرئەگرن وئەیکەن بەبەڵگە؟

• شێخ محمّدی کوڕی عَبدِ الوَهابِ لەوەڵامـی هەڵۆ وهاوشێوەکانی باسی ئەوە ئەکـات کەئەبوحەسەن ـی ئەشعەری لەسەر سونەت مردووە وەبەریئـە

لەئەشعەریەکان وەئەفەرمویٚ ئەشعەریەکان بەدرۆخۆیان داوەتە پاڵ ئەبو حەسەن ئـــەفەرموێت : **كِتابُ الإبانةِ مِن أَشهَرِ تَصانيفِ أبي الحَسَنِ...، صَرَّحَ بأنَّ عَقيدتَه في آياتِ الصِّفاتِ وأحاديثِها اعْتِقادُ أهْلِ السُّنَّةِ والجَماعةِ مِن الصَّحابةِ والتَّابِعينَ وأئِمَّةِ الدِّينِ، ولم يَحْكِ تَأويلَ الاسْتِواءِ بالاسْتيلاءِ، واليَدِ بمَعْنى النِّعْمةِ، والعَيْنِ بمَعْنى العِلمِ، إلَّاعن المُعْتَزِلةِ والجَهْميَّةِ**

كتاب ـی الابانه لەدیارترینی نوسینەکانی ئەبو حەسەنە .. کەتێدا ڕایگەیاندووە عەقیدەکەی لەبارەی ئایەتەکان ـی سیفات وفەرموودەکانی سیفات عەقیدەی ئەهلی سونەت وجەماعەت لەهاوەڵان وتابعین وپێشەوایانی دین وە باسی تەئویلـی الاستواء ـی نەکردوە بەالاستیلاء وەمانای دەست ـی تەئویل نەکردووە بۆنیعمەت وەچاوی تەئویل نەکردوە بۆزانست تەئویل ـی ئەوانەی داوەتە پاڵ موعتەزیلە وجەهمیەکان.

وصَرَّحَ أنَّه خِلافُ قَوْلِه؛ لأنَّه خِلافُ قَوْلِ أهْلِ السُّنَّةِ والجَماعةِ. ثُمَّ تَجِدُ المُنْتَسِبينَ إلى عَقيدةِ الأَشْعَرِيِّ قد صَرَّحوا في عَقائِدِهم ومُصَنَّفاتِهم مِن التَّفاسيرِ وشُروحِ الحَديثِ بالتَّأويلِ الَّذي أَنكَرَه إمامُهم، وبَيَّنَ أنَّه قَوْلُ المُعْتَزِلةِ والجَهْميَّةِ، ويَنسُبونَ هذا الاعْتِقادَ إلى الأَشْعَرِيِّ، وهو قد أَنكَرَه ورَدَّه، وأَخبَرَ أنَّه على غَيْرِ عَقيدةِ السَّلَفِ مِن الصَّحابةِ والتَّابِعينَ والأئِمَّةِ بَعْدَهم، وأنَّه على عَقيدةِ الإمامِ أَحمَدَ.

وە ئەبو حەسەن ڕایگەیاندوە کەئەو تەئویلکردنە عەقیدەی ئەونیە چونکە ئەوتەئویلکردنە پێچەوانەی وتەی ئەهلی سونەتە پاشـان ئەبینیت ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ عەقیدەی ئەشعەری لەکتێبە عەقیدەی وتەفسیرەکان وشەرح ـی فەرموودەکان ئەو تەئویلاتانە ئەکـەن کەپێشەواکەیان ئینکاری کردوە لەوتەئویلاتانە وە **ئەوتەئویلەش** ئەیەنە پاڵ ئەبوحەسەن ـی ئەشعەری لەکاتێکدا ئەو ڕەتی تەئویل ـی کردۆتەوە ئینکاری کردوە وە ڕایگەیاندوە ئەوتەئویلانە ڕێگەی سەلەف نیە لەهاوەڵان وتابعین وپێشەوایانی دین و ئەوانەی دوواتر وەڕایگەیـاندوە کەخۆی لەسەر عەقیدەی ئیمامـی احمدە.

— ((الدرر السنية في الأجوبة النجدية)) (3/ 124).

ئیمام ـی الذهب ـی ئەفەرموێت : **رَأيْتُ لأبي الحَسَنِ أرْبَعةَ تَواليفَ في الأُصولِ، يَذكُرُ فيها قَواعِدَ مَذهَبِ السَّلَفِ في الصِّفاتِ، وقالَ فيها: تُمَرُّ كما جاءَتْ، ثُمَّ قالَ: وبذلك أَقولُ، وبه أَدينُ، ولا تُؤَوَّلُ.**

چوار نوسراوی ئەبو حەسەنم بینیوە لەئصول باسی بنەماکانی مەزهەب ـی سەلەف ئەکات لەبارەی سیفات تێدا فەرموویەتی چۆن هاتوە وەک خۆی ئەوترێتەوە وەئەمە وتەی منە ودینداری پێوە ئەکەم وەتەئویل ناکرێت. — **((سير أعلام النبلاء)) (15/ 86).**

ئیمام ـی ابن كثير لە **"طبقات الشافعيين"** لەژیاننامەی أبي الحسن الأشعري ـدەفەرموێت : **قلتُ: ذكروا للشيخ أبي الحسن الأشعري، رحمه الله، ثلاثة أحوال، أولها: حال الاعتزال، التي رجع عنها لا محالة، والحال الثاني: إثبات الصفات العقلية السبعة، وهي: الحياة، والعلم، والقدرة، والإرادة، والسمع، والبصر، والكلام، وتأويل الخبرية كالوجه، واليدين، والقدم، والساق، ونحو ذلك، والحال الثالثة: إثبات ذلك كله من غير تكييف، ولا تشبيه، جريا على منوال السلف.**

ئەڵێم باسکراوە کەشێخ ئەبو حسن ـی ئەشعەری رحمه الله بەسێ حاڵەتدا تێپەڕیووە یەکەمیان موعتەزیلە بوو کەوازی هێنا حاڵەتی دووەمیان جێگیرکردنی حەوت سیفاتی الله بوو کەبریتی بون لەسیفاتی ژیان و علم و قودرەت و ویستی الله و بیستن و بینین وقسە وە تەئویلی سیفەتەکانی تری دەکرد وەک سیفەتی ڕووی پەروەردگار و دەست و قاچ وهاوشێوەی ئەوسیفەتانە قۆناغی سێهەم بریتی بوو لە اثبات کردنی هەموو ئەو سیفەتانە بەبێ چۆنیەتی و بەبێ هاوشێوە دانان واثباتکردنی لەسەر ڕێگای سەلەف.

جا ئەشاعرەکان نکۆڵی لەقۆناغی سێهەمی ابو حسن ـی ئەشعەری دەکەن ولەسەر قۆناغی دووەمی ابو حسن عەقیدەیان داناوە لەکاتێکدا بەشاهێدی گەورەزانایانی ئیسلام وکتێبەکۆتایەکانی ابو حسن ـی ئەشعەری ئیمام ابو حسن لەسەر عەقیدەی سەلەف وئەهلی سونەت وجەماعەت وەفاتی کردووە.

ئیمام ـی الالوسی لە غرائب الإغتراب ـدەفەرموێت : **الامام ابو الحسن الأشعري لأن آخر أمره الرجوع إلى ذلك المذهب الجليل بل الرجوع إلى ما عليه السلف في جميع المعتقدات.**

ئیمام ابو حسن ـی ئەشعەری لەکۆتای گەڕایەوە بۆ مەزهەبی پاکی سەلەف بەڵکو گەڕایەوە بۆمەزهەبی سەلەف لەهەموو بابەتە عەقیدەکان.

بەهەمان شێوە شێخ الاسلام ابن تیمیە ش باسی گەڕانەوەی ابو حسن ـی ئەشعەری کردوە کە لە کۆتایدا لە حەنبەلیەکانەوە عەقیدەی وەرگرتوە لە **نقض التأسيس** ـدەفەرموێت : **إنّ الأشعري وإن كان من تلامذة المعتزلة ثم تاب فإنه تلميذ الجبائي ومال إلى طريقة ابن كلاب وأخذ عن زكريا الساجي أصول الحديث بالبصرة ثمّ لما قدم بغداد أخذ عن حنبلية بغداد أمورا أخرى وذلك آخر أمره كما ذكره هو وأصحابه في كتبهم.**

کـەواتا شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمە الله ڕەتی درۆکەی هەڵۆی کردەوە ڕایگەیاند ئەبوحەسەن لەسەر عەقیدەی سەلەف مردووە وبەریئ بوە لەئەشعەریەکـان وە وتەی گەورەزانایانی سونەتمان هێنا کەشاهێدی تەوبەی ئەبوحەسەنن وە وتەی ابن عساکر کە بەڵگە ئەهێنێتەوە عەقیدەی ئەبو حسن عەقیدەیەکی صحیح بوە بەڵگەشی بۆسەحیح بونی عەقیدەکەی بەکتێب ـی الابانە هێنایەوە وە بەوتەی ئەبوحەسەن خۆی کەچۆن تەوبەی کردووە وەئەوەشمان ڕوون کردەوە کەهەڵۆ لەسەر مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵان نیە حوکم بەزاهیر وەرناگرێت وە ئەوەشمان ڕوونکـردەوە کەهەڵۆ بەوتەی زانایان ئەهلی فەتوانیە وجاهیلە ومقلدە بەبێ علم وبەڵگە تەقلید ئەکات وە کۆتا مەزهەب ـی هەڵۆ تەقلیدی وتەی هەندێ لەئەشاعیرەیە بەڵام بەبێ بەڵگە لەکاتێکدا لەلای هەڵۆ ئەشاعیرە کافرن کەچی شوێن وتەکانیان ئەکەوێت و هەواڵەکانیان قبوڵ ئەکـات بـۆیە ڕەحمەت ـی الله تعالی لەوکەسەبێت وشە بەوشەی ئەم نوسراوە ئەخوێنێتەوە چونکـە زۆربابەت ـی تێدایە کەسودی لێ ئەبینیت ان شاء الله بابەتەکە تەنها پەیوەست نیە بەئیمام ـی ئەبوحەسەن رحمە الله تعالی.

وەڵامێک بۆ هەڵۆی نەزان کەئەڵێت ئەم فەرموودەیە ابن تیمیە وەک شوێنکەوتن بۆ ابن حزم کردوویەتی بەبەڵگە بۆ عوزر بەجەهل لەهەنێ بابەتی اسماء وصفات

بەڵام بابزانین هەڵۆ ڕاستەکات ئەم تەفسیرە تەنها تەفسیری ابن حزم وابن تیمیەیە؟ وە ئایا هەڵۆ ڕاستەکات کەتەفسیری سەحیح بۆ ئەو فەرموودەیە ئەوەیە کەئەو پیاوە ترسەکەی بۆی بوو بەعوزر؟

وەڵامـێک بۆ هەڵۆی نەزان کەئەڵێت ئەم فەرموودەیـە ابن تیمیه وەک شوێنکەوتن بۆ ابن حزم کردوویەتی بەبەڵگـە بۆ عوزر بەجەهل لەهەنێ بابەتی اسماء وصفات بەڵام بابزانین هەڵۆ ڕاستەکـات ئەم تەفسیرە تەنها تەفسیری ابن حزم وابن تیمیەیە ؟ وە ئایا هەڵۆ ڕاستەکـات کەتەفسیری سەحیح بۆ ئەو فەرموودەیـە ئەوەیە کەئەو پیاوە ترسەکەی بۆی بوو بەعوزر؟

سەرەتـا فەرموودەکە ئەهێنین :
پێغەمبەر ﷺ بەسەرهاتی پیاوێ دەگێڕێتەوە کە ئەم پیاوە هێندە تاوانی زۆر بـوو وەسێت ـی بۆمنداڵەکانی کرد وتی گەر مردم ئەوا بمسوتێنن و خوڵەکەم بەن بەدەم شەپۆلی با ودەریاوە چونکە خۆ ئـەگەر الله بتوانێ زیندووم کاتەوە سـزایەک سزام ئەیات سزای کەس ـی نەیابێت بۆیە کوڕەکان ـی وەسێتەکەیان جێ بەجێکرد کاتێ لەقیامەت ـدا الله لێی ئەپرسێ بۆچی واتکرد پیاوەکە دەڵێت لەترس ـی تۆ ئەی پەروەردگارم الله ـش بەوهۆیەوە لێی خۆشەبێت.

جائێمە وەک هەڵۆ خیـانەتی علمی ناکەین بڵێین تەنها یـەک تەفسیر هەیە بۆئەم فەرموودە بەڵـکو هەموو تەفسیرەکان ئەهێنین تائەم ڕووی جەهلی ئەم نەزانە پیشانتان بەین کەچۆن بەدڵی خۆی دەستکاری فەتوای زانایان ئەکات وای پیشان ئەیـات تەفسیری عوزردان بەجەهل لەوفەرموودە تەنها وتەی ابن حزم وابن تیمیەیە.

ئیمام ـی النووي رحمە الله هەموو تەفسیرەکانی هێناوە ئەفەرموێت : **اختلف العلماء في تأويل هذا الحديث: فقالت طائفة: لا يصح حمل هذا على أنه أراد نفي قدرة الله، فإن الشَّاكَّ في قدرة الله تعالى كافر، وقد قال في آخر الحديث: إنه إنما فعل هذا من خشية الله تعالى، والكافر لا يخشى الله تعالى، ولا يغفر له، قال هؤلاء: فيكون له تأويلان:**

زانایان لەتەفسیری ئەم فەرموودە ڕاجیاوازن:
١ - کۆمەڵێک وتویانە نابێت فەرموودەکە بەوشێوە تەفسیربکرێت کەئەم پیاوە نەفی دەسەڵاتی الله تعالى بکات وە هەندێکی تر فەرموویـانە ئەم کـارەی لەترسی الله تعالى کردووە وەکەسی کافریش لەالله ناترسێ والله لێی خۆش نابێت جائەمانە

ئه‌ڵێن دوو ته‌فسیری هه‌یـه‌ یـه‌كه‌م مانای **[لئن قدر]** ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر الله بڕیاری سزای له‌سه‌رم سه‌پاندبێت.
٢ - ته‌فسیری دووه‌م ئه‌وه‌یه كه وشه‌ی "قَدَرَ" به‌واتای لێم توند بكاته‌وه وه‌كچۆن له‌قورئان هاتوه الله ئه‌فه‌رموێت : ﴿ **فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ** ﴾

واتـا : بژێوی ژیانی لێ ته‌سك كردووه.

وه ته‌فسیركردنی وشه‌ی **(قدر)** به‌وشێوه‌ی یه‌كێكه له‌وته‌فسیرانه‌ی بۆ باسه‌كه‌ی یونس علیه السلام كـراوه كه الله ئه‌فه‌رموێت : ﴿ **فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ** ﴾

واتا : گومانی وابوو كه‌له‌ناوسكی حوته‌كه شوێنی لێ ته‌نگ ناكه‌ین.

واتـا لای ئه‌م زانایانه وشه‌ی **(لئن قدر الله)** به‌واتای ئه‌وه دێت گه‌رالله بڕیاری سزام له‌سه‌ر بسه‌پێنێ یان به‌واتای ته‌نگكردنه‌وه له‌سه‌ری دێت.

ڕه‌دكـردنه‌وه‌ی ئه‌وته‌فسیره:

ئه‌م وتـه‌یـه‌ گۆڕین وده‌ستكاریكردنی له‌فزی فه‌رمووده‌كه‌یه شێخ ـی ئیسلام به‌ته‌حریف ـی ده‌ق ناوی بردوه وئه‌فه‌رموێت له **مجموع الفتاوى (11/410)** : له ته‌حریف كردنی ده‌قه‌كان وگۆڕینی ماناكانی ئه‌وه‌یه ئه‌م پیاوه ئه‌وكاره‌ی كـرد تا ده‌سه‌ڵاتی الله زاڵنه‌بێت به‌سه‌رزیندووكـردنه‌وه‌یدا خۆئه‌گه‌ر بڕوای به‌ته‌واوی قودره‌تی الله هه‌بوایه ئه‌م كاره‌ی نه‌ئه‌كرد چونكـه هیچ سودێكی پێناگه‌یه‌نێت (چونكه گه‌ر یه‌قینی هه‌بوایه به‌وشێوه‌ش الله زیندووی ئه‌كـاته‌وه ئه‌وكاره‌ی نه‌ئه‌كـرد).

شـێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه ئـه‌فه‌رموووێت : **من تأول قوله: (لئن قدر الله علي) بمعنى (قضى) أو بمعنى (ضيق) فقد أبعد النجعة وحرف الكلم عن مواضعه، فإنه إنما أمر بتحريقه وتفريقه؛ لئلا يجمع ويعاد.**

ئه‌وكه‌سـه‌ی ته‌ئویلی لئن قدر الله علی بكات به‌واتای ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر الله بڕیاری سزام له‌سه‌ر بسه‌پێنێت یان به‌واتای توندكردنه‌وه ئه‌وا دووركه‌وتۆته‌وه له‌واتای وشه‌كه و

مانای وشەکەی لەشوێنی خۆی گۆڕیوه چونکه ئەم پیاوه بۆیه فەرمانی کرد کەبیسوتێنن تا زیندوونەکرێتەوه وبەشەکانی جەستەی کۆنەکرێتەوه.

ئیمام ـ ی نەوەوی ئەفەرموێت : **وقالت طائفة: اللفظ على ظاهره، ولكن قاله هذا الرجل وهو غير ضابط لكلامه، ولا قاصد لحقيقة معناه، ومعتقد لها، بل قاله في حالة غلب عليه فيها الدهش والخوف وشدة الجزع، بحيث ذهب تيقُّظه وتدبُّرُ ما يقوله، فصار في معنى الغافل والناسي، وهذه الحالة لا يؤاخذ فيها،**

٢ - هەنێکی تر وتویانه لەفزی فەرموودەکه لەسەر ڕووکەشەکەی تەفسیر ئەکرێت بەڵام ئەم پیاوه کەئەم قسەیەی کرد ئاگای لەڕێکخستنی وشەکانی زمانی نەبوو مەبەستی هەقیقەتی وشەکه نەبوو بەڵکو لەحاڵەتی زاڵبونی ترسانی لەالله تعالى ئەوقسەی کرد چونکەترسەکەی هێنده زۆربوو هۆشی لای خۆی نەبوه وشەکانی زمانی ڕێکنەخستوه وئاگای لێ نەبوه کەچی ئەڵێت بۆیه حاڵی وەک حاڵی ئەوکەسەیه کەبێ ئاگایه یان لەحاڵەتی لەبیرچونەوەدایه.

• ئەم حاڵەتەش لێی ناگیرێت.

هەڵۆ ئەم تەفسیرەی هەڵبژاردوه ئەمەش هەڵەیه لەبەرچەند هۆکارێک ئەوکەسەی ئەڵێت ئەم پیاوه ئاگای لەقسەکانی خۆی نەبوه ونەیزانیوه چی ئەڵێت وەڵامی ئەم قسەش ئەوەیه ئەمه تەئویل کردنه بەبێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی چونکه فەرموودەکه ئەفەرمووێت (**فغفر الله له**) الله تعالى لێی خۆش بوو.

وه لێخۆشبونیش بۆکارێک دێته ئاراوه کەبەئەنقەست بکرێت بەویستی خۆی بیکات وبەئەقڵی خۆی بیکات نەک کەسەکه لەحاڵەتێ بێت تەکلیفی شەرعی لەسەرنەبێت بۆنمونه منداڵ تەکلیفی شەرعی لەسەرنیه کاتێ تاوانێ ئەکات ناوترێ الله لێی خۆشبوو بەڵکو هەر تەکلیفی لەسەر نیه تابەتاوان بۆی بنوسرێت و دواتر الله لێی خۆش بێت جائەم پیاوەش گەر لەحاڵەتی بێ ئاگایدا بوایه ئەوا هەرلێپرسینەوەی لەگەڵ نەئەکرا تا الله لێی خۆش بێت کەواتە ئەم پیاوه ئاگای لەخۆی بوه وەزانیویەتی چی ئەڵێت.

وەکـە الله لێی ئەپرسێت بۆچی وات کـرد لەوەڵامدا ئەڵێت (خشيتك) لەترسی تۆ وامکـرد ناڵێت ئاگام لەخۆم نەبوو نەمزانی چیم وتوە کـەواتا زانیویەتی چی ئەڵێت بەڵام وایزانیوە ئەوکارە بکات ڕزگاری ئەبێت والله ناتوانێ زیندووی بـکاتەوە.

شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله تعالى ئەفـەرموێت : **فهذا الرجل ظن أن الله لا يقدر عليه إذا تفرق هذا التفرق، فظن أنه لا يعيده إذا صار كذلك، وكل واحد من إنكار قدرة الله تعالى وإنكار معاد الأبدان وإن تفرقت كفر، لكنه مع إيمانه بالله وإيمانه بأمره وخشيته منه جاهل بذلك، ضال في هذا الظن مخطئ، فغفر الله له ذلك.**

ئەم پیاوە گومانی وابوو الله ناتوانێ زیندووی بکاتەوە گەر جەستەی پارچەپارچـە بکرێت وای گوومان برد گەروابکات زیندوونابێتەوە وەهەریەکێ لەمانە ئینکاریکردنی لەقودرەتی الله تعالى و ئینکاریکردنی لەکۆکردنەوەی جەستەی وزیندووکردنەوەی کـوفرە بەڵام بەهۆی ئیمان بونی بە الله تعالـى وبەفەرمانەکانی الله تعالى وترسانی لەالله تعالى بەڵام جاهل بـوو بەقودرەتی الله تعالى لەم گومانەی سەرلێشواو وهەڵەبوو الله ـش لێی خۆشبوو.

وە ئەفـەرموێت : **والحديث صريح في أن الرجل طمع أن لا يعيده إذا فعل ذلك، وأدنى ذلك أن يكون شاكاً في المعاد، وذلك كفر إذا قامت حجة النبوة على منكره.**

فەرموودەکـە صەڕیحە لەسەرئەوەی ئەم پیاوە ئومێدی وابوو گەروای لێ بکرێت زیندوونەکـرێتەوە وەکەمترین حاڵی ئەوەیە گومانی لەزیندووبونەوەی بوو ئەمەش کوفرە ئەگەر ئیقامە حوجە لەسەر نکۆڵیکاربکرێت.

لەخوارتر ڕوونی ئەکەینەوە کەگومان بونی لەزیندووبونەوە وقودرەتی الله تعالى لەئەصلی زیندووبونەوە نەبوە بەڵکو لەکەمال ـی قودرەتی الله تعالى گومانی هەبوە لەکەمالی زیندووکردنەوە گومانی هەبوە.

وقالت طائفة: هذا من مجاز كلام العرب وبديع استعمالها، يسمُّونَه مزج الشَّكِّ باليقين، كقوله تعالى: {وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى} سبأ: 24 فصورته صورة شكٍّ، والمراد به اليقين.

٣ - كۆمەڵێكی دیكەی زانایان فەرموویانە ئەمە لەمەجازی زمانی عەرەبە ئەم شێوازە دەربڕینە لە جوانی زمانی عەرەبییە كەپێی ئەوترێ دەربڕینی قسە بەشێوەی گومان بەڵام بەیەقینیەوە ئەیڵێت.

وەک ئەو ئایەتەی الله فەرموویەتی : ﴿ **وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى** ﴾

واتا : بێگومان ئێمە یان ئێوە لەسەر ڕێنموونی ڕاستین یان لە گومڕاییەكی ئاشكرادان.

زاهیری وشەكە لەگومان ئەچێت چونكە ئەڵێ بێگومان ئێمە یـــان ئێوە لەسەر هەق وهیدایەتین لەكاتێكدا گومانی لەوەنیە كەخۆی لەسەر هەقە وكافرانیش لەسەر باطلن بەڵام وشەی (یان) شێوازی گومان دەرئەخات لەڕووكەشدا.

• **دیسان ئەم بۆچونەش هەڵەیە** چونكە وەک ابن تیمیە فەرمووی گەر یەقینی هەبوایە كەبەوحاڵەتە زیندووبكرێتەوە ئەوا سودی چی بوو كەبڵێت بمسوتێنن وخۆڵەمێشەكەم بلاوبكەنەوە.

وقالت طائفة: هذا الرجل جهل صفة من صفات الله تعالى، وقد اختلف العلماء في تكفير جاهل الصفة.. وقال آخرون: لا يكفر بجهل الصفة، ولا يخرج به عن اسم الإيمان بخلاف جحدها..

٤ - وەكۆمەڵێكی تر وتویانە ئەم پیاوە جاهل بوە بەسیفەتێک لەسیفەتەكانی الله تعالی وە زانایانیش ڕاجیاوازن لەسەرتەكفیركردنی ئەوكەسەی جاهل بێت بەسیفەت .. بەشێ لەزانایان وتویانە كافرنابێت بەجاهل بون بەسیفەت وە لەناوی ئیمان دەرناچێت بەپێچەوانەی ئەوكەسەی كەبەعلمەوە نكوڵی لێ ئەكات. (دوواتر وتەی زانایانی سەلەف ئەهێنین كەزانایانی سەلەف ئەم فەرموودەیان كـردۆتە بەڵگە بۆ عوزردان بەجاهل ـی سیفات ئـایا هەڵۆی احمق تەكفیری ئەو زانایانە ئەكات كەعوزریان داوە بەجاهلی سیفات ؟)

وقالت طائفة: كان هذا الرجل في زمن فترة حين ينفع مجرَّدُ التوحيد، ولا تكليف قبل

ورود الشرع على المذهب الصحيح؛ لقوله تعالى: {وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا}

٥ - هەنێکی تر وتویانە ئەم پیاوە لەسەردەمی فەترە بوە واتا نەگەشتوە بەهیچ پێغەمبەرێک وە لەسەردەمی فەترە تەنها تەوحید سود بەخاوەنەکەی ئەگەیەنێت وە هیچ تەکلیفێکی شەرعی لەسەر نیە پێش هاتنی شەرع بۆی لەسەر وتەی صەحیح چونکە الله ئەفەرموێت : **ئێمە سزا نادەین تاپێغەمبەریان بۆئەنێرین.**

• بەپێی ئەم بۆچونە مرۆڤ گەرجاهلیش بێت بەئەسماء وصیفات بەموەحیدی ئەمێنێتەوە خۆگەر جاهل بونەکەی عوزری تێدانەبوایە نەیان ئەفەرموو تەوحیدەکەی سودی پێگەیـاندووە وە گەر جاهل بونەکەی عوزر نەبوایە ئەوا لای الله بەکافر دائەنرا وەالله ـ ش لەکافرخۆشنابێت وەئەهلی فەترەش تاقی ئەکرێنەوە ئەم پیاوە لەفەرموودەکە نەهاتوە تاقی بکرێتەوە بۆیـە لەئەهلی فەترە نیە.

وقالت طائفة: يجوز أنه كان في زمن شرعهم فيه جواز العفو عن الكافر بخلاف شرعنا.

٦ - هەنێکی تر لەزانایان وتویانە ئەکرێت لەشەرعی ئەوکەسـەدا الله لەکافریش خۆش بێت بەپێچەوانەی شەرعی ئێمە. — **شرح صحيح مسلم (71/17-72).**

• **ئەم بـۆچونەش باطلە** چونکـە لەهەموو شەریعەتەکـان کافر بۆدۆزەخە بەهەمیشەیی ولێخۆشبونی بۆنیە وەالله تعالى کەدۆزەخ ـ دروست کرد بۆهەموو کافران دروست ـ کرد نەک تەنها بۆکافران ـ سەردەمی پێغەمبەر ﷺ پاشان گەر لەشەرعەکانی تر الله لەکافران خۆش بوبێ بۆچی پێغەمبەرانی بۆناردوون ؟ کەکـافریش بچێتە بەهەشتەوە ئیتر هاتنی پێغەمبەران بۆچیە ؟ سودی گوێڕایەڵی پێغەمبەران چی ئەبێت لەکاتێکدا دووژمنانی پێغەمبەرانیش هەربچنە بەهەشتەوە ؟ بـۆیە ئەمە قسەیەکی زۆر باطل ـە کەتەوحید گۆڕانکاری بەسەردانایەت لەهیچ شەریعەتێک وە الله تعالى فەرموویەتی : { **إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ** }

واتا : الله تعالـى لەشـیرک خۆش نابێت.

كەواتـا ئێستا بابزانین بۆچی الله تعالی لێی خۆش بوو وەئایا لەوحەوت تەفسیرەی زانایان كامەی ڕاستە وموافقی قورئان وسونەتە ؟

ئیمام ى الخطابی ئەفـەرموێت : **فيُقال: إنه ليس بمنكرٍ للبعث، إنما هو رجل جاهل ظنَّ أنه إذا فعل به هذا الصنيع تُرِكَ فلم يُنشر ولم يُعذَّب، ألا تراه يقول: «فجمعه، فقال: لِمَ فعلت ذلك؟ فقال: من خشيتك»، فقد تبيَّن أنه رجل مؤمنٌ بالله، فعل ما فعل من خشية الله إذا بعثه إلا أنه جهل، فحسب أن هذه الحيلة تنجيه مما يخافه.**

ئەوترێت ئەم كەسە نكۆڵی لەزیندووبونەوە نەكرد بەڵكو كەسێكی جاهل بـوو وای زانی ئەگەر بەوشێوەیـە بسوتێنرێت وببێت بەخۆڵەمێش الله ناتوانێ بەوشێوەیە زیندووی كاتەوە ئایا نابینیت كەلەفەرمووەدەكە هاتوە (كاتێ الله تعالی بەشەكانی جەستەی ئەم پیاوە كۆ ئەكـاتەوە وزیندووی ئەكاتەوە پێیەڵێت بۆچی واتكرد ؟ ئەڵێت لەترسـی تۆ) بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەم پیاوە بڕوای بەالله بوە وەلەترسی الله ئەم كارەی كردوە بەڵام جاهل بوە وایزانیوە بەوشێوە ڕزگاری ئەبێ.

واتـا ئەم پیاوە گومانی لەئەصلی دەسەڵاتی الله نەبووە گومانی لەزیندووبونەوە نەبوە بەڵـكو گومانی لەكەمالی دەسەڵاتی الله هەبوە جاهل بوە بەكەمالی دەسەڵاتی الله واتـا ئەم پیاوە ئەیزانی گەر بمرێ الله زیندووی ئەكـاتەوە بەڵام نەیزانی گەرببێت بەخۆڵەمێشیش الله هەر زیندووی ئەكـاتەوە.

وە ئەم تەفسیرەش بـۆچوونی زانایانی سەلەفـە بۆیە فەرموویانە جەهل بەسیفات عوزرە ئەمە تەفسیری ابن حزم وابن تیمیە نیـە بەتەنها ئەی هەڵۆی جاهل.

ئیمام ابن قتیبة رحمە الله ـدەفەرموێت : **(قد يغلط في بعض الصفات قوم من المسلمين، فلا يكفرون بذلك). — ((شرح مسلم)) للنووي (٥/ ٥٩٨ - ٥٩٩).**

كەسانێ لەموسڵمانان هەڵە دەكەن لەهەنێ سیفاتی الله تعالی بەوە كـــافرنـــابن.

ئیمام شافعی رحمە الله ـدەفەرموێت : لله تعالی ناو وسیفاتی هەیە جائیزنیە هیچ كەسێ ڕەدی بكاتەوە هەركەسێ پێچەوانەی بكا لەپاش ئیقامە حوجە ئەوا كافرە بەڵام

پێش ئیقامە حوجە عوزری بۆهەیە بەنەزانین. — **((فتح الباري)) (١٣/ ٤٠٧).**

پـاشان الحافظ ابن عبد البر هەمان شتی فەرمووە رحمه الله : **و أما جهل هذا الرجل المذكور في هذا الحديث بصفة من صفات الله في علمه وقدرته، فليس ذلك بمخرجه من الإيمان....**
جاهل بـونی ئەم پیاوەی کەباسکرا لەم فەرموودەیەدا کەجاهل بوو بەسیفەتێ لەسیفاتەکانی الله لە زانست و هێزی الله ئەوە ئەم جاهل بونەی لەئیمان دەری نـاکـات....

ئایا نابینیت عمری کوڕی خطاب و عمران ـی کوڕی حصین وکۆمەڵی لەهاوەڵان پرسیاریان لەپێغەمبەر ﷺ کرد لەبارەی قـەدەر وە زانراویشە کاتێ ئەوان پرسیاریان لەپێغەمبەر ﷺ کرد خۆیان نەیان دەزانـی وە هیچ ڕەوانیە لەلای هیچ موسڵمانێك بڵێت هاوەڵان بەو پرسیارکردنەیان کـافر بونە یان لەکاتی پرسیارکردنەکەدا ئیماندارنەبونە..

لیث گێڕاویەتیەوە لەابی قـبیل لەشفی الاصبحی لەعبدالله ـی کوڕی عەمری کوڕی عاص کەباسی فەرموودەی قەدەر دەکات و دەفەرموێت : هاوەڵانی پێغەمـبەر ﷺ وتیان بۆچی کردەوە بـکەین مادام لەقەدەردا هەمو شتێ بڕاوەتەوە؟ ئائەوانە هاوەڵی پێغەمبەربون ﷺ وەزانا وچاکەکانی ئومەت بون پرسیاریان لەبارەی قەدەرەوە کرد پرسیاری کەسێکی نەزان کەبیەوێ خۆی فێربکات نەك پرسیارکردنێکی بۆملکەچ نەبون وعینادی کردن جا پێغەمـبەر ﷺ فێری کردن ئەوەی کەپێی جاهیل بـون وە ئەو جاهیل بونەشیان زیانی پێ نەگەیاندن پێش ئەوەی بیزانن ئەگەر جـاهل بون نەبوایە لەهیچ کاتێ لەکاتەکاندا ئەوە لەدوای ئەو پرسیارەوە پێغەمبەر ﷺ داوای ئەوەی فێری کردن داوای لێ دەکردن شەهادە بهێننەوە بۆ ئەوەی ببنەوە بەموسڵمان. — **(التمهيد 18/46،47.).**

بەقـسەی هەڵۆبێت هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کـافرن و بەڵکو کوفریش ئەیاتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ و عوزری یاوە بەهاوەڵان وەبەقسەی هەڵۆ ئەو زانایانەش هەموویـان کافرن وە هەڵۆ ئامادەیە پێچەوانەی سەڕیحی سونەت بکات تەنها بۆئەوەی تەکـفیری زانایـان وموەحیدان بکات لەسەر ئەم بابەتە.

عمومیەك ئەڵێت ئەڵێت ئەبوعلی ئەنباری باسی هەموو کوفرەکانی ئەلبانی ئەکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێت من لەکاتی باسکردنی ئەلبانی ڕەحمەت نانێرم بۆئەلبانی ئەمەش واتای ئەوەنیە بەکافری بزانم

وەڵامـێ بۆ تازە عومومیەک پێت ئـەڵێم ئەم شوبهەیەی تازە گەیشتوە بەتۆ پێش چەندین ساڵ وەڵاممان یاوەتەوە نەک دەستەوەستاو مابین لەئاستی وەڵامـدانەوە ...

وهڵامـێ بۆ تازه عومیـهک پێت ئـهڵێم ئهم شـوبهەیەى تازه گەیشتوه بەتۆ پێش چەندین ساڵ وەڵامان یاوەتەوە نەک دەستەوەستاو مابین لەئاستی وەڵامـدانەوە بـەڵام هیچ شتێ تازەتان پێ نیـه کەشـتی سەد بارە دائەنێنەوە لەکاتێکدا وەڵام ـدراونەتەوە بـۆیە ناکرێت هەرکەسێکتان ببێت بەعومومی وحەمدانی ئەو شتە دووبارانە پۆست کات ئێمەش وەڵامەکانمان دووبارەکەیـنەوە بـەڵام هەر بـۆ دەم داخستن وبڕینی زمان درێژیـان وەڵامـی ئەم شوبهەیـە ئەیەینەوە.

١ - ئەڵێت ئەبوعلی ئەنباری باسی هەموو کوفرەکانی ئەلبانی ئەکات لەگەڵ ئەوەشـدا ئەڵێت من لەکاتی باسکردنی ئەلبـانی ڕەحمەت نانێرم بـۆئەلبانی ئەمەش واتای ئەوەنیـە بەکافری بـزانم.

لەوەڵامـدائەڵێم ئەم وتەی شێخ چەند واتایەک هەڵئەگرێت:

واتای یەکـەم / شێخ ئەنباری ئەوقسانە بۆکەسانێ ئەکات وپێیان ئەڵێت کەباسی عەقیدەی ئەلبانیم بـۆکردن ئێوەش لاتان سەیرنابێت کەمن بۆچی ڕەحمەت ـی بۆنانێرم واتـا بۆکەسانێ قسە ئەکات کەحاڵی ئەلبانی نازانن و ئەلبانی وەک ئیمامێک سـەیرئەکەن ئەگیـنا شێخ نەی ئەفەرموو لەدوای قسەکانم لێم تێ ئەگەن کەبـۆچی ڕەحمەتی بۆنانێرم واتـا ئسلوبی دەعوەکەی بەوشێوە گەیاندووە تا گوێگرەکان تاکۆتای گوێی لێ بگـرن وخۆیان بپارێزن لەعەقیدەی ئەلبانی ولایان سەیرنەبێت کەبـۆچی شێخ ئەنباری ڕەحمـەت نانێرێ بـۆئەلبانی.

پـاشان کەئەفەرموێت : واتای ئەوەنیـە من بەکافری بزانم.

ئەمەسێ لێکدانەوەلەخۆئەگرێت:

یەکـەم / تەکـفیر لەلای زانایانی نەجدی وابن تیمیە دووجۆرە تەکـفیری اسم لەگەڵ تەکـفیری تعذیب تەکـفیری اسم ئەوەیە کەسـەکە پێش ئیقامە حوجە بەموشـریک حساب ئەکەیت بەڵام تەکـفیری بەواتای کافری معذب بۆ دوای ئیقامە حوجەکـافر ئەبێت .

ئەمەش هەمان ئەوشتەیـە کەشێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ئەیفەرموو الشیخ محمد بن عبد الوهاب رحمە الله ئەفەرمووێت : **((فجنس هؤلاء المشركين وأمثالهم**

ممن يعبد الأولياء والصالحين نحكم بأنهم مشركون ونرى كفرهم إذا قامت عليهم الحجة.

هاوشێوەی ئەو موشـریکان وئەوانەی پیاوچاکان ئەپەرستن**حوکـمیان بەسەردەدەین** کەئەوانە مووشـریکن وە بەکافریان ئەزانین ئەگەر ئیقامە حوجەیان بکرێت.
— الدرر السنية (1/ 515 , 522).

کەواتـا پێش ئیقامە حوجە شێخ حوکمیان لەسەر دەدات کەموشریکن لەدوونیادا بەڵام ناڵێت کـافرن بەو واتایەی لەقیامەت بۆدۆزەخن چونکە تاقی ئەکرێنەوە لەقیامەت لەبەرئەوەی لەدوونیا ئیقامە حوجە نەکـراون بـەڵام دوای ئیقامە حوجە فەرمووی کـافرن واتـا حوکم لەسەر قیامەتیشیان دەدات بەدۆزەخ ـی بون بـەڵام پێش ئیقامە حوجە بەموشـریکیان ئەزانێت.

ئەم زانابەڕێزانە کاتێ وتیان تەکفیرناکەین تا دوای ئیقامە حوجە مانای ئەوەنیە پێش ئیقامـە حوجە بەموسڵمـانی دەزانن.

کـورەکان ـی شیخ محمد بن عبد الوهاب وشـیخ حمد بن ناصر لە **"الدرر [10/ 136 - 138]"** ـدەفەرموون لەوەڵامی پرسیارێکدا : **إذا كان يعمل بالكفر والشرك لجهله أو عدم من ينبهه لا نحكم بكفره حتى تقام عليه الحجة، ولكن لا نحكم بأنه مسلم، بل نقول عمله هذا كفر يبيح المال والدم، وإن كنا لا نحكم على هذا الشخص لعدم قيام الحجة عليه، ولا يقال؛ إن لم يكن كافرا فهو مسلم.**

ئەگەر کـار بەشیرکـ وکوفر بکات بەهۆی نەزانیەوە یان کەسـێ نەبوبێت ئاگاداری کاتەوە لەوشـیرکە ئەوا ئێـمە حوکم نادەین بەکـافربونی تائیقـامە حوجە ئەکرێت بــــەڵام حوکمیش نادەین بەموسڵمان بونی بەڵکو ئەڵێین ئەم کارەی کردوویەتی کوفرە وخوێن وماڵی حەڵاڵ ئەکات ئەگەر چی حوکم نادەین بەسەر خودی کەسەکە بەهۆی ئیقامە حوجە نەکردنیەوە بــەڵام ناشڵێین ئەگەر کافرنەبـوو کەواتا موسڵمانە نەخێر حوکم بەموسڵمان بونیشی نادەین .

کەواتـا لێرەوە تێگەشتین تەکـفیر دوای ئیقامە حوجە لای نەجدیەکان بۆحوکمی قیامەتە بەڵام پێش ئیقامە حوجەش ناڵێن موسـڵمانە بەڵکو وەکـ شێخ محمد فەرمووی حوکمی لەسەر دەدەین کەموشـریکە.

کەواتـا ئەکـرێ شێخ ئەنباری مەبەستی ئەوەبێت کەئەڵێت ئەلبانی بەکافرنازانم مەبەسـتی ئەوەنیە بە موسڵمانی بـزانێت بـەڵکو واتـا کافرێکی معذب نیـە بەوواتایەی تەکفیری تعذیب ـی ناکات وواتا حوکم لەسەر قیامەتەکەی نادات وەک چۆن زانایانی نەجدی وایـان کردووە چونکە ئیقامە حوجە نەکـراوە.

تەفسیری دووەم/ شێخ ئەنباری خۆی گێڕاویەتیەوە کەشـێخ ئەبو موصعەب ـی زەرقـاوی فەرمانی کردوە کەبۆئەوەی خەڵکانێ کەتازە یەنە ناو دەولەوە هەقیقەتی شتەکـان نازانن ڕاستەوخۆ باسی کوفری زاناکانی ال سعود نەکـرێت لەلایان ئەمەش واتای ئەوەنیە زاناکان بەموسڵمان دابنرێت بـەڵکو تەصرڕیح نەدرێت بـەکوفرەکانیان لەپێش ئەو گەنجانەی کەتازەن و هەقیقەت شتەکان نازانن.

بـۆیە ئەکرێ شیخ ئەنباریش کەئەفەرموێت ڕەحمەت نەناردنم واتای ئەوەنیـە من کافری بـزانم بەوە لێک ئەدرێتەوە کەدوورنیـە شـێخ مەبەستی ئەوەبێت بۆمەسڵەحەت ـی تێگەیاندن ـی ئەوخەڵکە وای وتوەبەڵام مەبەستی ئەوەیە کەوا شەرع سەرچاوەی تەکـفیرکردنی ئەلبانیە نەک خودی ئەمە حوکمێکی داهێنراوی من بێت.

بـۆنمونە :
کەسێ ئەڵێت ئێوە تەکفیری جەهمی کووڕی صفوان ئەکەن تۆش ئەڵی ئێمە تەکـفیری ناکەین شەرع تەکـفیری ئەکـات لێرەدا تۆمەبەستت ئەوەنـیە جەهمت پێ موسـڵمان بێت بەڵـکوو مەبەستت ئەوەیـە سەرچاوەی تەکـفیرکردنەکەی جەهم شەرعە نەک عەقڵی ئێمە بـۆیە ئەم شێوازە قسە لەشوێنی جیا جیا بەومەبەستەئەوترێ تا کەسی گوێگر ڕانەکات لەقـبوڵکردنی هەقەکـە.

لێکدانــەوەی سێهەم/ گریمـان شیخ ئەنباری ئەلبانیش بەموسڵمان بزانێت بـەڵام شێخ ئەنباری ئەفەرموێت ئەلبانی جەهمیـە کەواتـا ئەلبانی کێشەکەی تەنها لایەنی

عەقیدەی بوە لەعەقیدە جەهمی بوە وە جەهمیەکانیش لەلای سەلەف دوای ئیقامەحوجە تەکفیر ئەکرێن بۆیە شێخ ئەنباری بڕوای وابووە ئەلبانی جەهمیە بەڵام چونکە ئیقامە حوجە نەکراوە تەکفیرناکرێت چونکە سەلەف بێ ئیقامە حوجە تەکفیری جەهمیەکانیان نەئەکرد وەک چۆن ئیمام احمد بەخەلیفە جەهمیەکانی ئەوت ئەمیری باوەڕداران ووەکچۆن ابن ابی عاصم ئیجماع نەقڵ ئەکات وئیمام ی بخاری لەخلق افعال عباد باسی ئیقامە حوجە بۆجەهمیەکان ئەکات وە ئیمام ی شافعی کەجەهمیەکان دووای ئیقامە حوجە کافرن کەواتا شێخ ئەنباری بڕوای وابوە ئەلبانی جەهمیەکە ئیقامە حوجەنەکراوە بۆیە تەکفیری ناکات لێرە بۆ درێژنەبوونەوە وتەکان دانانێم.

پاشان ئایا کەسێکی وەک شێخ ئەنباری تەفسیری هەبێ بۆتەکفیرنەکردنی کەسێکی وەک ئەلبانی ئایا ئەبێت لەخۆتەوە ڕاستەوخۆ بڵێی شێخ ئەنباری کافرە چونکە ئەلبانی تەکفیرناکات ؟؟ بێگومان نەخێر بەڵگەشمان خیلافی نێوان هاوەڵان بوو لەسەر تەکفیری هەنێ لەمونافیقەکان.

قال تعالى : ﴿ **فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ وَاللَّهُ أَرْكَسَهُمْ بِمَا كَسَبُوا أَتُرِيدُونَ أَنْ تَهْدُوا مَنْ أَضَلَّ اللَّهُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا** *﴾

واتا : چیتانە (ئەی بڕواداران) سەبارەت بەو دووڕووانە بونەتە دوو دەستە؟ بۆ بەتێکڕا بڕیاری کافربونیان نایەن خۆ الله ژێرەو ژووری کردوون و بەکافر دایناون، چونکە چاک ئەیانناسێ، کەوابوو ئێوەش دوودڵ مەبن بەرامبەریان و بشزانن کە کافرن و تۆڵەیان هەر کوشتنە ئاخۆ کەسێک الله گومڕای کردبێت، ئێوە دەتانەوێ ڕێی ڕاستی نیشان بدەن ؟! خۆ دیارە هەرکەسێک الله خۆی گومڕای بکات، هەرگیز ناتوانیت هیچ ڕێگەیەک بۆ دەربازبوونی بدۆزیتەوە.

ئیمامی مجاهد لەهۆکاری دابەزین ئەم ئایەتە ئەفەرموێت : **نزلت في قوم خرجوا من أهل مكة حتى أتوا المدينة يزعمون أنهم مهاجرون فارتدوا واستأذنوا النبي - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - في الرجوع إلى مكة ليأتوا ببضائع، فاختلف فيهم المؤمنون، ففرقة تقول إنهم منافقون وفرقة تقول هم مؤمنون فبين الله - عَزَّ وَجَلَّ - نفاقهم.**

ئەم ئایەتە لەسەرئەوانـە دابەزی کەلەمەککە دەرچوون تاگەشتنە مەدینە وبەگومانی خۆیان هیجرەتیـان کـرد بۆمەدینە بەڵام مورتەد بونەوە ومۆڵەتیان خواست لەپێغەمبەر ﷺ کەبگەڕێنەوە بۆمەککە بۆئەوەی شت ومەکەکانیان بهێنن بۆمەدینە هەربۆیە باوەڕداران **خـــیلاف** (ڕاجیاوازیان) بۆدروست بوو لەسەر ئەم کەسانە کۆمەڵێ لەباوەڕداران وتیان ئەمانە مونافقـن وکۆمەڵێ تر لەباوەڕداران وتیان ئەمانەش ئیماندارن بەڵام الله بۆهەردوو کۆمەڵە ئیماندارەکەی ڕونکردەوە کـەئەوکۆمەڵەیە واهاتون بۆمەدینە ئەو کۆمەڵە مونافقن.
— المحرر في أسباب النزول (1/ 414).

ئەبینیت الله تعالی تەکفیری ئەو کۆمەڵەیەی نەکـرد کەبەو مونافیقانەیان وتبوو ئیماندار وە الله ئایەتی دابەزاند کەهەق بەوانەیە کەتەکفیری مونافقەکانیان کردووە کەواتا بەدەقی ئایەت ئەوکەسـەی مورتەدێ تەکفیرناکات دوای ڕوونکـردنەوە تەکـفیرئەکرێت.

دووەم/ بەڵـگە لەئیجماعـی صحابە.
ئیمامی عومەر گومانی هەبوو لەتەکفیرکردنی مانع ـی زەکات بەئەبو بکری فەرموو تۆ چۆن ئەجەنگیت دژ کەسانێ کەئەڵێن لا اله الا الله بەڵام ئەبـوبکری صدیق یەکسەر تەکفیری ئیمام عومەر نەکرد بەڵکو بۆی ڕونکردەوە تائیمام عومەریش هاتە سەر بۆچونەکەی ئیمامی ابو بەکر. **— النسائي واخرجه مسلم وبخاري.**

کەواتـا ئەوەی بڵێت شێخ ئەنباری کافرە چونکە ئەلبانی تەکـفیرنەکـردووە لەگوێ درێژی ماڵـەکەی جاهل تـرە بەدین وە مولزەم ئەبـێت بەوەی تەکـفیری هاوەڵانیش بکات چونکە یەکەم قسەکەی شێخ ئەنباری زۆر سەڕیح نیـە وزیاتر لەمانایـەک لەخۆی ئەگـرێ هەر قسەیەکیش زیاتر لەمانایـەک لەخۆبگرێت تەکـفیری لەسەر ناکـرێت.

وەک ئیمام ـی أهل السنة أحمد بن حنبل رحمه الله تعالی پرسیاری لێکـرا : کەسێ گوێی لەپیاوێک دەبێت کەئەوپیاوە بانگ ئەیـات وە گوێی لێ دەبێت کەسی بانگ بێژ دەڵێت (اشهد ان محمد رسول الله) ئەم کابرا گوێگرەش دەڵێت درۆدەکـەی ئایا بەم قـسە کافردەبێت؟

ئیمام فەرمووی نەخـێر چونکە لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت بانگبێژەکە ڕاستگۆنیە لەوتنی محمد رسول الله نەک مەبەستی ئەوەبێ محمد رسول الله نیە.

— بدائع الفوائد (843/4-844)، المؤلف: محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي أبو عبد الله.

کەواتـاهەروشـەیە مانایـە زیاتر هەڵبگرێ تەکـفیری لەسـەرناکـرێت.

٢ - دەنگیەکی شیخ ترکی هێناوە کەڕەحمەت ئەنێرێ بۆئەلبـانی ئەو دەنگیە کۆنە هی پێش هیـجرەتکـردنی شێخ ترکی ـە وە شێخ کەهیجرەت ـی کرد بۆناو دەولە بەتەواوەتی چوە سـەر مەنهەجی فەرمی دەولە کەنەک ڕەحمـەت بەڵـکو دەولە خوێندنەوەی کتێب ـی ئەو بەناو زانایانەی قەدەغەکـردووە چی بگات بەوەی ڕەحمـەتیان بـۆبنێرێت لەناو دەولـەوە ئەمەش دیسان جەهل وحەماقەتی ئەم حەمدانی وعمومیـانەیە کەجیاوازی نێوان کات وشـوێن ناکەن بـۆ وتەی کەسەکان.

جاهلێـكی عمومـی هاتوه تەكـفیری شێـخ ئەنباری ئەكـات لەسەر ئەوەی شێـخ ئەنباری فەرموویـەتـی زەوی گۆییە

ئەم عمومیە جاهلە ئەڵێت هەموو سەلەف كۆدەنگن لەسەرئەوەی زەوی تەختە وگۆیی نیە بۆیە ئەنباری كافرە چونكە پێچەوانەی ئیجماعی كردووە ...

جاهلێـكی عومومـی هاتوه تەكـفیری شـێخ ئەنباری ئەكـات لەسەر ئەوەی شـێخ ئەنباری فەرموویەتی زەوی گۆییە ئەم عومیـە جاهلە ئەڵێت هەموو سـەلەف كۆدەنگن لەسـەرئەوەی زەوی تەختە وگۆیی نیە بۆیە ئەنباری كـافرە چونكـە پێچەوانەی ئیجمـاعی كـردووە:

لەوەڵامـدا ئەڵێم :

١ - بابەت ـی زەوی تەختە یان گۆییە بـابەتێكی ڕاجیاواز لەسـەرە لەنێوان ئەهلی سـونەت وتەنانەت لەناو سـەلەفیش بـەڵام ئایا وتەی كام زانا ڕاسـتە ئەمەیان بابەتێكـی ترە ئێرە شوێن باسكردنی نیـە ئەوە نیـە.

٢ - كەبـابەتێک خیلافـی تێدابێت ئەوە بۆچونی بـەرامبەر بەكوفر دانانرێت بـەڵكـو هەردوولا ئیجماعیان نەقـڵ كردووە ئەوەی كەئەڵێت زەوی تەختە وئەوەشـی ئەڵێت زەوی گۆییە هەردوولا ئیجماعیان نەقـڵكردووە كەواتـا ئیجماعەكەی هەردوولا هەڵەیـە وسەحیح نیـە چونكە دووبۆچونی جیاوازە وئیجماعەكە سەحیح نیـە وە هەردولا تێگەشـتنیان بۆ دەقەكـان جیاوازە هیچ لایـەكیان ئایەتێ یان فەرموودەیـەكی بەدرۆ نەزانیوە بـەڵام تەفسیریان بـۆئایەتەكە جیاوازبـوە.

پـاشـان سەلماندنی ئەوەی بابەتی زەوی گۆییە بـۆچونێكە لەناو سەلەف بـەڵكو لەسەلەف ئیجماع ـی نەقڵ كردووە لەسەر ئەم بـابەتە ئیمام ـی أبو الحسين أحمد بن جعفر بن المنادي لە256 هیجری لەدایكبوە لەساڵی 336 وەفاتی كـردوە فـەرموویـەتی : **خلاف بين العلماء أن السماء على مثال الكرة ... وكذلك أجمعوا على أن الأرض بجميع حركاتها من البر والبحر مثل الكرة.**

ڕاجیـاوازی نیـە لەنێوان زانایان كەئاسمـان لەشێوەی گۆی ـدایـە .. وەبەهەمان شێوە كـۆڕان لەسەر ئەوەی زەوی بەهەموو جوڵەكانیەوە لەوشكانی ودەریایی وەک شێوەی گۆییە.

شیخ الإسلام ابن تيمية لەبارەی ئەم زانا بەڕێزە فـەرموویەتی : **الإمام أبو الحسين أحمد بن جعفر بن المنادي من أعيان العلماء المشهورين بمعرفة الآثار والتصانيف الكبار في فنون العلوم الدينية من الطبقة الثانية من أصحاب أحمد.**

ئیمام ـی ابو الحسین احمد بن جعفر بن المنادی لەزانا ناودارەكان ناسراوە بەشارەزایی لەئەثەر ونوسراوە گـەورەكان لەبابەتە شـەرعیەكان لەچینی دوووەم ـی هاوەڵانی ئیمام ـی احمدە.

سـەرچاوەی هەردوو وتەكە : — **(مجموع الفتاوى) (25/195).**

كـەواتا ئەم عمومیـه حەمدانیـانه ئەبێت تەكـفیری ئەم زاناگەورەیـەی سەلەف بكەن وتەكـفیری هەموو زاناكانی سەردەمی ئەم زانایـە بكەن چونكە تەكفیری ئەم زانایەیان نەكـردووە لەسەر ئەم وتەیـەی یـانیش ئەبێت تەوبـە بكەن لەتەكفیری شێخ ئەنباری چونكـە جیاوازی لەكوفردا نیـە گەر شتێ كوفر بێت هەركەس بیڵێت كافرە بـەڵام ئەمە دەرخەری جەهل وحەماقـەتی ئەم كۆمـەڵە دەرچویە لەسونەت كەجیاوازی ناكـەن لەبابەتێ كەزیاد لە تەفسیرێ هەڵ ئەگـرێت لەگەڵ بابەتێـك كەقەطعیە وتەنها یـەك تەفسیر هەڵ ئەگـرێت.

وتەی زانایـان لەسەر ئەوەی كەس كافرنابێت چی بڵێت زەوی گۆییـە یان بڵێت تەختە

١ - ئیمام ـی ابن عطیة الاندلسي كەبڕوای وایە زەوی تەختە لەگەڵ ئەوەشدا ئەفەرمویٚ ئەوەی بڵێ گۆییە دینەكەی كەم ناكـات لە لەتەفسیری سورة ـی الغاشیة : **والقول بكرويتها وإن كان لا ينقص ركنا من أركان الشرع، فهو قول لا يثبته علماء الشرع.**

— (المحرر الوجيز/ 5/ ص 475)..

وتنی زەوی گۆییە گەرچی ڕوكنێك لەڕووكنەكـانی ئیسلامەتی كەسەكە كام ناكاتەوە بەڵام وتەیـەكە شەرع پاڵپشت ـی لێ ناكـات وجێگری نـاكـات.

٢ - هەردوو ئیمام جلال الدين محمد بن أحمد المحلي (864هـ) وجلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي (911هـ) كـەبڕوایان وایە زەوی تەختە بـەڵام تەكـفیری ئەوكەسـە ناكەن بڵێ زەوی گۆییە لەتەفسیری الجلالین لەڕاڤەی ئـایەت ـی ﴿ وَإِلَى

الْأَرْض كَيْف سُطِحَتْ ﴾ ئەفەرموون : **وقوله سُطِحَتْ ظَاهِر فِي أَنَّ الْأَرْض سَطْح . وَعَلَيْهِ عُلَمَاء الشَّرْع لَا كُرَة كَمَا قَالَهُ أَهْل الْهَيْئَة وَإِنْ لَمْ يَنْقُض رُكْنًا مِنْ أركان الشرع.**

الله تعالی کەفەرمووی زەوی بۆتەخت کردوون بەڵگەی ئەوەیە زەوی تەختە وە زانایان ـی شەرع لەسەر ئەم بۆچونەن وەزەوی خڕ وگۆیی نیە وەک فەلەکناسەکان ئەڵێن گۆییە گەرچـی ئەوقسەیە ڕوکنێکی شەرع هەڵناوەشێنێتەوە (بەڵام وتەی دروست ئەوەیە کەزەوی تەختە). **— تفسير الجلالين.**

یـانی هەرئەو زانایانەی وتویانە زەوی تەختە دژی ئەوە وەستاونەتەوە تەکـفیری ئەوکەسـە بکرێت کەئەڵێت زەوی گۆییە چونکە گەر لەسـەر ئەوە تەکفیر ئەنجام بدرێت ئەوا ئەبێت زانایانی سەدەی سێهەم ـی سەلەف هەمووی تەکـفیر بکرێت چونکە تەکفیری ابن المنادى یان نەکـرد کەئیجماعی نەقڵ کرد بەناوی سەلەفەوە فەرمووی زەوی گۆییە لای زانایان جائەوەشـی تەکفیری سەلەف کات ئەوا حاڵی ڕوونە گەر نەشوێرێ تەکـفیریان کات ئەوا لەگەڵ عەقیدەکەی خۆی درۆزنە.

عوميـەكان وەک عەلمانيـەكانن حـوكمی الله ئەگۆڕن ئەڵێن ئەم حـوكمە بۆئەم سـەردەمە ناشێت

بۆیە ئەبینیت پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم وهاوەڵان هیچ نوێژخوێنیکیان تەکفیرنەکردووە کاتێ کوفری لێ دەرنەکەوتایە بەڵام عومیەکان ئەڵێن ئەوەی نوێژیش بکات وکوفریشمان لێ نەبینی بێت هەرکافرە تا عەقیدەی وەک خۆمان نەبێت ...

عوموميەكان وەک عەلمانيەكانن حوكمی الله ئەگۆڕن ئەڵێن ئەم حوكمە بۆئەم سەردەمە ناشێت بۆيە ئەبينيت پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵان هيچ نوێژخوێنيكيان تەكفيرنەكردووە كاتێ كوفری لێ دەرنەكەوتايە بەڵام عوموميەكان ئەڵێن ئەوەی نوێژيش بكات وكوفريشمان لێ نەبينی بێت هەركافرە تا عەقيدەی وەک خۆمان نەبێت.

ئەم قسەی عوموميەكان پێچەوانەی مەنهەجی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانە يزيد ئەفەرموێت وتم بەئەنەس ـی كوڕی ماليک : **إن ناساً يشهدون علينا بالشرك، فقال: أولئك شر الخليقة، سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: بين العبد والشرك أو الكفر ترك الصلاة من تركها فقد كفر.**

خەڵكانێ ئێمە بەموشريک ناوئەبەن ئەنەس فەرمووی ئەوانە خراپترين دروستكراوی الله تعالى ـن بيستم لەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەيفەرموو نێوان بەندەی موسڵمان و شيرک وكوفر وازهێنانە لەنوێژ ئەوەی واز لەنوێژ بێنێت كافرەبێت.
ــــ الابانه باب تارك الصلاة والزكاة.

كەواتا لەمەنهەجی هاوەڵان ئەوەی نوێژبكات وكوفری نەبێت موسڵمانە ئەوەشی نوێژ خوێنێ تەكفيربكات بەبێ ئەوەی هيچ كوفرێكی لەونوێژ خوێنە بينی بێت ئەوكەسە لەخراپترين دروستكراوانی الله ـيە كەچی عوموميەكان ئەڵێن ئەم حوكمە بەسەرچوە تايبەت بوە بەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ لەمڕۆدا ئەوەی نوێژيش بكات هەربەكافر حسابە تەنانەت گەر كوفريشی نەبێت كاتێ خەڵک بەموسڵمان ئەزانين كەوا عەقيدەی وەكو خۆمان بێت !

عوموميەكان ڕازی نابن بەحوكمی نێردراوەكەی الله تعالى كەفەرمويەتی ﷺ : **من صلى صلاتنا واستقبل قبلتنا وأكل ذبيحتنا فذلك المسلم الذي له ذمة الله وذمة رسوله، فلا تخفروا الله في ذمته.**

ئەوەی وەكو ئێمە نوێژبكات و ڕوو لەقيبلەمان بكات وسەربڕاوی دەستمان بخوات ئەوكەسە موسڵمانە پەيمانی الله وپێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم ـی لەگەردنە

کـەواتا ناپاکـی لەو پەیمانەی الله تعالی مەکەن دەرهەق بەو موسڵمانە . **— رواه البخاري.**

کەچی عومومیەکان ئەهلی قیبلە تەکفیر ئـەکەن بەبێ بینینی هیچ کوفرێ خوێن وماڵیشی حەڵاڵ ئەکەن وخیانەت لەپەیمانی الله تعالی ئەکـەن.

أبو عبید ئەفەرموێـت : أبو معاوية له الأعمش له أبي سفيان ـەوە فەرموویەتی : **جاورت مع جابراً بن عبد الله بمكة ستة أشهر فسأله رجل: هل كنتم تسمون أحداً من أهل القبلة كافراً؟ فقال: معاذ الله! قال: فهل تسمونه مشركاً؟ قال: لا.**

شەش مانگـ لە مەککە لای جابری کوڕی عبـدالله بووم پرسـیارم لێـکرد وتم ئایا ئێوە ناوی هیچ یەکێـک لەئەهلی قیبـلە دەنێن کـافر ؟ جابر فەرمووی پـەنا بە الله وتم ئەی پێیان ئەڵێن موشـریکـ ؟ فەرمووی نەخـێر. **— الايمان ابو عبيد.**

ئیمام ابو عبید قاسم بن سلام ـدەفەرمووێـت لە **پەڕەی34 : (ولا يجب اسم الكفر والشرك الذي تزول به أحكام الإسلام ويلحق صاحبه بردة إلا كلمة الكفر خاصة دون غيرها، وبذلك جاءت الآثار مفسرة).**

دروسـت نیە ناوی کوفر وشـیرکی گەورە کەخاوەنەکەی لەئیسـلام دەردەکات ومورتەدی دەکاتەوە لەئـیسلام بدرێتە پاڵ ئەهلی قیبلە ئـیلا بەوتنی وشـەی کوفری (گەورە یان کرداری کوفری گەورە) نەبێت هەروەکـ چۆن ئاثـار لەم بارەیەوە هاتوە.

لەسەردەم سەلەف کوفری جەهمی بەربڵاوبوو هەروەها قەدەری وڕافیزە وموعتەزیلە هەبون ئەهلی سونەت کەم بون تەنانەت ئیمام ـی بربهاری کاتێ وەفات ئەکات دوو کەسـی سونی نوێژی لەسەرئەکەن کەچی لەکتاب السنە کەیدا ئەفەرموێت (بۆت نیە هیچ کەسێ لەئەهلی قیبلە تەکفیربکەی تاکوفرێ ئاشکرای لێ ئەبینیت) کەواتا ئەگەر بەقسەی عومومیەکان بێت ئەبـوو ئیمام بەربهاری بڵێت بۆت نیە کەس بەموسڵمان بزانیت لەم سەردەمەدا تاموخالەفەی هەموو مورتەدەکان ئەکات وتەکفیری جەهمی وموعتەزیلی وقەدەری و ڕافیزی و فەیلەسوفەکان ئەکـات

بەڵام بەپێچـەوانەوە ئیمام فەرمووی تاکوفر نەبینی بۆت نیە تەکفیربکەیت بـۆزانیاریشتان سونەکەی بەربەهاری ئیجماعی سەلەفە چونکە خۆی ئەفەرمویَ ئەوەی لەخاڵێکی ئەم کتێبە لابات ئەوا مبتدع وگومڕایە.

وەڵامێك بەخێرایی با
بۆعمومیەك لەهیچ تێناگا

هەڵوەشانەوەی یەک بەیەکی قسە وکۆمێنت وپۆستەکانی بەیارمەتی وفەزڵی الله تعالی زۆر گرنگە ئەی ئەوکەسەی طالب علم یت ئەبێت وەڵامانە لەبەر بکەیت نەک تەنها بەچاو سەیری کەیت.

وەلامێك بەخێرایی با بۆعومیەك لەهیچ تێناگا

هەڵوەشانەوەی یەک بەیەکی قسە وکۆمێنت وپۆستەکانی بەیارمەتی وفەزڵی الله تعالی زۆر گرنگە ئەی ئەوکەسەی طالب علم یت ئەبێت وەڵامانە لەبەر بکەیت نەک تەنها بەچاو سەیری کەیت.

سەرەتا لەوەوە دەست پێ ئەکەم ئەم نەزانە عومیە کۆمێنتێکی بۆنوسیوم بەم شێوەیە ئەڵێت : (هەی جاهیل بە بابەتی یەمامەش گەڕی خۆ بەدەیان دەلیل هەن کەئەبێی دار الكفر ئەهلەکەی کافر بکرێ بەو قسەیەت پشت کرد لە سەلەف شوێن خەلەف کەوتیت پیاویشبە کۆمێنت ڕەش مەکەوە ابو ئیسحاق دەڵێ لە هەر دارێك کوفر ئەغلەب بوو وە ئەهلی سونە لاوازبوون ئەو دارە ناوی لێ دەنرێ داری کوفر وە واجبە ئەهلی دارەکە بکوژرێ و جەنگیان لەگەڵ بکرێ وە هەر کەسێك نیشتەجێبێ لە دارێکی وادا ئەوە کافرە ئیلا ئەوەی تەوحیدی لێ دەبینرێ قال ابن رجب الحنبلي: الأصل في دار الإسلام الإسلام.) قسەکەی تەواو بوو.

لەوەڵامـدا ئەڵێم :

١ - سەرەتا سەیرم لەوە یەت بەابو اسحاق ئەڵێی سەلەف بەڵام ئەو وتەی تۆ مەبەستتە وهێناوتەتەوە وتەی ابو اسحاق ـی صفار بخاری ـە کە لەساڵی534 هیجری وەفاتی کردووە لەسەلەف نیە وعەقیدە ماتریدیە وحەنەفی مەزهەب ـە.

٢ - پاشان درۆ بەناوی ابو اسحاق ئەکەیت ئەڵێی وتویەتی : (لە هەر دارێك کوفر ئەغلەب بوو وە ئەهلی سونە لاوازبوون ئەو دارە ناوی لێ دەنرێ داری کوفر وە واجبە ئەهلی دارەکە بکوژرێ و جەنگیان لەگەڵ بکرێ وە هەر کەسێك نیشتەجێبێ لە دارێکی وادا ئەوە کافرە ئیلا ئەوەی **تەوحیدی** لێ دەبینرێ).

لەوەڵامـدا ئەڵێم لەکۆتایدا وتەکەی ابواسحاق دائەنێم کەشت ـی وای نەوتوە بەڵام عەیبە مرۆڤ هێنە جاهل بێت درۆبەدەم زاناکانەوە بکات لەکۆتایدا دای ئەنێم کەابو

اسحاق نەیوتوە تاتەوحیدی لێ ئەبینرێت پاشان گەر واش بڵێت ئایا ئەزانیت تەوحید لەلای ماتریدی وئەشاعیرەش بریتیە لەتەئویل ی سیفات کەواتا تۆ استدلال بەوتەی کەسێ ئەکەیت کەتەوحید لەلای ئەو بریتیە لەتەئویل ی سیفات ! واتا گەر بەوقسەی تۆبێت ئێستا تۆکافری لەلای ابو اسحاق تائەو کاتەی تەوحیدت لێ ببینێت وئەو تەوحیدەش لەلای ابو اسحاق بریتیە لەعەقیدەی ماتریدی وئەشاعیرە ! واتا ئێستا یان ئەبێت خۆت بەڕائەت بکەیت لەو عەقیدەیە یان خۆشت بەکافری دەرەچیت چونکە ئیقرار بەتەوحیدێک ئەکەیت کەلەلای خاوەنەکەی بریتیە لە تەئویل ی سیفات واتا تۆتەوحیدت نیە لەلای ابو اسحاق تانەبیت بەماتریدی وئەشعەری ! هەر ئەوکتێبە بخوێنەوە کەوتەکەت بەکۆپی کراوی هێناوە تابزانیت عەقیدەی ماتریدی چیە و هەربۆنمونە لەوکتێبە کەوتەکەیت نەقڵکردوە لەبەشی **"فی الایمان بالله"** ئەڵێت :
ليس الله بشبح فيقال أين هو.

الله تعالی شتێک نیە لەشوێنێک بێت تابڵێی الله لەکوێیە ! دەیان قسەی هاوشێوەی ئەمە ئێرە شوێنی ئەوبابەتە نیە تەنها ویستم بزانیت تەوحید لەلای ابو اسحاق ئەوەیە.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە پێت وایە ابو اسحاق لەسەلەفە بەمن ئەڵێی گەر کاربەقسەی ابو اسحاق نەکەم ئەوا پشتم لەسەلەف کردووە ! وشوێن خەلەف کەوتوم ! وەک نوسیویوتە (پشت کرد لە سەلەف شوێن خەلەف کەوتیت پیاویشبە کۆمێنت ڕەش مەکەوە ابو ئیسحاق دەڵێ لە هەر دارێك كوفر ئەغلەب...).

لەوەڵامـدا ئەڵێم : ناهەقیشت ناگرم عەقیدەیەک لەکۆپی پەیست ی ئەم سایت وئەو پەیج وەرگیرابێت هەر وەک تۆی لێدەرەچێت وائەزانیت ئەوەی ناوی اسحاق ی پێوە بوو ئەوە لەسەلەفە.

٣ - پاشـان ئەڵێی لەبابەتی یەمامە گـەڕێ.
لەوەڵامـدا ئەڵێم : نەخێر لێی ناگەڕێم شتێکت کردۆتە بەڵگە بەبەڵگە ڕەدم یایتەوە وسەلماندم ئەوە نابێت بەبەڵگە بۆحوکم نەیان بەشەعائیر ئێستاش فەرموو بیسەلمێنە بابەتی یەمامە بەڵگەیە بۆحوکم نەیان بەشەعائر ئادەی لەکوێدا بەڵگەی ئەوەی تێدایە شەعائیر بەحوکمی ئیسلام نەزانرێت ؟؟!

٤ - پاشان یەمە سەر وتەکەی ابن اسحاق ـی ماتریدی و ئەوقاعیدەیەی کـە زانایان ئەفەرموون حوکم بەپێی غالب ئەدرێت غالب لێرەدا ڕێژەی بیرکاری نیە بڵێی سەدا 51 غالبە یان سەدا 70 غالبە ئیتر تەواو حوکمـی تەکفیر بەسەر هەموو خەڵک ئەیـەین ئەوە لوتکەی جەهلی ئێوەیە بەرامـبەر بەوقاعیدە شەرعیە.

زانایان کەفەرموویانە حوکم بەپێی غالب ئەدرێت هەرخۆیان ڕوونیان کردۆتەوە کەغالب واتای چیە بابگەڕێینەوە بۆوتەی زاناکان خۆیان نەبەعەقڵی من نەبـەعەقڵی تۆ بازاناکان خۆیان ڕوونی بکەنەوە ئەفەرموون : **الحكم ينبني على العام الغالب دون الشاذ النادر. — الفروق ٤/١٠٤.**

حوکم لەسەربنەمای گشتی زاڵ ئەدرێت نەک حاڵەتە دەگمەن وشازەکـان.

کەواتـا کەئەفەرموون غالب واتای ڕێژە بیرکاریە بیدعیەکەی تۆنیە بڵێی لەسـەدا ئەوەندە ئیتر بەزۆرینە دائەنرێت ئەو جۆرە تێگەشتنە بۆزۆرینە کەوائەزانێت لەسەدا 50 کردی بەسەرەوە ئیتر بەحوکمی زۆرینە دائەنرێت ئەمە مەفهومی دیمووکراسیەتە بـۆ دەرهێنانی یاسا نەک مەفهومی زانایانی ئیسـلام.

بەڵکو زانایان ـی ئیسلام کەفەرمویانە غالب واتا موسڵمان بەدەگـمەن لەو وڵاتە ئەبینرێت بەجۆرێک بونی موسڵمان لەو وڵاتە وەک حاڵەتێکێ شاز و دەگمەن وایـە واتا بەپێوەرە بیرکاریـەکەی تۆبێت بەواتای سەدا 99 پۆین 9 بەو واتایە فەرموویانە چونکە دەگمـەن وەک نەبوو وایـە حساب ـی نەبووی بۆ ئەکرێت.

کەواتا زانایان وشەی غالب لەبەرامبەر شاذ ونادر [دەگـمەن بەکارئەهێنن نەک مەبەستیان ڕێژەی زۆرینە بەعیبارەتی بیرکاری بێت].

بڕووانە ئیمام ـی ابن قدامة ـی حەنبەلی لە **المغني 2/249** ئەفەرموێت : **ما كان في غاية الندرة فحكمـــه حكـــم المعـــدوم.**

ئەوەی **کەلەوپـــەڕی** دەگمەن بوندایە ئەوا حوکمەکەی وەکو نەبوو حسابی بۆئەکرێت.

کەواتا کەوتویانە تاک ئەبەسترێتەوە بەغالب چونکە غالبەکە لەوێدا بەرامبەر دەگمەنە واتا دەگمـەن موسڵمان هەیە لەوشوێنە.

ابن تيمية لە شرح العمدة ص510 ئەفـەرموێت : **الأصل إلحـاق الفرد بالأعم الأغلب دون النادر.**
ئەصل بریتیت لەلکاندنی تاک بـەزۆرینەی گشتی نەک بەدەگمـەن.

کەواتـا ئێستا تێگەشتین زۆرینە لەلای زانایـان مەبەست پێی ڕێژەی سەدا 51 نیـە بەڵکو مەبەستیان پێی ئەوەیە موسڵمان هێندە دەگەمەن بێت وەک بڵێی بـوونی نەبێت لەو وڵاتـەدا.

ئیمام ـی ابن القيم لە **زاد المعاد 5/421** ئەفـەرموێت : **الأحكام إنما هي للغالب الكثير والنادر في حكم المعدوم.**
حوکم بەپێی زۆرینەی زاڵە دەگمـەن حوکمەکەی وەکو نەبـوو وایـە .

کەواتا هەرکات لەوڵاتی ئێمە موەحید وموسڵمان دەگمـەن بوو وەک نەجەف وکەربەلا ئـەوکاتە ئێمەش ئەڵێین ئەصل لەم خاکە کـوفرە تا کەسێک ئیسلامی لێ ئەبینین واتـا هەرکات موسڵمان دەگمەن بـوو بەجۆرێک وەک ئەوەی موسڵمان هەرنەمابێت ئەوکاتە حوکمی عام ئەدرێت.

بـەڵام کوردستان وتورکیا وسوریا دەیان وسەدان هەزاران موسڵمان ـی ئەهلی قیبلەن هەن وکوفریان لێ دەرنەکەوتوە وبەدەیـان هەزاران نوێژ خوێن هەن کوفریان لێ نەبینراوە ئیتر چۆن بڵێین لەکوردستان وتورکیـا وسوریا موسڵمـان هێندە دەگمەنە وەک بڵێی موسڵمانـی تێدانەمابێت بۆیە تەکفیری عام ئەکەیـن ! ئەم قسە پێچەوانەی عەقڵ ونەقـڵ و واقیع ـە چونکە ئەوقـاعیدەیـە کەزانایان باسیان کردووە بـۆکاتێکە موسڵمان هێندە دەگمەن بێت وەک بڵێی هەربـوونی نیە.

جا لەهەمووی گـرنگتر کەحوکمی عام ئەدرێت زانایـان نەیان فەرمووە کەحوکمی عام ـدرا ئەوا کەسێ شەعائیریشی لێ ببینرێت بەموسڵمان دانانرێت بـەڵکو زاناکان تەنها

باسی ئەوەیان کردووە کەچی کاتێ حوکمی عام ئەدرێت بەسەر مەجهول ـدا واتا نەیانفەرمووە کەحوکمی عام ـدرا بۆت نیە کەس بەنوێژ بەموسڵمان بزانیت بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرنگە حوکمدان تێکەڵ نەکەیت لەگەڵ ئەوەی بەچی شتێک بەموسڵمانیان بزانیت واتا حوکمدان بەتەکفیر لەبەرئەوەی عامەی خەڵکەکە مورتەدن و دەگمەن موسڵمانی تێدایە بەجۆرێک موسڵمان نادر وشاذە لەو وڵاتە مانای ئەوەنیە ئەگەر شەعائیریشت بینی هەرتەکفیری بکەیت نەخێر مانای ئەمە نیە ئێستا وتەی ابو اسحاق یش دائەنێم تا سیحرەکەیان بەجوانی بەتاڵ بێتەوە.

ئەمەش وتەکەی ابن اسحاق ـی ماتریدی لە **تلخيص الأدلة 2/735** دوای ئەوەی باسی ئەوە ئەکات کەبەپێی ئەو قاعیدە شەرعیە حوکم بۆ غالب ـە و نادر وشاذ (دەگمەن وەک نەبوو وایە بۆیە حوکمی عام ئەدرێت) ئەفەرمووێت : **وكل من يوجد في تلك الدار فهـــو كافر إلا من ظهر الإسلام منه بيقين.**

هەرکەسێ لەو وڵاتە بێت ئەوا کافرە **تەنهاکەسێ نەبێت کەئیسلامی لێدەرکەوتبێت بەیەقین.**

کەواتا کاتێ حوکمی عام ـدرا ئەوا هەرکەس ئیسلامی لێ بینرا بەموسڵمان دائەنرێت کەنوێژ وشهادتین گەورەترین دروشمی ئیسلامە ابو اسحاق نەیوت تاتەوحیدی لێ ئەبینیت خۆ ئەگەر بشی وتایە تاتەوحیدی لێ ئەبینیت ئەوا کارەساتەکە گەورەتر ئەبوو چونکە لەلای ابو اسحاق تەوحید بریتیە لەعەقیدەی ئەشاعیرە وماتریدی و تەئویل ـی سیفاتەکانی الله تعالى !

بەڵکو ابو اسحاق وتی تائیسلامی لێ ئەبینیت هیچ مەرجێ تری زیادنەکرد بێگومان شهادتین ونوێژ دیارترین دروشمی ئیسلامە هەرکەس بڵێت شهادتین ونوێژ ئیسلام نیە ئەوا نکوڵی لەو دوو دروشمە دیارەی ئیسلام کردووە.

کەواتا ئێستا تێگەشتین حوکمدان بەتەکفیری عام کاتێ موسڵمان دەگمەنە جیاوازە لەوەی تۆ بڵێی من کەس بەموسڵمان نازانم تاعەقیدەی لێ ئەبینم چونکە زانایان تەنها وتویانە لەکاتی غالب بوونی کوفر و دەگمەن بونی موسڵمان ئەوا تاکی نەناسراو

بەغالب ئەبەستریتەوە نەیان فەرمووە ئەو کەسەش موسڵمان نیە کەکوفری نیە ونوێژەکات تا عەقیدەی لێ ئەبینرێت ئەمە داهێنانی خۆت ە زیادتر کردوە بۆ وتەی زاناکان ئەگینا دەلیلێکم بەرێ سەلەف سەرەڕای بەربڵاوی کوفری جەهمیەت وڕافیزە وموعتەزیلە وتبێتیان کەس بەبینینی نوێژ بەموسڵمان دانانرێت تاوەکو بەڕائەت لەو عەقیدە کوفریانە ئەکات شتی وات دەست ناکەوێت.

بەڵکو بەپێچەوانەوە ئیمام ـی بربهاری لە **كتاب السنه** کەیدا ئەفەرموێت : (بۆت نیە هیچ کەسێ لەئەهلی قیبلە تەکفیربکەی تاکوفرێ ئاشکرای لێ ئەبینیت).

کەواتا ئەگەر بەقسەی تۆبێت ئەبوو ئیمام بەربهاری بڵێت بۆت نیە کەس بەموسڵمان بزانیت لەم سەردەمەدا تاموخالەفەی هەموو مورتەدەکان ئەکات وتەکفیری جەهمی وموعتەزیلی وقەدەری و ڕافیزی و فەیلەسوفەکان ئەکات بەڵام بەپێچەوانەوە ئیمام فەرمووی تاکوفر نەبینی بۆت نیە تەکفیربکەیت بۆزانیاریشتان سونەکەی بەربەهاری ئیجماعی سەلەفە چونکە خۆی ئەفەرموێ ئەوەی لەخاڵێکی ئەم کتێبە لابات ئەوا مبتدع وگومڕایە لەکاتێکدا ئەهلی گومڕایی وکوفر لەوسەردەمە بەهەموویانەوە زیاتربوون لەئەهلی سوننەت.

٥ - ئەو وتەیەی ابن رجب ـیش کەهێناوتە ئەصل لەداری ئیسلام ئیسلامە پەیوەندی بەبابەتەکەوە نیە هەرلەپۆستی خۆشم دەرتهێناوە کەڕەدی هەڵۆم یاوەتەوە لەبابەت ـی ئەحکام ـی دارەکان کەتێدا نوسیم ئەصل لەداری ئیسلام ئیسلامە ولەدار کوفری ئەصلی کوفرە ولەدارکوفری طارئ بەپێی حاڵەت ـی خەڵکەکە حوکمەکەی ئەگۆڕێت.

٦ - پۆستێکت کردووە ئایەتێکت هێناوەتەوە ئەڵێیت ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر تەکفیرکردنی هەموو خەڵکی بابچینە سەر ئایەتەکە کەبەڵگەیە لەدژی تۆنەک بەڵگەبێت بەدەستەوە.

قال الله تعالى : ﴿ وَلَوْلَا أَن يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِالرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴾

واتا : ئەگەر لەبەر ئەوە نەبا کە خەڵکی هەموو ببن بە یەک گەلی کافر ئـەوا ئەوەندە ماڵ و سامانمان ئەیا بەو کەسەی کە باوەڕی بەالله ـی بە بەزەیی نەبوایە کەسەقف ـی خانووەکانیان لە زیو بوایە پلەو قادرمەی زێڕمان بۆ دادەنان تا پێی سەرکەون.

کەواتـا الله تعالی بۆیە وای نەکردووە تا خەڵک بەیەکجار هەموویان تێکڕا کافرنەبن کەواتـا حیکمەتی الله تعالـی لەوەی کـەوا ماڵێکی زۆر نایات بەکافران بۆئەوەیە هەموو خەڵک نەبن بـەکافر جاگەر هەموو خەڵک کـافربن کەواتا الله تعالی حیکمەتی خۆی لەم ئایـەتەدا باس نەئەکرد چونکە الله باس لەوە ئەکات کەحیکمەتی خۆی لەپێنەدانی مال وسامـان بەکافران بۆئەوەیـە هەموو خەڵک نەبن بەکافر جاگەر خەڵک هەموو کـافربن کەواتا تۆ طەعنت لە حیکمەتی الله ـداوە و مەبەستی ئایەتەکەت هەڵوەشاندەوە والعياذ بالله.

حەسەن ـی بەصری لەتەفسیری ئەم ئایەتە فـەرموویەتی : **لولا أن يكون الناس كفارا أجمعون, يميلون إلى الدنيا لجعل الله تبارك وتعالى الذي قال.**

ئـەگەر لەبەر ئەوە نەبا هەموو خەڵک ببن بەکافر بەهۆی مەیل بونیان بـۆدوونیا ئەوا الله تعالی دوونیایی بەوشێوە ئەیا بەکافران. — **تەفسیری طەبەری.**

کەواتا کە الله دوونیایی بەوشێوە نەیاوە بەکافران بۆئەوەی خەڵک هەموویان کافرنەبن بەهۆی ماڵی دوونیاوە خۆگەر خەڵک هەمووی کافربێت بەبێ ئەوەی الله دوونیاش بات بەکافران ئەوا الله تعالی وەکو حیکمـەت ـی خۆی باسی ئەو هۆکارەی نەئەکرد کەبەهۆیەوە بەوشێوازە ماڵ نایات بەکافـران کـەواتا هەرئەم ئایەتە بەڵگەیـەلەدژت کەحیکمەت ـی الله وائەخوازێ دوونیا بەوشێوە نەیا بەکافران تاخەڵک هەموویان بەهۆی ماڵی دوونیاوە هەموویان نەبن بـەکافر گەر خەڵک هەموو کافربان ئەوا الله تعالـی ئەم ئایەتەی دانەئەبەزاند وباسی لەحیکمەتی ئەو کارەی خۆی نەئەکرد.

٧ - وتەی ئیمام ـی بەربەهاریت هێناوە کەئیمام ئەفـەرموێت بەهۆی زۆری بەربڵاوی بیدعە کەس بەئەهلی سونەت مەزانە تانەزانیت هەموو سیفەتەکانی ئەهلی سونەی تێدایە.

کەچی تۆنوسیوتە واتا کەس بەموسڵمان مەزانە تاتەوحیدی لێ ئەبینیت ! ئەمەش تەحریف ـی وتەی زانایانە.

چونکە هەر ئیمام ـی بەربەهاری خۆی لەسونەکەیدا فەرموویەتی وەک لەسەرەوەش وتەکەم داناوە بەڵام دووبارە دای ئەنێمەوە بەڵام ورد دیقەت ـی قسەکەی بەن زۆر گرنگە ئیمام ـی بەربەهاری ئەفەرموێت : **ولا يخرج أحد من أهل القبلة من الإسلام حتى يرد آية من كتاب الله عز وجل، أو يرد شيئاً من آثار رسول الله صلى الله عليه وسلم، أو يذبح لغير الله أو يصلي لغير الله، وإذا فعل شيئاً من ذلك فقد وجب عليك أن تخرجه من الإسلام، وإذا لم يفعل شيئاً من ذلك فهو مؤمن مسلم بالاسم لا بالحقيقة.**

کەس لەئەهلی قیبلە لەئیسلام دەرناچێت (باسی ئەهلی قیبلە ئەکات واتا نوێژخوێنەکان نەیفەرموو کەسێ لەئەهلی عەقیدە بەڵکو فەرمووی ئەهلی قیبلە واتا هەرکەسێ کەڕووئەکاتە قیبلە لەئیسلام دەرناچێت) تاوەکو ئایەتێ ڕەد ئەکاتەوە لەقورئان یان سونەتێکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕەد ئەکاتەوە یان حەیوان بۆ غەیری الله تعالى سەر ئەبڕێت (واتا نوێژخوێن تائەم کوفرانەی لێ نەبینرێت بۆت نیە لەئیسلام دەری بکەیت) گەر شتێ لەوانەی کرد واجبە لەئیسلام دەری بکەیت (واتا تاکوفرت لێ نەبینی بۆت نیە تەکفیری بکەیت) گەر شتێ لەمانەی نەکرد ئەوا موسڵمانە لەڕووی ناوەوە نەک لەڕووی هەقیقەتەوە.

کەواتا ئیمام بەربەهاری سەرەڕای بەربڵاوی کوفر ئەهلی قیبلە تەکفیرناکات تاکوفری لێ نەبینێت بەڵام سونەت مەزهەب ومەنهەجە بەڵێ بۆت نیە لەخۆتەوە بەخەڵک بڵێی سونی تانەزانیت لەسەر عەقیدەی ئەهلی سونەیە چونکە موسڵمانان ئەبن بە73 کۆمەڵ تاکە کۆمەڵ ئەهلی سونەتە ئەگەرچی 72 کۆمەڵەکەی تر موسڵمانیشن بەڵام بەئەهلی سونەت دانانرێن بەڵکو موسڵمانی بیدعەچی وگومڕان.

کەواتا ئەم نەزانە وائەزانێت ئەوەی ئەهلی سونەت نەبوو کافرە ئەی چی ئەکەی لەو 72 کۆمەڵە مبتدعە کەپێغەمبەر ﷺ فەرمووی : **(وستفترق أمتي)** ئومەتەکەم دابەش ئەبن بۆ 73 کۆمەڵ.

کەواتا هەمووی لەئومەتی خۆی حساب کرد بەڵام تەنها ئەهلی سونەت ـی بەخاوەن هەق ناوبرد ئەوانی تر لەسەر بیدعەوگومڕاین ئەوەشی بیدعەکەی کوفری بێت لە 72 کۆمەڵەکـە حساب ناکرێ چونکە 72 کۆمەڵەکە بۆ بیدعەچیە موسڵمانەکانە نەک بیدعەچیە مورتەدەکـان.

پرسیاریـان لە عبد الله ـی کوڕی المبارك کـرد : ئەم ئومـەتە بون بەچەند کـۆمەڵەوە ؟
فـەرمووی : **الأصل أربع فرق: هم الشيعة، والحرورية و القدرية والمرجئة.**
بنەڕەتەکـەی چوار کۆمەڵە شیعە و خەوارج وقەدەری و مورجیئە.

وتم ئەی باوکی عبد الرحمن **لم أسمعك تذكر الجهمية**
نەم بیست باسی جەهمیەکان بکەیت ؟

فـەرمووی : **إنما سألتني عن فرق المسلمين.**
تۆپرسیاری کۆمەڵە موسڵمانەکانت لێکردم.

(کەواتا ئەو 72 کۆمەڵەی کەبیدعەکانیان نەگەشتۆتەسنوری کوفر لەدائیرەی ئیسـلام ماونەتەوە) — **الابانه الكبرى لابن بطه رحمه الله تعالــى .**

کەواتـا کاتێ ئەڵێن لەخۆمانەوە ناڵێین فـڵان کەس سونیە وەک ئیمام بەربەهاری فـەرمووی ئەمە مانای ئەوەنیـە بەکافری بزانین چونکە 72 کۆمەڵە لادەرەکان لەسونەت ئەوانیش موسڵمانن بەڵام خاوەن بیدعەن وبیدعەکەیـان نەگەشتۆتە کوفر.

پـاشـان وتەیـەکی ئیمام ـی احمد ـی هێناوە ئەڵێت ئەمە بەڵگەیە بۆتەکفیری عام وتەکەش ئەوەیـە : ئیمام ـی احمد فەرمووی : (من سەرەتا ئاسانکاریم ئەکرد لەم بابەتە بەڵام کاتێک کە بیدعە زۆر بوو ئەوا نوێژ مەکە تەنها لەدوای ئەو کەسە نەبێت کە عەقیدەکەی ئەزانیت) — **(طبقات الحنابلة : ٥٩/١)**

ئەم وتەیـەی ئیمام ـی ئحمد مەبەست ـی پێی ئەوەنیە نوێژکـردن لەپشت کەسێ عەقیدەی شاراوەیە دروست نیە بـەڵکـو مەبەستی ئەوەیە لای ئیمام احمد باشتر

وایە نوێژ نەکەیت ئیلا لەپشت کەسێکەوە کەبزانیت ئەهلی سونەیە ئەمما ئەگەر ئەهلی سونەتت دەست نەکەوت نوێژکردنت لەپشت کەسێ کەعەقیدەی شاراوەیە دروستە بەخودی بەڵگەی ئیمام احمد و شوێنکەوتوانی ئیمام ـی احمد.

بەڵگەش ئەمەیە :

عبد الله ـی کوڕی ئیمام أحمد ئەفەرموێت وتم بەباوکم ئەبو عبید قاسم بن سلام ئەڵێت : ئەگەر پەنجا کەس پێش نوێژی بکات لەڕۆژی جومعەدا کەسیان نەڵێن قورئان مەخلوقە بەڵام ئەو کاربەدەستەی فەرمانی پێکردوون پێش نوێژی بۆخەڵک بکات ئەوبڵێت قورئان مەخلوقە ئەوا وای ئەبینم جومعەکەی دووبارەکاتەوە چونکە جومعە بەسەرەگەورە دائەمەزرێت لەوەڵامی ئەم قسەیەدا باوکم پێی وتم : **هذا يضيق على الناس إذا كان الذي يصلي بنا لا يقول بشئ من هذا صليت خلفه فإذا كان يصلي بنا يقول بشئ من هذا القول أعدت الصلاة خلفه. — كتاب السنة (1/ 130).**

ئەمە کارلەسەر خەڵک قورسەکات ئەگەر ئەوکەسەی پێش نوێژیمان بۆ دەکات ئەوقسانە ناڵێت (وتەی قورئان مەخلوقە) ئەوا نوێژی لەپشتەوە دەکەم جا ئەگەر پێش نوێژی بۆکردین و ئەوقسانەی دەکرد(واتە کوفری دەرخست) ئەوا نوێژەکە دووبارە ئەکەمەوە.

کەواتە یان ئەوەیە عبدالله ـی کوڕی ئیمام احمد بەقەدەر ئەم عمومیانە لەوتەی باوکی خۆی تێناگات یان ئەوەیە ئەم عمومیانە بەئەقڵی خۆیان وتەی زانایان لێک ئەیەنەوە.

پاشان ئیمام ـی ابوبکر فەرموویەتی : ئەو وتەیەی ئیمام ـی احمد بۆ استحاب ـە (واتا بۆ واجب نیە بەڵکو وای پێ چاک وسونەتە).

ئەوەتا ئیمام ـی المرداوی حەنبەلی ئەفەرموێت : **وَرُوِيَ عَنْهُ أَنَّهُ لَا يُصَلِّي إلَّا خَلْفَ مَنْ يَعْرِفُ قَالَ أَبُو بَكْرٍ: وَهَذَا عَلَى الِاسْتِحْبَابِ.**

لەئیمام احمد ڕیوایەت کراوە کەنوێژنەکرێت تەنها لەپشت کەسێ کەحاڵی زانراوبێت ئەبوبکر فەرموویەتی ئەم وتەی ئیمام احمد بۆ استحاب ـە (واتا بۆواجب بوون نیە).

گەر نەزانێت پێش نوێژ خوێن قسەی (خاوەن بیدعە کوفریەکان ئەڵێت) ئەوا نوێژەکەت دووبارە مەکەوە وتم ئەی ئەگەر واباس ئەکرا کەهەمان قسەی ئەوان ئەڵێت ؟ فەرمووی تا یەقینت ئەبێت (واتا تا دڵنیانەبیت کەهەمان قسەی ئەوان ئەڵێت نوێژەکەت دووبارە مەکەوە باعەقیدەشی نەزانیت).

کەواتا لەعەقیدەی ئیمام احمد مەلایەکـ کوفری لێ نەبینرابێت نوێژی لەپشت ئەکرێ ئەگەر چی زۆربەی مەلاکانی تریش لەکوفردا بن بەبەڵگەی ئەوە وتەیە کەئێستا خوێندتەوە.

ئەی مەبەستـ ی ئیمام احمد چیە کەفەرمووی من سەرەتا ئاسانکاریم دەکرد لەبابەتی نوێژکـردن ؟؟

یەکەم/ مەبـەستی ئیمام احمد ئەوەیە سەرەتـا تەکـفیری جەهمیەکان ـی نەدەکـرد کەواتە نوێژی لەپشتیان بەدروست زانیوە پێش تەکفیرکردنیان (بەو واتایەی بیدعەکەیان ـی بەبیدعەی کافرکەر نەدەزانـی وەکـ پرسیاری لێدەکەن خۆی دەفەرموێت : ابراهیم الدورق ـی دەفەرموێت : **سألت أحمد بن حنبل عمن يقول: القرآن مخلوق؟ فقال: كنت لا أكفرهم حتى قرأت آيات من القرآن: وَ لَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْواءَهُمْ مِنْ بَعْدِ ما جاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ و قوله: بَعْدَ الَّذِي جاءَكَ مِنَ الْعِلْمِو قوله: أَنْزَلَهُ بِعِلْمِهِفالقرآن من علم الله و من زعم أن علم الله مخلوق فهو كافر.**

پرسیارم لە ئەحـمەدی کوڕی حەنبەل کرد لەبارەی کەسـێک کەبڵێت قورئان مەخلوقە ئیمام فەرمووی **من سەرەتا تەکـفیرم نەدەکـردن** تا چەند ئایەتێکم خوێندەوە لەقورئان الله ـدەفەرموێت (ئەگەر شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان بکـەویت لەپاش ئەوەی زانستت بۆهاتوە) وە الله ـدەفەرموێت (الله بەزانست ـی خۆی دایبەزاندوە) قوڕئان لەزانستی الله یە **هەرکەس پێی وابێ** زانستی الله مەخلوقە ئەوە کـافرە).

دوووەم/ جا کـە ئیمام احمد سەرەتا جەهمیەکان ـی پێ کافرنەبوە وبیدعەکەیان ـی بەکوفری نەزانی بـوو لەهەمان کاتدا ڕێگەی ئەیا لەپشت مبتدعەوە نوێژ بـکرێت یەکێ لەو مبتدعانەی سەردەم ـی ئیمام جەهمیەکان بـوو کەپرسیاریان لەئیمام احمد کرد لەبارەی نوێژ لەپشت مبتدعەوە.

أيصلى خلف صاحب بدعة؟ فقال: إذا كان داعية أو يخاصم فيها أو يدعو إليها لا يصلى خلفه ولا يكلم. فقلت: فمن كان فيه شيء إلا أنه لا يخاصم فيه؟ قال: هو أهون. قلت: فيصلى خلف هذا؟ قال نعم. قلت: أ فليس هذا صاحب بدعة؟ قال: بلى ولكن هذا لعله لا يدرى يرجع، وهذا يدعو إليها.

ئایا نوێژ لەپشت خاوەن بیدعەوە دەکرێ ؟ فەرمووی ئەگەر بانگەوازکار بێت و مناقەشەی لەسەر بکات وبانگەوازی بۆبکات نوێژی لەپشتەوە ناکرێ وقسەی لەگەڵ ناکرێ وتم ئەی ئەگەر بیدعەی هەبێت و مناقەشە لەپێناو بیدعەکەی نەکات؟ ئیمام احمد فەرمووی ئەمە ئاسانترە وتم نوێژی لەپشتەوە ئەکرێ ؟ فەرمووی بەڵێ وتم ئەی ئەم کەسە مەگەر خاوەن بیدعە نیە ؟ فەرمووی بەڵێ بەڵام لەوانەیە ئەم کەسە جاهل بێت و بگەڕێتەوە بەڵام بانگخوازی بیدعە دەعوە دەکات بۆبیدعەکەی.
— «مسائل ابن هانئ ١/ ٦٢».

کەواتا ئاسانکاریەکەی ئیمام احمد ئەوەبوو بەشەرع ی دەزانی نوێژ لەپشت مبتدع ەوە بکرێت یەکێ لەو مبتدعانە جەهمیەکان بون کەئیمام سەرەتا بەکافری نەدەزانین ئەمە ئاسانکاریەکەی بوو.

بەڵام بۆ ئەهلی بیدەع کەبیدەع ی کوفریان لێ نەبینراو ئیمام ی احمد فەرمووی وەک لە **کتاب السنة** هاتوە : **ولا أحب الصلاة خلف أهل البدع.**
نوێژکردن لەپشت ئەهلی بیدەعم پێ خۆش نیە.

کەواتا ئیمام احمد نوێژکردن لەپشت کەسێ عەقیدەی نەزانراوە بەدروست ئەزانێ وەک ئەو وتەیەی لەسەرەتا داماوە بەڵام وای پێخۆشترە لەپشت ئەهلی سونەت بکرێت.

کەواتا سەرەتا ئاسانکاری کردوە نوێژی لەپشت مبتدع پێ جائیز بوە بەڵام دواتر پێی باش نەبوە لەپشت مبتدع نوێژ بکرێ ئیلا ئەهلی سونەت نەبێت وە لەکاتی نەبونی ئیمامێ عەقیدەی ئەهلی سونەت بێت نوێژکردن ی لەپشت مەلایەکەوە پێ جائیزبوە کەکوفری نەبێت وەک ئەو وتەیەی کەفەرمووی (ئەگەر ئەوکەسەی پێش نوێژیمان

بۆ دەکات ئەوقسانە ناڵێت (وتەی قورئان مەخلوقە) ئەوا نوێژی لەپشتەوە دەکەم جا ئەگەر پێش نوێژی بۆکردین و ئەوقسانەی دەکرد(واتە کوفری دەرخست) ئەوا نوێژەکە دووبارە ئەکەمەوە).

شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە ـدەفەرموێت : **وكان بعض الناس إذا كثرت الأهواء يحب أن لا يصلي إلا خلف من يعرفه على سبيل الاستحباب كما نقل ذلك عن أحمد أنه ذكر ذلك لمن سأله ولم يقل أحمد إنه لا تصح إلا خلف من أعرف حاله.**

هەنێ لەخەڵکان کاتێ بیدعە بەربڵاوبێت پێیان خۆشە نوێژ نەکرێ ئیلا لەپشت کەسێکەوە نەبێت کەعەقیدەی بزانن ئەم کارەشیان پێ خۆش و پێ باشە هەروەک لەئیمام ـی احمدەوە گێڕاوەتەوە کە کاتێ پرسیاری لێدەکەن وادەفەرموێ بەڵام ئیمام احمد نەیفەرموو **نوێژ دروست نیە** ئیلا لەپشت کەسێکەوە کەحاڵی بزانیت.
— مجموع الفتاوى (3/280).

لە کۆتایشدا ئەڵێم باخەڵک خۆی بڕیاربات کەنوسیوتە (هەی جاهیل بە بابەتی یەمامەش گەڕی).

ئەڵێم : باخەڵک بڕیاربات کێ جاهیل ـە ئایا ئەوە کێیە خەلەفی لێ بۆتە سەلەف ؟؟ مەگەر تۆنیت ؟ ئەوە کێیە تەوحیدی ماتریدی لێ بۆتە تەوحیدی هەق ؟ ئەوە کێیە وشەی غالب بە ژمارەی بیرکاری لێک ئەیاتەوە بێ ئەوەی بزانێت زانایان کەوتویانە غالب مەبەستیان بەکارهێنانی بوە بۆبەرامبەر دەگمەن وشاز ! کتاب ـی ماتریدی لێ بۆتە کتاب ومەنهەج ـی سەلەف ! ئایەتێکت هێناوە ڕەدە لەسەر خۆت وتەی ئیمام ـی بەرهاری دیسان ڕەدە لەسەرخۆت وتەی ئیمام ـی ئەحمەد بەوتەی خۆی و عبدالله ـی کوڕی و حەنبەلیەکان بۆ استحباب ـە نەک بۆ واجب !

بۆیە باخەڵک دیاری بکات ئەو وەسف ـی جاهلە شایستەیە بەتۆ یاخود نا بەڵام من وەک خۆم تەنها بەنەزانت نازانم چونکە دووجۆر جەهل هەیە جەهل ـی بسیط لەگەڵ جەهلی مرکب کەتۆ لەم جۆرەی الله تعالی هیدایەت ـی هەموو لایەک بات بۆڕێگەی ڕاست.

ئەگەر خۆشتان بەخاوەن زانست ئەزانن چۆن وشە بەوشەم وەڵام ـدانەوە ئاوا خاڵ بەخاڵ وشە بەوشە بەسەر قسەکانمـدا بێن و ڕەدم بەنەوە ئـەمما ڕاکردنتان بۆبابەتی تر وخۆدزینەوەتان لەوەڵامدانەوەی قسەکانم نیشانەی ئیفلاس ـی وجەهلتان دەرەخات واش گومان ئەبەم ئەم داماوە خۆی گومانی لەعەقیدەکەی خۆی هەیە ئەم دوو پۆستەی کردووە تا گومانەکانی ڕەدبەمەوە چونکە بەم دووپۆستەی کردی بوە هۆی شەرمەزارکردنی عومیەکان ئیتر ناشزانم ئایا ئەیەوێ عومیەت سەرخات یان ئابڕووی عومیەکان ببات وەکچۆن بوە هۆی ئابڕووچونی عومیەکان.

الله تعالی هیدایەتی بات.

عومیەك ڕووداوی مورتەدبوونەوەی خەڵکانێکی باسکردووە لەسەردەمی ئیمامی ابوبکر دوواتر نوسیویەتی : (ئیمامی ابوبکر بەڕائەتی لەخەڵکی کرد تەنها ئەوانە نەبێت کەتەوحیدی لێ بینیون)

> واتا ئەیەوێت بڵێ گەرکەسێ کوفریشی نەبوو ئەوا هەرکافرە تانەزانیت عەقیدەی تەوحیدیـە !

وەڵامێكی تر بۆ ئەم عومومیە نەفامە دوای ئەوەی بەپێنج بەش وەڵامی هەردوو پۆستەكەیم دایەوە سەلماندم ئەو ئایەتەی هێناویەتی بەوتەی سەلەف بەڵگەیە لەدژی خۆی سەلماندم ڕووداوی یەمامە بەڵگەیە لەدژی خۆی بەپێنج پۆست وشە بەوشە و دێر بەدێریم وەڵام دایەوە بەڵام ئەم كۆڵەوارە نەك نەیتوانی وشە بەوشە و خاڵ بەخاڵ وەڵامم باتەوە بەڵكو ڕایكرد بۆبابەتێكی تر بۆئەوەی شەرمەزاربونی خۆی بشارێتەوە بەڵام جارێكی تر ڕووی جەهل ی ئەم نەفامانەتان پیشان ئەیەم بەویستی الله تعالى جا سەرنج بەن چۆن درۆ بەناوی هاوەڵانی پێغەمبەر ئەكات ﷺ.

ڕووداوی مورتەدبوونەوەی خەڵكانێكی باسكردووە لەسەردەمی ئیمام ی ابوبكر دوواتر نوسیویەتی : (ئیمام ی ابوبكر بەڕائەتی لەخەڵكی كرد تەنها ئەوانە نەبێت كەتەوحیدی لێ بینیون) واتا ئەیەوێت بڵێ گەركەسێ كوفریشی نەبوو ئەوا هەركافرە تانەزانیت عەقیدەی تەوحیدیە ! پێشەوەی بەوتەكەی ئیمام ی ابوبكر وەڵامی بەمەوە ئەمەوێ سەرەتا كەمێك باسی مورتەدەكانی ئەوسەردەمە بكەین.

لەپاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ خەڵكێكی زۆر لەئیسلام هەڵگەڕانەوە الشيخ محمد بن عبد الوهاب فەرموویەتی :

مورتەدەكان و گروپەكانیان دابەش بون بۆچەند جۆرێ :

١ - هەیان بوو پێغەمبەری بەدرۆ دەزانی ﷺ و گەڕایەوە بۆ بت پەرستی.

٢ - هەیان بوو دانی بەپێغەمبەرایەتی موسەیلمە دانا وای گومان ئەبرد پێغەمبەر ﷺ موسەیلەمەی كردوە بەهاوبەشی خۆی لەپێغەمبەرایەتیدا كەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموو زانایان كۆدەنگبون كەئەوانە مووڕتەدن ئەگەرچی جاهلیش بن وە ئەوكەسەشی گومانی لەمورتەدبونیان هەبێت ئەوویش كافرە. — **الدرر السنية ج 8 ص 118.**

وەهەشیان بوو نكۆڵی لەحوكمی زەكات ئەكرد هەشیان بوو جەنگی ئەكرد بۆئەوەی زەكات نەیات وبڕواشی بەحوكمەكە هەبوو بەڵام ئەم كەسانە كەكوفریان لێ بینرا تەكفیركران و جەنگ لەدژیان كرد چونكە هەركەسێ كوفری لێ دەركەوێت ئەوا وتنی لا اله الا الله و نوێژ وڕۆژوو ڕزگاری ناكات چونكە دەركەوتنی كوفر لەهەركەسێك ئەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی لا اله الا الله و نوێژ وڕۆژوو.

بـۆیە ئیمام ـی ابو بكر ڕەزای الله ـی لێ بێت هێزی نارد بـۆجەنگكردن دژی ئەم كەسانە كەمورتەدبونەوە چی ئەوانەی گەڕانەوە بۆ بت پەرستی چی ئەوانەی شوێن مسیلەمە كەوتن و وتیان مسیلەمە پێغەمبەرە چـی ئەوانەی وتیان ئێمە ئەجەنگین و زەكات نادەین بەخەلیفە هەموویـان چونكە كوفریان لێ دەركەووت جەنگیـان لەدژ كـرا.

ئەمەش عەقیدەی ئێمەیە هەركەس كوفری عەلمانیەت وشەڕكردن لەپێناو كوفری لێدەركەووێت بەكـافر ومورتەدی ئەزانین باشەوڕۆژ سەری لەسوجدەدابێت ونوێژیش بكات مادام كـوفری لێ بینرا ئەوا كافـرە.

بەڵام ئەم عومیـە نەزانە هاتوە درۆی ئەوە ئەیاتە پاڵ ئیمامی ئەبـوبكر گوایە هەموو خەڵكەكەی ئەو سەردەمەی بەكافر زانیوە تەنها كەسێكی پێ موسڵمان بوە كەتەوحیدی لێ ببینێت بۆ وەڵامی ئەم درۆیە بابچین سەیری نامەكەی ئیمام ـی ابوبكر بكەین كەناردی بـۆسەركردەی سوپاكـان.

نامەكە بەپوختی دائەنێم ان شاء الله.

بسم الله الرحمن الرحيم
من أبي بكر حليفة رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى من بلغه كتابي هذا من عامة وخاصة، أقام على إسلامه أو رجع عنه، سلام على من اتبع الهدى ولم يرجع بعد الهدى إلى الضلالة والعمى

لەئەبوبكری خەلیفەی پێغەمبەری الله ﷺ بۆهەركەسێ كەئەم نوسراوەی منی ئەگاتێ لەگشتی ولەتایبەتی موسڵمانان بـۆهەركەسێ كەلەسەر ئیسلام ماوەتەوە یـان هەڵگەڕاوەتەوە سەلام ـی الله تعالی لەوكەسەی شوێن هیدایەت ئەكەوێت لەپاش هیدایەت نەگەڕاوەتەوە بۆگومڕایی وتاریكی.

... وقد بلغني رجوع من رجع منكم عن دينه بعد أن أقر بالإسلام وعمل به اغترارا بالله وجهالة بأمره وإجابة للشيطان.

پێم گەشتووه کەوا هەنێکتان لە دینەکەتان هەڵگەڕاونەتەوە پاش ئەوەی دانی بەئیسلامدا نابوو و کاریشی پێ ئەکرد بەڵام بەهۆی غەفلەت وجاهل بون بەفەرمانەکانی الله و وەڵامدانەوەی شەیطان لێتان مورتەدبویەوە.

... وإني بعثت إليكم - فلانا - في جيش من المهاجرين والأنصار والتابعين بإحسان وأمرته أن لا يقاتل أحدا ولا يقتله حتى يدعوه إلى داعية الله فمن استجاب له وأقر وكف وعمل صالحا قبل منه وأعانه عليه.

من فڵانە کەسـم بۆ ناردوون لەناو سوپایەک لەمهاجرین وئەنصار و شوێنکەوتوانیان بەچاکە وەفەرمانیشم پێکردوون کەس نەکوژێت تاوەکو بانگیان نەکات بۆ لای الله تعالی هەرکەسێک وەڵامی دایەوە و دانی پێدا نا وەستا لەکوفرکردن و کردەوەی چاکەی ئەنجام دا لێی وەرئەگرێت و یارمەتیشی ئەیات لەسەری.

ومن أبى أمرته أن يقاتله على ذلك ...

وەهەرکەس ملکەچ نەبێت بۆئیسلام فەرمانم پێکردوە بیکوژێت ...

وقد أمرت رسولي أن يقرأ كتابي في كل مجمع لكم والداعية الاذان فإذا أذن المسلمون فكفوا عنهم، وإن لم يؤذنوا فسلوهم ما عليهم، فإن أبوا عاجلوهم، وإن أقروا حمل منهم على ما ينبغي لهم.

وە فەرمانم بەنێردراوەکەم کردوە نوسراوەکەم بخوێنێتەوە لەهەموو کۆڕوکۆبونەوەیەکی خەڵکیدا **وەنیشانە بۆئەمەش بانگدانی بانگدەرە ئەگەر موسڵمانان بانگیان دا** دەستیان لێ بپارێزن ئەگەر بانگیان نەئەیا ئەوا داوای ئەوەیان لێ بکەن کەلەسەریان پێویستە ئەنجامی بەن ئەگەر ملکەچ نەبوون پەلاماریان بەن ئەگەر دانیان پێدانا ئەوا بەوشێوە مامەڵەیان لەگەڵ کەن کەشایستەن.
— تاريخ الطبري : ٢ / ٢٥٧ البداية والنهاية ٦/٣١٥. كتاب تاريخ الخميس في أحوال أنفس النفيس ج.2_ 205.

لێرەدا درۆی ئەو عمومیە جاهلە دەرکەوت کـەوتی ئەبوبکر تەنها بەتەوحید خەڵکی بەموسڵمـان زانیوە کەچی ئەبوبکـر فەرمووی **موسڵمانان ئەگەر** بانگیـان یا ئەوا دەستیان لێ بپارێزن کەواتـا بانگدانی کرد بەدروشم بۆناسینەوەی موسـڵمان و ناوبردنیان بەموسڵمان و دەست پاراستن لێیان ئەما فەمووی ئەگەر بانگیان نەیا بانگەوازیان بکەن گەرملکەچ نەبون بیانکوژن کـەواتا ئەو درۆیـەش هەڵوەشایەوە کەوتی ئەبـوبکر تەنها بەتەوحید حوکمی موسڵمان بونی داوە ئەوەتا ئیمام ـ ابوبکر گەر کوفری لەکۆمـەڵێک نەبینی بوایە ئەوکۆمـەلەیەش بانگ ونوێژیان ئەنجام ـدایە بەموسڵمانی ئەزانین و دەستی لێ ئەپاراستن.

جـا لەهەموو سەیرتر ئەوەیە دیسان وتەکەی ابن رجب ـ لەکۆتایدا نوسیوەتەوە ئەصل لەوڵاتی ئیسـلام ئیـسلامە ! ئەمە چی پەیوەندیـەکی هەیە بەتەکفیر بەعموم وبەموسڵمان دانەنانی خەڵکی تاتەوحیدی لێ نەبینیت !

وتەکەی ابواسحاق ماتردیش ڕونمان کردەوە بەخودی وتەی زانایان کەغالب لەمفهومی زانایان واتای ڕێژەی زۆرینەی دیموکراسیەت نیە بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە موسڵمان لەووڵاتە هێندە دەگمەنە وەک بڵێی هەربونی نیـە نەک مەبەستیان بەزۆرینە ڕێژەی بیرکاری وحساباتی دیموکراسی بێت.

دیـارە ئەم عمومیانە کاریگـەرن بەدیموکراسیەت بـۆیە زۆرینە لای ئەمان حساباتی بیرکاریـە لەسەدا 51 ئیتر بەزۆرینە حسابە ویـاسای تەکفیر بەعموم لەپەرلەمانی عمومیـەت پەسەند ئەکـرێ لاحول ولاقوة الا بالله جەهل مرۆڤ بەرەو کوێ ئەبـات.

لەکۆتـایشدا ئەڵێم فەرموو کێتان زۆر شارەزایە با خاڵ بەخاڵ وەڵامی شەش پۆستەکەی پێشوم بـاتەوە پاشان وەڵامی ئەم پۆسـتە ڕامەکەن بۆ کۆپی پەیستکردنی هەنێ وتەی تر ئەم فەزاحەتەی خۆتانی پێ داپۆشـن بـەڵکو وەڵامی خاڵەکانی شەش پۆستی پێشوو لەگەڵ وەڵامی دێر بەدێری ئەم پۆسـتەشمان بەنەوە گەرتوانیـتان لەوەڵامدانەوەی قسەکانمان وەڵام بـەنەوە ئەوا ﴿ **وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا ۘ** ﴾ ئێمەش جارێکی تر ئەگەڕێینەوە بـۆ وەڵام دانەوەتان خاڵ بەخاڵ ودێر بـەدێر و وشە بەوشە بێ خۆدزینەوەمان لەهیچ خاڵێـک.

ڕاکردنی عمومیەکان بۆسەر چەن شوبهەیەکی تر دوای ئەوەی نەیان توانی ڕەدمان بەنەوە

نەیاتوانی وەڵامی بەڵگەکان بەنەوە ڕایان کرد بۆسەر چەند شوبهەیەکی تر چونکە ڕەدانەوە تەنها بە ئەهلی علم ئەکرێت بەڵام بابەت نوسین بەهەمووکەسێ ئەکرێت ئێوەش چونکە ئەهلی علم نین پێتان نەکرا خاڵ بەخاڵی پۆستەکانی پێشوم وەلام بەنەوە ڕاتانکرد بۆ کۆپی پەیست کردنی هەنێ شوبهەی تر کەبەکورتی بۆئەوەی درێژ نەبێتەوە وەڵامی شوبهە دووبارەکەتان ئەیەمەوە ...

بسم الله الرحمن الرحيم
دوای ئەوەی تەحدای عمومیـەکانم کرد وتم کێتان زۆر بـەتوانایە وشە بەوشەی بەڵگەکانم ڕەد بـەڵام دیسان نەک نەیاتوانی وەڵامی بەڵگەکان بەنەوە ڕایان کرد بۆسەر چەند شـوبهەیـەکی تر چونکـە ڕەدانەوە تەنها بە ئەهلی علم ئەکرێت بـەڵام بابەت نوسین بەهەمووکەسێ ئەکرێت ئێوەش چونکە ئەهلی علم نین پێتان نەکرا خاڵ بـەخاڵی پۆستەکانی پێشوو وەڵام بەنەوە ڕاتانکرد بـۆ کۆپی پەیست کردنی هەنێ شوبهەی تر کـەبەکورتی بۆئەوەی درێژ نەبێتەوە وەڵامی شوبهە دووبارەکەتـان ئەیەمەوە.

ئەم عمومیە خەواریج ـە :
١ - پرسیار لەمن ئەکـات ئەڵێت لای ئێوە نادر (دەگمەن چیە ؟) ئایـا ئەهلی تەوحید لەکوردستان دەگمـەن نین ؟ واتا ئەگەر ئەهلی تەوحید دەگمەنن لەکوردستان کەواتـا ئەبێت تەکفیری عام بکەیت ئەگەریش دەگمەن نین ئەوا تەکفیری عام ناکـرێت.

لەوەڵامدا ئەڵێم/ ئەمە مانای ئەوەیـە ئێوە ڕەدەکەتان هەرنەخوێندۆتەوە چونکە لەپۆستی یـەکەم وتومە نەخـێر موسڵمان لەکوردستان وسوریا وسعودیە ... هتد دەگمـەن نیـن. مەبـەستیشم موسڵمـانی حوکمـە واتا ئەوانەی لەزاهیردا ئەهلی قیبلەن و کوفریـان لێ نەبینراوە ئـەمما موسڵمـانی هەقیقی کەلەتەوحید تێگەشتبن ئەوە شتێکە الله تعالی ئەیزانێت ولەئێمە دیارنـیە ئێمـە حوکم لەسەر زاهیر ئەیەین وەک لەسەردەمی بەربەهاری کوفر بـەربڵاوو بـوو لەگەڵ ئەوەشـدا فەرمووی بۆت نیە کەس تەکفیربکـەیت لەئەهلی قیبلە (واتا نوێژخوێن) تاکوفرێکی لێ ئەبینیت گەر کـوفرت لێ نەبینی ئەوە موسڵمـانە بەناو نەک بەهەقیقەت. کـەواتا ئێمە باسی ئیسلامی حوکمی ئەکەین نەک ئیسلامی هەقیقی بـەڵێ ئیسلامی حوکمی لەم وڵاتانە دەگمەن نین بەڵکو لەچاودا زۆر دیارن.

جیاوازی نێوان ئیسلامی حوکمی و هەقیقی چیە؟
ئیمام ـی بوخاری ئەفەرموێت : **إذا لَمْ يَكُنْ الإسلامُ على الحقيقةِ وكانَ على الاستسلامِ أو الخوفِ من القتلِ ..**
ئیسلامی حوکمی بریتیە لەو ئیسلامەی کەواکەسەکە لەهەقیقەتدا موسڵمان نەبوە

بەڵكو لەبەر ترس لەكوشتن. (وەک مونافیقەكان كەلەحوكمی زاهیردا پێغەمبەر ﷺ مامەڵەی موسڵمانی لەگەڵ ئەكردن تاكوفریـان دەرنەخستایە).

ئیمام ـێ ابنُ رجبَ الحنبلي لە **فتحِ الباري 1 ص 125** لەشەرح ـی وتەكەی ئیمام ـی بخاری ئەفـەرموێت : **معنى هذا الكلامَ أنَّ الإسلامَ يُطلقُ باعتبارينِ.**
مانای ئەم قسەیـەش ئەوەیە ئیسـلام بەكار یەت بـۆ دوو دەستەواژە.

أحدُهما: باعتبارِ الإسلامِ الحقيقي و هو دينُ الإسلامِ الذي قال اللهُ فيهِ " إنَّ الدِّينَ عندَ اللهِ الإسلامُ " و قوله " ومن يبتغِ غيرَ الإسلامِ ديناً فلن يقبلَ منه" ..

یـەكەم بەمانای ئیسـلامی هەقیقی كەبریتیە لەدینی ئیسـلام كە الله لەبارەیەوە فەرموویەتی ئاینی ڕاست ودروست لەلای الله ئیسـلامە وە فەرموویەتی هەركەس شوێنی جگە لەئیسـلام كەوێت لێی وەرناگیرێت.

والثاني : باعتبارِ الاستسلامِ ظاهراً مع عدمِ إسلامِ الباطنِ ، إذا وقعَ خوفاً كإسلامِ المنافقينَ.

دەستەواژەی دووەم ئیسـلام بەواتای ملكەچ ـی نواندن لەڕووكەشـدا لەگەڵ ملكەچ نەبوونی دڵی بۆهەقیقەتی ئیسـلام وەک ئەوەی لەترسا ئیسلام دەرئەبڕێت وەک مونافیقەكان.

ئەمەش مەنهەجی سـەلەفـە كەلەوسەردەمەی خۆیـاندا هەموو جۆرە كوفر و فیرقە موڕتەدەكانیشیان بینیوە بـەڵام بۆحوكمدان بەئیسـلامی حوكمی بەشەعائیر حوكمیـان داوە:

ئیمام ـی البغوي لە **شرح السنة ج1ص70** ئەفـەرموێت : **وفِي الحديثِ دليلٌ على أنَّ أمورَ النَّاسِ فِي معاملةِ بعضِهم بعضاً إنَّما تَجري على الظاهرِ من أحوالِهم دونَ باطنِها وأنَّ مَنْ أظهرَ شِعَارَ الدِّينِ أُجري عليه حكمُهُ ولم يُكْشَفْ على باطنِ أمرِهِ.**

لەو فەرمووده بەڵگەی ئەوەی تێدایە کاروباری خەڵکی ومامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتری لەسەر ڕووکەشی حاڵیانە نەک باطن (عەقیدەی دڵیان) وە هەرکەس **شەعائیری** دینی دەرخست ئەوا حوکمی ئیسلامی لەسەر پەیڕەو ئەکرێت بەبێ ئەوەی پشکیین بۆناخی بکرێت.

کەواتا ئیسلامی حوکمی لەلای سەلەف بریتیە لەبینینی شعائر بەبێ ئەوەی بزانین عەقیدەیان چیە ئێستا لەم وڵاتانەی ئێمە ئیسلامی حوکمی دەگمەن نیە بەڵکو زۆریێ لەخەڵک بەئاشکرا ئەڵێن موسڵمانین وئەهلی قیبلەن وکوفرمان لی نەبینیون ئیتر ئێمە نازانین کەسەکە لەدڵەوە بەڕاستی لەتەوحید وئیسلام تێگەشتوە ئیسلامی قبوڵە یاخود نا بەڵام ئەزانین ئیسلامی دەربڕیوە لەڕووکەشدا وکوفرمان لێ نەبینیوە وەک ئیمام ـی بەغەوی فەرمووی مادام شەعائیریان لێ ئەبینرێت بێ سەیرکردنی عەقیدەی دڵیان مامەڵەی ئیسلامیان لەگەڵ ئەکرێت.

بۆیە خەڵک لەم وڵاتانە بەشێکی زۆریان ئیسلامی حوکمیان لێ بینراوە بەبێ بینینی کوفر لێیان کەواتا موسڵمانی حوکمی لەم وڵاتانە دەگمەن نین تا بڵێی بەپێی حوکمی زۆرینە تەکفیری هەموو خەڵکی ئەکەین کەواتا ئەو قاعیدەیە هەڵگرە بۆخۆت چونکە موسڵمان لەم وڵاتە سونیانە دەگمەن نین تا ئەوقاعیدەیەیان بۆبەکاربهێنرێت.

٢ - ئەڵێت (ئوسامە حوکمی عام نایا بەسەر کوردستان نەبەکوفر نە بەئیسلام).

لەوەڵامدا ئەڵێم/ ئەم درۆی خۆتە ئێمە هەمان عەقیدەی دەوڵەتی ئیسلامیمان هەیەدەولە کوردستان بەدارالکفر ـی طارئ ئەزانێتبەڵام ئەصل لەخەڵکەکەی ئیسلامە چونکە هەموو خەڵکەکەی مورتەد نەبونەتەوە هەرکەس کوفری لێ نەبینرێت بەموسڵمانی ئەزانین . کەواتا باقی لێکدانەوەکانت کەنوسیوتە ئەڵێم وئەڵێم بۆخۆت هەڵی گرە چونکە تۆهێشتا عەقیدەشمان نازانیت کەچی قسەش لەسەر عەقیدەمان ئەکەیت.

٣ - وتەی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ـی هێناوە کەشێخ باس لەوە ئەکات دەوڵەتی فاطیمەکان بەدار الحرب نا ئەبات وئەفەرموێت زانایان کۆڕان لەسەر کافربوونیان چونکە **شیرکیان دەرخستوە** و مخالەفەی شەرعیان کردوە و زانایان یەکدەنگن وڵاتەکەیان وڵاتی حەرب ـە گەرچی شەعائیری ئیسلامیشیان هەبێت.

لەوەڵامدا ئەڵێم/ ئەوەی شێخ فەرمووی دەقا ودەق عەقیدەی ئێمەشە هەردەوڵـەتێ **شیرکی دەرخست** ئەوا وڵاتی کوفرە با لەوڵاتەکەشدا بانگ بدرێت و نوێژ بکرێت بەمە وڵاتەکە نابێت بەدار الاسـلام کەواتا شێخ باسی دەوڵەتی فاطمی ئەکات کەئەم فاطمیانە عەقیدەیان ڕافیزەی عەلەوی بـوو دەوڵەتێکیان ڕاگەیاند بۆخۆیان بۆیە زانایان تێکڕا تەکفیری ئەم ڕافیزانەیان کرد و دەوڵەتەکەشیان بەوڵاتی کوفر ناوبـرد.

ئێمـەش هەمان شتمان وتوە هەرکەس کوفری دەرخست کافرە گەر نوێژوو ڕۆژووش ئەنجام بـات بـەڵام کێشەکەی ئێمە لەگەڵ ئێوەی عمومی ئەوەیـە ئێوە پێتان وایە کەسێ لەوڵاتی حرب بێت ئەوا بەنوێژ و شەعائیری ئیسـلام حوکم بەموسڵمان بـوونی نادرێت ئەمەش پێچەوانەی مەنهەجی سـەلەفە.

ئیمام ـی الشافعي رحمه الله ئەفـەرموێت : **إن صلى في دار الحرب ، حكم بإسلامه.**
ئەگەر لەوڵات ـی حەرب (کوفر) نوێژبکات حوکم بـەموسڵمـان بوونی ئەدرێت.

ئیمام ـی ابن قودامەی حەنبەلی ئەفەرموێت : **ولنا أن ما كان إسلاما في دار الحرب كان إسلاما في دار الإسلام ، كالشهادتين ، ولأن الصلاة ركن يختص به الإسلام.**

لەلای ئێمـەش (حەنبەلیەکان) هەرشتێ لەوڵاتی کوفر بەئیسـلامبون دانرێت ئەوا لەوڵاتی ئیسلامیش بەئیسـلامبون دائەنرێت وەک دووشایەتومانەکە و نوێژ چونکە ڕوکنێکی **تایبەتە بـەئیسـلام.**
— المغنى ابن قدامة المقدسي9/29.

ئەمەش باوەڵامێک بێت بۆئەو درۆیەی کەیاوتە پاڵ ابن قودامەوە.

٤ - ئەڵێت شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ونەجدیەکان تەکفیری عمومیان کردووە وخەڵکیان هەمووی پێ کافربووە تەنها کەسێ نەبێت تەوحیدیان لێ بینی بێت ئەوەی تەوحیدیان لێ نەبینی بێت بەکافریان زانیوە.

لەوەڵامی ئەم چەند شوبهەیە بەچەند خاڵێ وەڵام ئەیەمەوە/
١ - نەجدیەکان بەڕائەتیان کردووە لەتەکفیری عموم ووتویانە ئەمە بوهتانی دووژمنەکانمانە. شیخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب رحمه الله ئەفەرموێت : **وأمّا القول : أنَّا نُكفِّر بالعموم ؟ فذلك من بُهتان الأعداء ، الذين يصُدُّون به عن هذا الدِّين.**

ئەوقسەی ئەڵێن من تەکفیری عموم ئەکەم ئەمە بوهتانی دووژمنانە بوهتانی ئەوانەیە ئەیانەوێ خەڵک لەم دینە دووربخەنەوە.
— الدرر السنية في الأجوبة النجدية ١٠٠/١

پرسیار کرا لەکوڕەکانی شێخ محمد و شێخ حمد بن ناصر : • **هل تعتقدون كفر أهل الأرض على الإطلاق أم لا ؟**

ئایا ئێوه بڕواتان وایە خەڵکی سەر ڕووی زەوی تێکڕا کافرن ؟

لەوەڵاما فەرموویان : **وأما تكفير أهل الأرض فنحن نبرأ إلى الله من هذا ، بل نعتقد أن أمة محمد - ﷺ - لا تجتمع على ضلالة.**

تەکفیرکردنی خەڵکی سەر زەوی ئێمە بەڕائەتی خۆمان بۆلای الله ئەکەین لەم عەقیدەیە بەڵکو بڕوامان وایە ئومەتی محمد ﷺ کۆنابێتەوە لەسەرگومڕایی.
— الدرر السنية في الأجوبة النجدية 10/132.

شێخ محمد ئەفەرموێت زۆربەی ئومەت کافرنین چجای تەکفیری عموم ی ئومەت بکات ! ئەفەرموێت : **((وأمَّا التكفير فأنا أكفِّرُ من عرف دينَ الرَّسول، ثم بعد ما عرفه سبَّه، ونهى الناس عنه، وعادى من فعله، فهذا هو الذي أكفر..وأكثرُ الأمة -ولله الحمد- ليسوا كذلك)).**

بەڵام تەکفیر من تەکفیری ئەوکەسە ئەکەم کەدینی پێغەمبەر ﷺ ئەناسێت پاش ناسینی جوێنی ئەیاتێ و ڕێگری لەخەڵک ئەکات شوێن دینی هەق بکەن وە دژایەتی ئەوانە ئەکات کەکار بەتەوحید ئەکەن ئائەمەیە کەمن تەکفیری ئەکەم ... وە زۆرینەی ئومەت بەو شێوەنین الحمدلله.

کەواتا شێخ نکۆڵی لەوە ئەکات زۆربەی ئومەت کافربن ولەناو شیرک بن چجای تەکفیری گشت خەڵک بکات ! ئەو ڕەدی ئەوە ئەکاتەوە کەزۆرینەش کافرنین.

٢ - وتەی شێخ حمد بن عتیق ونەجدیەکانی هێناوە کەفەرموویانە اظهاری دین لەوڵاتی کافران بریتیە لەدەرخستنی بەڕائەت وتەوحید لەکافران.

لەوەڵامدا ئەڵێم/ زانایانی نەجدی کەفەرموویانە اظهاری دین بریتیە لەدەرخستنی تەوحید لەوڵاتی کوفر بەومەبەستە وتویانە کەهەرکەسێ دینەکەی بەوشێوە دەرخات ئەوا هیجرەتی لەسەر واجب نابێت و تاوانبارنابێت بەمانەوەی لەو دار الکفره ئەمما گەر بەوشێوە دینەکەی دەرنەخات ئەواتاوانبارە بەڵام بەکافری دانانێن ئەگەر اظهاری دین نەکات و لەو وڵاتە بمێنێتەوە بەڵکو تەنها گوناهبار ئەبێت.

فەرموون ئەوەش قسەی شێخ حمدی کوڕی عەتیق کەشەرح ـی وتەی زانایانی نەجدی ئەکات ئەفەرمویت : **القسم الثاني أن يقيم عندهم لأجل مال أو ولد أو بلد وهو لا يظهر دينه مع قدرته على الهجرة ولا يعينهم على المسلمين بنفس ولا مال ولا لسان ولا يواليهم بقلبه ولا لسانه فهذا لا يكفرونه لأجل مجرد الجلوس ولكن يقولون إنه قد عصى الله ورسوله.**

جۆری دووەم کەسێکە لەبەر ماڵ ومنداڵ لەوڵاتی کافران بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا **اظهاری دین** ناکات وە ئەشتوانێ هیجرەت بکات بەڵام نایکات لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی کافران نایا بەسەر موسڵمانان نەبەگیانی خۆی نەبەماڵ نەبەزمان ئەم جۆرە **تەکفیری** ناکەن تەنها بەهۆی دانیشتنی لەوڵاتی کوفر **بەڵکو ئەڵێن** ئەوکەسە سەرپێچی الله ورسولەکەی کردووە ﷺ ...

پاشان ئەفەرموێت : **(القسم الثالث : من لا حرج عليه في الإقامة بين أظهرهم وهو نوعان ـ أحدهما : أن يكون يظهر دينه فيتبرأ منهم وما هم عليه ويصرح لهم ببراءته منهم وأنهم ليسوا على حق وأنهم على الباطل وهذا هو إظهار الدين الذي لا تجب معه الهجرة).**

جۆری سێهەم ئەوەیە کە کێشە نیە لەناو کافران بژێت ئەمەش دووجۆرن یەکێکیان ئەوەیە دینەکەی خۆی اظهار ئەکات خۆی بەریی ئەکات لەوەی کافران لەسەرین وبەڕائەتیان لێ ڕائەگەیەنێت بەوەی دەری ئەخات ئەوان لەسەر باطلن ولەسەر هەق نین ئەم دەرخستنی دینە هیجرەت لەسەر کەسەکە واجب ناکات.

کەواتا جۆری دووەم کەلەوڵاتی کوفر ئەمێنێت وئەشتوانێ هیجرەت بکات ودینەکەی دەرناخات تاوانبارە وکافرنیە بەڵام جۆری سێهەم کەدینەکەی دەرئەخات ئەوا هیجرەتیش نەکات تاوانبارنیە.

جا عمومیەکان درۆبەناوی ئەم شێخانەوە ئەکەن کەوا قسەکانیان تەفسیرئەکەن بەوەی هەرکەس لەوڵاتی کوفر اظهاری تەوحید نەکات گوایە ئەم شێخانە تەکفیری ئەکەن کەچی هەرخودی شێخ حمد فەرمووی بەاظهارنەکردنی دین کافرنابێت بەڵکو تەنها تاوانبارە.

— بڕووانە كتابى الدفاع عن اهل السنه للشيخ حمد بن عتيق 12 بۆ 14.

الشيخ عبد اللطيف بن عبد الرحمن ال الشيخ دەفەرموێت : **مسألة إظهار العداوة غير مسألة وجود العداوة. فالأول: يعذَر به مع العجز والخوف، لقوله تعالى: {إِلا أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَـةً}... فمن عصى الله بترك إظهار العداوة فهو عاص الله" .**

بابەت ی دەرخستنی دژایەتیکردن ی کافران بابەتێکە جیایە لەبابەتی دژایەتیکردن ی کافر دەرنەخستنی دوژمنایەت ی بۆکافران لەحاڵەت ی ترس لاوازی و بێ دەسەڵاتیدا عوزر هەیە بۆخاوەنەکەی الله دەفەرموێت : **(ئیلا مەگەر بۆخۆپاراستن لەشەڕی کافران)..** هەرکەس مەعصیەتی الله بکات بەوازهێنان لەدەرخستنی دووژمنایەتی بۆکافران ئەوا کەسێکە سەرپێچی الله ی کردووە.

ووتم ئەگەر دەرنەخستنی بەڕائەت ببێتە هۆی حوكمـدان بەكافربوونی موسڵمان ئەوا شێخ نەی ئەفەرموو لەكاتی ترس و بێ دەسەڵاتی عوزرە بـۆمرۆڤ دەری نەبرێت چونكە لەكوفردا نەترس عوزرە نەبێ دەسەڵاتی تەنها ئیكراهـ عوزرە وە فەرمووشی ئەوەی وازبهێنیت لەدەرخستنی دووژمنایەتی بۆكافران كەسێكی عاصیە نەیفەرموو كافر ومورتەدە.

٥ - وتەی ئیمام ـ مالك ـ هێناوە كەفەرموویەتی مەكە لەوكاتەدا وڵاتی كوفر بـوو چونكە ئەحكامی جاهلیەت ـ تێدا زاڵبوو.

لەوەڵامدا ئەڵێم/ حوكمدان بەسەر وڵات چی پەیوەندی بەحوكمدان بەسەرخەڵكەوە هەیە ؟ وچی پەیوەندی بەووە هەیە كەس بەموسڵمان نەزانیت تاتەوحیدی لێ ئەبینیت؟ ئێمەش بڕوامان وایە هەروڵاتی ئەحكامی جاهلیەت ـ تێدا زاڵ بێت دار الكفرە لەگەڵ ئەوەشدا كە مەككە دار الكفر بـوو كەچی رسول الله ﷺ بەنوێژ وشهادتین حوكمی موسڵمانی ئەیا بەسەر ئەوكەسانەی كەلەمەككەدابوون وەک ئێوە نەبوو بڵێت تا نەزانم عەقیدەیـان چیە بەموسڵمـانیان نازانم.

بـەڵكو لەوە زیـاتر الله تعالـى ئەفـەرموێت : ﴿ **ولولا رجال مؤمنون ونساء مؤمنات** ﴾

ئیمام ـ طەبەری ئەفەرموێت : **أي : بين أظهرهم ممن يكتم إيمانه ويخفيه منهم خيفة على أنفسهم من قومهم ، لكنا سلطناكم عليهم فقتلتموهم وأبدتم خضراءهم ، ولكن بين أفنائهم من المؤمنين والمؤمنات أقوام لا تعرفونهم حالة القتل.**

واتا : گەر لەبەر ئەوە نەبوایە خەڵكانێك هەن لەژێر دەسەڵاتی كافران ـ قورەیش ئیماندارن وئیمانی خۆیانیان شاردۆتەوە ئەگەر لەبەر ئەو ئیماندارانە نەبوایە دەسەڵاتی ئەوەم پێ ئەیان هەموویان بكوژن بەڵام ئیماندارانێكن هەن لەژێر دەسەڵاتیان ئێوە نایاناسن لەكاتی كوشتنیان (بۆیە الله تعالى مۆڵەتی نەیا بەكوشتنیان).

وتم ئەمە ڕێزی الله یە بۆكەسانێ لەئیمانداران كەئیمانیان شاراوەتەوە لەناو قورەیشی كافر كەچی الله بەئیماندار ناویان ئەبات بەهۆی ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی

کافرانن الله تعالى تەکفیری نەکردن چونکە ئیسلامیان شاردۆتەوە ! کەچی لەلای عمومی ئەوەی لەوڵاتی کوفر ئیسلامیش دەرەخات هەرکافرە تا عەقیدەی لێ ئەبینێت ! ئای چەند دوورن لەقورئان وسونەت.

٦ - ئایەتێکی هێناوە لەبارەی ئەوەی الله تعالى فەرموویەتی : ﴿ ياأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ ﴾

- جا عمومی نەفام ئەڵێت الله فەرمووی تاقیان بکەنەوە کەواتا کەس بەموسڵمان نازانرێت تاعەقیدەی تاقی نەکرێتەوە !

لەوەڵامدا ئەڵێم/ کەسێ کەلەوڵاتی کوفرەوە یەت لەحوکمی زاهیردا ئێمە نازانین موسڵمانە تا شعائیرێکی لێ ئەبینرێت یان تاشایەتومان بۆیە ئەوانەی لەوڵاتی کافری ئەصلیەوە دێن ئەبێت بزانین موسڵمانن یان کافرن وە ئەو تاقیکردنەوەیەش تاقیکردنەوەی عەقیدەی نیە بەڵکو هاوەڵی بەرێز ابن عباس ئەفەرموێت : **(كان امتحانهن أن يشهدن أن لا إله إلا الله، وأن محمدًا عبده ورسوله) — تەفسیری طەبەری. واتا :** تاقیکردنەوەیان ئەوەبوو شایەتی بەن بەلا اله الا الله وان محمدا عبده ورسوله.

کەواتا ئەوە تاقیکردنەوەی دانیشتوانی دارکوفری ئەصلیە گەر شایەتومانیان دەرخست ولێ بینرا ئەوا بەموسڵمان دائەنرێن بەڵام ئایا عمومیەکان بەبینینی شهادتین حوکم بەموسڵمان بون ئەیەن ؟ بێگومان نەخێر کەواتا ئێوە پێچەوانەی ئایەتەکەن.

٧ - فەرموودەی جاریەکەی هێناوە واپیشان ئەیا گوایە رسول الله ﷺ کەسی بەموسڵمان نەزانیوە تا پرسیاری عەقیدەی لێ نەکات !

لەکاتێکدا ئەم جۆرە تێگەشتنە بۆدەقەکان ئەوپەڕی جەهلە چونکە ئەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی هەموو ئەو دەقانەی تر کەوا رسول الله ﷺ تەنها داوای وتنی دووشایەتومانەکەی لەخەڵک کـردووە ئایا ئەوانەی تەنهاد ووشایەتومانەکەیان

هێناوه هیچیان موسڵمان نین بەعەقیدەی ئێوه چونکه رسول الله ﷺ پرسیاری عەقیدەیی لەهەموویان نەکردووه ؟؟

پێغەمبەر ﷺ کەفەرمویەتی : **«من صلى صلاتنا واستقبل قبلتنا وأكل ذبيحتنا فذلك المسلم الذي له ذمة الله وذمة رسوله، فلا تخفروا الله في ذمته».**

واتا : ئەوەی وەکو ئێمه نوێژبکات و ڕوو لەقیبلەمان بکات وسەربڕاوی دەستمان بخوات ئەوکەسە موسڵمانە پەیمانی الله وپێغەمبەرەکەی ﷺ ـی لەگەردنە کەواتا ناپاکی لەو پەیمانەی الله تعالى مەکەن دەرهەق بەو موسڵمانە.
— **[رواه البخاري].**

ئەمە حوکمێکی عام ـە بۆ بەموسڵمان دانان بۆحوکمی ڕووکەش گەر زانینی عەقیدە مەرج بوایە ئەوا پێغەمبەر ﷺ نەی ئەفەرموو :

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : « **أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ، وَيُقِيمُوا الصَّلاةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلا بِحَقِّ الإِسْلامِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ** ».

واتا : فەرمانم پێکراوه جەنگ لەگەڵ خەڵکی وخەڵکی بکوژم تائەڵێن لا اله الا الله محمد رسول الله وه نوێژبکەن و زەکات بەن گەر ئەوانەیان کرد ئەوکاتە خوێن وماڵیان لێم حەرامە تەنها بەمافی ئیسلام نەبێت وه لێپرسینەوەشیان بۆلای الله یە.

بەڵکو ئەیفەرموو تاعەقیدەیان بزانم ئەوکات موسڵمانن وخوێن وماڵیان پارێزراوه.

کەواتا ماوەتەوه بپرسین مادام لەلای پێغەمبەر ﷺ وتنی دووشایەتومانەکە بەڵگەی موسڵمان بونە بۆچی پرسیاری ئەوەی لەجاریەکە کرد وپێی فەرموو الله لەکوێیە ؟

لەوەڵامـدا ئەڵێین/ ئەم پرسیارکردنە بۆئەوە نەبووە کەبەشایەتومان جاریەکە بەموسڵمان نەزانێت بەڵکو وەک ئیمام ـی ابو سعید الدارمی فەرموویەتی : **جعل أمارة ايمانها معرفتها ان الله في السماء.**

زانینی ئەوەی الله تعالی لەئاسمانە کردی بەنیشانە بۆ ئیمانەکەی نەک تەنها بەو پرسیارکردنە ئەصلی ئیسلام وئیمانی جاریەکەی دامەزراندبێت چونکە ئەصلی ئیسلام بەشهادتین دائەمەزرێت.

ئیمام ـی خطابی ئەرموێت : **فإن هذا سؤال عن أمارة الإيمان وسمة أهله وليس بسؤال عن أصل الإيمان وحقيقته.**

ئەم پرسیارکردنە لەجاریەکە بۆ نیشانەی ئیمانە پرسیارێک نیە بۆ دامەزراندنی ئەصلی ئیمان وهەقیقەتەکەی.

کەواتا وەک نیشانەیەکی ئیمان رسول الله ﷺ پرسیاری لێکرد نەک مانای ئەوەبێت هیچ کەس نابێت بەموسڵمان تاپرسیاری عەقیدەی لێ نەکرێت ئەگەر وابوایە ئیمانی هەموو ئەو هاوەڵانە بەتاڵ دەرئەچێت کەرسول الله ﷺ پرسیاری عەقیدەیی لێ نەکردوون ئەمەش ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کەئەصل بۆبەموسڵمان دانان شهادتین و نوێژە ئەمما پرسیاری عەقیدەی مەرج نیە بۆ دامەزراندنی ئەصلی دین وئیسلام چونکە گەر مەرج بوایە ئەوا لەهەموو کافران لەگەڵ وتنی دوو شهادتین پرسیاری عەقیدەیی ئەکرد کەواتا جیاوازی هەیە لەنێوان دانانی شتێک وەک نیشانەی ئیمان لەگەڵ ئەوەی ئەوشتە بکەیت بەئەصلی دین بۆداخل بوونی ئیسلام.

ئەگینا گەر بەوتێگەشتنەی ئێوە بێت غوسلکردن بۆکاتی بون بەموسڵمان ئەصلی دینە چونکە رسول الله ﷺ فەرمانی بەیەکێ لەهاوەڵان کرد کەبوو بەموسڵمان غوسل بکات بەڵام فەرمانی بەوانی تر نەکرد بەوتێگەشتنەی ئێوە بێت غوسل ئەصلی دینە !

٨ - پاشان فەرموودەی لەابن اسحاق خاوەن سیرە گێڕاوەتەوە ! ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەم عمومیانە سەرەڕای زۆری جەهلیان هیچ تەحقیق ناکەن بۆ ئەوکەسەی

کەڕیوایەتەکەی گێڕاوەتەوە ئەمەش حاڵی ابن اسحاق ـە لەلای زانایان کەتۆ بەشانازیەوە فەرموودەت لێوە گێڕاوەتەوە ئیمام ـی أحمد بن حنبل لەبارەی ابن فەرموویەتی : **هو كثير التدليس جداً.**
کەسێکە زۆر تەدلیس ئەکات.

أبو حاتم الرازي لەبارەیەوە فەرموویەتی : **ليس عندي في الحديث بالقوي.**
لەلای من بەهێز نیە لە فەرموودەدا.
وەفەرموویەتی : **ضعيف الحديث.**

النسائي وتویەتی : **ليس بالقوي.**
کەواتا هەوڵبە زیاتر خۆت ماندووبکە چونکە دلیلەکانت لەنێوان ضعیف و تێگەشتنی عەقڵی خۆتان ئەسوڕێتەوە تائەم چرکەیە.

٩ - مەرج ـی ئەوەت داناوە کەس بەوتنی شایەتومان نابێتە موسڵمان تا نەڵێت بەریئم لەکوفر !

لە **كتاب ـی احكام ـی اهل الملل والردة من جامع للخلال (ابو بكرى خلال) بەژمارە ٨٣٥** هاتوە ئەبو عباس بن احمد المستلمى النجار لەطرطوس پێی وتین پرسیارمان لەباوکی عبدالله احمدی کوڕی حنبل کرد لەبارەی پیاوێکی گاور یان جولەکە بڵێت شایەتی ئەیەم بە لا اله الا الله و ان محمد رسول الله ﷺ ئیمام احمد فەرمووی بەوە ئەبێتە موسڵمان.

عن رجل نصراني، أو يهودي قَالَ: أشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدا رسول الله، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ قَالَ: فقد أسلم.

وتمان بەئیمام احمد پیاوێک لەلای ئێمە بەوشێوە بوو ابن شیبویە وتی بەوە بۆتە موسڵمان بەڵام خەڵکانێ تر وتیان بەوە نابێتە موسڵمان **تانەڵێ (برئت من النصرانية، وتركت ديني.)** من بەریئم لەنەصرانیەت و وازم لەدینەکەم هێنا.

ئیمام ـی احمد فەرمووی : **سبحان الله! لقد قَالَ النبي، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، لرجل: قل: أشهد أن لا إله إلا الله، وأني رسول الله، فأسلم بذاك.**

سبحان الله پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بەپیاوێک بڵێ اشهد ان لا اله الا الله وانی رسول الله بەوەندە بوو بەموسڵمان.

پاشان ئیمام ـی احمد فەرمووی : **أصحاب أبي حنيفة يقولون: وهو بريء من دينه، وإلا فلا يكون مسلما.**

ئەوە هاوەڵانی ابو حەنیفەن ئەڵێن ئەبێت خۆی لەدینەکەی پێشوتری بەریئ بکات ئەگەر وانەکات نابێت بەموسڵمان.

ئیمام احمد هەر لەدرێژەی ئەم قسانەیدا فەرمووی لەڕەدی ئەم بۆچونەی حەنەفیەکان : **كل من نظر في رأي أبي حنيفة إلا كان دغل القلب يذهب إليه.**

تەنها ئەوکەسانە سەیری بۆچونەکانی ئەبوحەنیفە ئەکەن کەمەیلی لادان لەهەق لەدڵیان هەیە.

وتم هەردیارە ئەم عمومیانە کاریگەرن بەئەهلی ڕەئـ بۆیە وازیان لەئەهلی حەدیث هێناوە چونکە ئەو قەولانەشی ئەهێنن قەولی حەنەفیەکانە.

١٠ - ئەو وتانەی نەجدیانەی هێناوتە باس لەوەئەکات کەسێ مانای شهادتین نەزانێت وکاری پێ نەکات ئەوا موسڵمان نیە ئەمە مەبەستیان پێی ئیسلامی هەقیقیە کەخاوەنەکەی پێی ئەچێتە بەهەشت ئەما ئیسلامی حوکمی ئەوەیە لەڕووکەشدا مامەڵەی موسڵمان لەگەڵ ئەهلی قیبلە بکەیت نەک ئەگەر کەسێ تەکفیرکردنی موشریکین ڕانەگەیەنێت بەکافری بزانن بڕووانە خودی شێخ عبداللطیف کەتۆ وتەکەیت هێناوە هەرشێخ عبداللطیف تۆ بەخەوارج دائەنێت الشيخ عبد اللطيف آل الشيخ رحمه الله لەباسی دووخەوارج ـی سەردەم ـی خۆی ـدەفەرموێـت : **يقولون: أهل الإحساء يجالسون ابن فيروز ، ويخالطونه هو وأمثاله ممن لم يكفر بالطاغوت ، ولم يصرح بتكفير جده الذي رد دعوة الشيخ محمد ولم يقبلها وعاداها. قالا: ومن لم**

يصرح بكفره فهو كافر بالله لم يكفر بالطاغوت ومن جالسه فهو مثله. ورتبوا على هاتين المقدمتين الكاذبتين الضالتين ما يترتب على الردة الصريحة من الأحكام .. فكشفت شبهتهم وأدحضت ضلالتهم ، بما حضرني في المجلس ، وأخبرتهم ببراءة الشيخ من هذا المعتقد والمذهب.
— مجموعة الرسائل والمسائل النجدية (3/4)، الدرر السنية (1/475).

ئەيانگوت خەڵكی احساء لەگەڵ ابن فيروز وهاوشێوەكانی دائەنيشن كەئەوان كوفريان بەطاغوت نەكردوە وە ابن فيروز تەكفيری باپيری خۆی نەكـردووە چونكە باپيری ڕەدی دەعوەكەی شێخ محمد ـی ياوەتەوە ودژايەتی كـردووە بۆيـە وتيان ئەوەی تەصرِيح نەيات بەتەكفيركردن ـی ئەوە كافرە وكوفری بەطاغوت نەكـردوە ئەوەشی لەگەڵ ـی دانيشێت هەروەک ئەو كافرە لەسەر بنەمای ئەم دوو پێشەكيە درۆيیە گومڕاييە حوكمەكانی ڕيدەی سەحيحيان بەسەر ئەوانەدە چەسپاند كەخۆيان تەكفيريان ئەكـردن منيش گومانەكەيانم ئاشكرا كـرد وگومڕايەكەيانم پوچەڵكـردەوە لەكەلەمەجلسێكدا ئامادەبون لەگەڵم وەهەواڵم پێيان كەشێخ محمد لەو بيروباوڕەڕە بەريئە.

كەواتـا پێشەواياني نەجدی بەريئن لەئێوەی عمومی كەبەدەرنەخستنی تەكفيری موشـركين تەكفيری خەڵكی ئەكەن.

لەكـۆتايشـدا ئەڵێم ناوت لەخۆت ناوە حەنبەلی كەچی ئيمام ـی احمد بەريئە لەو عەقيدەيـە بڕووانە ئەم بەسەرهاتە أبو جعفر محمد بن الحسن بن بدينا ئەفـەرموێت وتم بـە ئەبو عبدالله ئەحمەدی كوڕی حەنبەل ئەی باوكی عبدالله : **أنا رجل من أهل الموصل ، الغالب على أهل بلدنا الجهمية ، وفيهم أهل سنة نفر يسير محبوك.**

من پيـاوێكم خەڵكی موصلـم زۆربەی خەڵكی ئێمە جەهمیـن وە كەسـانێكی كەم هەن كەوا ئەهلی سـونەت بن وتۆيـان خۆش بوێ.
— الابانة الكبرى 330.

سـەرنج بەن زۆرينەی خەڵكەكە جەهمی بـوون كەئەوانيش شايەتومانيان ئەهێنا و نوێژيان ئەكـرد جا بابزانين ئايا ئيمامی احمد وتويـەتی مادام جەهميەكان شهادتين

ئەهێنن و نوێژ ئەکەن و قەدەری وموعتەزیلە ورافیزەکان شهادتین ئەهێنن نوێژئەکەن ئەوا چیتر شهادتین بەس نیە بۆبەموسڵمـان دانانی کافر تا بەرائەت لەو هەموو کافرانە بکات ؟ ئایاوای وتوە؟

ئیمام ـی ابن قدامة ئەفـەرموێت : **وَإِذَا أَتَى الْكَافِرُ بِالشَّهَادَتَيْنِ، ثُمَّ قَالَ: لَمْ أُرِدْ الْإِسْلَامَ فَقَدْ صَارَ مُرْتَدًّا، وَيُجْبَرُ عَلَى الْإِسْلَامِ. نَصَّ عَلَيْهِ أَحْمَد . — (9/22)**

ئەگەر کـافرێک شایەتومان بهێنێت پاشان بڵێت مەبەستم ئەوەنەبوە ببم بەموسـڵمان ئەوابەمورتەد دائەنرێت ولەسەر ئیسلام ناچارئەکرێت ئەمەش دەقی وتەی احمده.

کـەواتا لەقورئان وسونەت و مەنهەجی هاوەڵان وهەموو سەلەف کەسێ شهادتین یان نوێژی لێ بینرا لەزاهیردا موسڵمانە وەتەکفیرکردن ـی هەموو خەڵکی بیدعەی خەواریج وئەزارقەکانە کەئەوان ئەڵێن گەر حاکم کافـربوو خەڵکەکەش کافرن وە مەنهەج ـی نەجدیەکانیشمان ڕوونکردەوە وە ڕوونیشمان کردوە وەک ئیمام ـی احمد فەرمووی رسول الله ﷺ تەنها بەوتنی دووشایەتومانەکە خەڵکی بەموسـڵمان زانیوە وە ئەمەش مەنهەجی هاوەڵان بوە کەهیچ کاتێ حوکمی کوفریـان بەسـەر نوێژخوێنان نەیاوە تاکوفری لێ دەرنەکەوتبێت.

ئەهلی کۆپی پەیست ـیش جگە لەوتنەوەی کۆپیەکانیان وەک توتی جورئەتیان نەبـوو وەڵامی پۆستەکانی پێشووبەنەوە دیسـان ڕایانکرد بـۆ خۆدزینەوە هەم دیسان وتەکەی ابو اسحاق ـی بوخاری ماتریدی ـداناوەتەوە لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە نوسیویەتی ابو اسحاق ـی بخاری ئەفەرموێت .. پاشان نوسیویەتی بەپێی قسەکەی بوخاری واجبە لەسەرت تەکفیری هەموو خەڵک بکەیت ! وەرە ابواسحاق ـی بوخاری عەقیدە ماتریدی لێت ببێت بە بوخاری وقسەکەی لەسەرم واجب بکەیـت هەرچەندە قسەی ابواسحاق ڕوونم کردەوە لەزنجیرەکانی پێشوو بـەڵام ئەوەم لا سەیرە ابواسحاق ـی ماتریدی بە ئیمام ـی بخاری تێگەشتبیت ! ئەوەش دەرئەنجامی کۆپی پەیست.

وەڵامدانەوەی گومانێکی عمومیەکان لەسەر وتەیەك کە دراوەتە پاڵ ئیمام ابن تیمیە رحمە اللە

لەسەر بابەتی پێکەوە ژیان و تەکفیرنەکردنی گروپە مورتەدەکان ...

وەڵامدانەوەی گومانێکی عموومی وحەمدانی ومەدخەلیەکان لەسەر وتەیەک کە دراوەتە پاڵ ئیمام ابن تیمیە رحمە اللە مەدخەلیەکان ئەیکەن بەبەڵگە بۆتەکفیرنەکردن ی مورتەدان.

وە ئیخوانیەکانیش ئەیکەن بەبەڵگە بۆئەوەی بڵێن مەرج نیە هەق ی ڕەها لای ئێمە بێت بەڵکو لەوانەیە بەرامبەرەکەشمان هەق بێت (واتە یەکتر قبوڵکردن و ڕێزگرتن لەباوەڕی یەکتر واتا پێکەوەژیان لـەگەڵ هەموو گروپە لادەرەکان).

عمومی وحەمدانیـەکانیش ئەیکەن بەطعن بـۆتەکفیرکردن ی شێخ ی ئیسلام ابن تیمیە رحمـە اللە تعالى !

دەقی شوبهەکەیـان :

ئەڵێـن (ذەهەبی) رحمە اللە تعالـی فەرموویەتی : **وكذا كان شيخنا ابن تيمية في أواخر أيامه يقول : أنا لا أكفر أحدا من الأمة ، ويقول : قال النبي -صلى الله عليه وسلم- : لا يحافظ على الوضوء إلا مؤمن فمن لازم الصلوات بوضوء فهو مسلم.**

بەهەمان شێوە شێخ ـمان إبن تیمیە لەکۆتا ڕۆژەکانیدا ئەیفەرموو من کەس لەم ئومەتە تەکـفیرناکەم چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویـەتی کەس نیە پارێزگاری بـکات وپابەند بێت بە دەستنوێژگرتن بێت ئیلا باوەڕدارنەبێت جاهەرکەسێ پابەندی نوێژەکان و دەست نوێژ بێت ئەوا موسڵمانە.

ئەڵێین ئەمە بەڵگەیە بۆئەوەی کەگـوایە ابن تیمیە تەکفیری گۆڕپەرستان وئەشاعیرە وجەهمیەکان وموعتەزیلەکان وحلولیەکان و قرامطە و ڕافیزە...هتد ناکات بەموتڵەقی !!

بەچەند خاڵی ڕەدی ئەو شوبهەیـە ئەدەینەوە:

١ - ئایا ئەم وتەیە کەدراوەتە پاڵ ابن تیمیە مانای ئەوە ئەیات کەگوایە ابن تیمیە تەکفیری إتحادی وقرامطە و نوصیری وڕافیزە وجەهمیەکان وغولاتی قەدەریەکان ناکـات ؟لەکاتێکدا سـەدان فەتوای صەڕیح ی هەیە لەسەر تەکفیرکردنی ئەو کۆمەڵانە ئەگەرچی نوێژیش بکەن وشهادەش بهێنن.

ئایا بەچی پێوەرێ واز لەوتەی صەڕیح و موحکەم ئەهێنرێت بۆ وتەی موتەشابیهـ کەزیاد لەچەندین مانا هەڵ ئەگرێت ؟؟!

کەبەدەقی قورئان ئەوانەی شوێن دەقی متشابهـ ئەکەون نەخۆشی لادان لەهەق لەدڵیاندا هەیە جائێوەش وازتان لەهەموو وتە موحکەمەکان هێناوە هاتون بۆدەقێک کەهەرکەسەو بەمانایەک لێکی ئەیاتەوە کەواتا دەقێکی موحکەم نیە ومتشابهـ ـە ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ وتە موحکەمەکان کەزۆر بەڕوونی یەک واتا هەڵ ئەگرێت.

پاشان ئەگەر ابن تیمیە لەم وتەیەدا بیگوتایە تەکفیری مخالفکارانم ناکەم لەعەقیدە ولەتەوحید ئەوکات هەقی خۆتان بوو بیکەن بەبەڵگە بۆخۆتان بەڵام ئەم وتەیە شێخ بەموجمەل ـی وبێ تەفصیل پێدان و بێ ڕونکردنەوە وتەکەی فەرموە وتەکەشی باسی ئەهلی قیبلە ئەکات باسی ئەوانە ناکات واکوفریان هەیە نەیفەرموو تەکفیری ڕافیزە وقبوری ناکەم چونکە ئەهلی دەست نوێژن بەڵکو مەبەستی بەئەهلی قیبلە موسڵمانانە کەبەتاوان تەکفیریان ناکات ئەمەش شێخ چەندین جاری تر لەژیان ـی خۆیدا نوسیویەتی.

بۆنمونە لـە **العقيدة الواسطية** فەرموویەتی : **وَمِنْ أُصُولِ أَهْلِ السُّنَّةِ ... لَا يُكَفِّرُونَ أَهْلَ الْقِبْلَةِ بِمُطْلَقِ الْمَعَاصِي وَالْكَبَائِرِ كَمَا يَفْعَلُهُ الْخَوَارِجُ بَلْ الْأُخُوَّةُ الْإِيمَانِيَّةُ ثَابِتَةٌ مَعَ الْمَعَاصِي.**

لەبنچینەی ئەهل ـی ئەهلی سوننەت ئەوەیە ... تەکفیری ئەهلی قیبلە ناکەن بەتاوان ـی گەورە وەک چۆن خەوارج ئەیکەن بەڵکو برایەتی ئیمان ـی جێگیرە سەرەڕای بوونی تاوان وسەرپێچیەکان.

کەواتا وتەکەی شێخ هیچ مایەی ئەوەنیە بکرێت بەبیانوی ئەوەی گوایە شیخ تەکفیری کۆمەڵە مورتەدەکان ناکات.

پاشان ئەگەر مەدخەلیەکان پێداگربن و هەربڵێن مەبەستی ابن تیمیە تەکفیرنەکردنی هەموو ئەوگروپە کافرانەیە ئەوا لەوەڵامیاندا ئەڵێین ئەگەر بەپێی قسەی ئێوە بێت کەواتا ئەبێت ئایەتەکانی هەڵگەڕانەوە لەدین و فەرموودەکانی

بابەتی هەڵگەڕانەوە لەدین و کتێبە فقهیەکان کەباسی مورتەد ئەکەن ئەبێت هەمووی بسڕێتەوە !

گەر ڕازی بن بەهەڵوەشاندنەوەی هەموو حوکمی مورتەد ئەوا خۆتان مورتەدن گەر ئەشـڵێن نەخێر مورتەد حوکمێکی جێگیرە لەشەرعدا کەواتـا وتەکەی ابن تیمیەش مەبەست پێی ئەوەنیە کەتەکفیری مورتەد ناکات چونکـە حاشا لەوەی ابن تیمیە نکوڵی بـوونی مورتەد بکات.

پـاشان :

٢ - ئیمام ـی ابن تیمیە لەکۆتایەکانی تەمەنیدا لەقەڵای دیمەشق پێش مردنی **کتابی الرد علی الاخنائی** نوسیوە کەتێدا تەکفیری ئەوانە ئەکات کەهاوار لەغەیری الله ئەکەن ئەگەرچی نوێژیش بکەن و دەست بەدەستنوێژیش بن.

شیخ الإسلام لەوکتێبەدا کەپێش مردنی نوسیویەتی تێدا تەکفیری الاخنائی قازی مالکی مەزهەبەکان دەکات و ـدەفەرمووێت : **"فهؤلاء المشركون والمفترون مثل هذا المعترض وأمثاله المستحقين للجهاد، وبيان ما دعوا إليه من الضلال والفساد، وما نهوا عنه من الهدى والرشاد، ولتكون كلمة الله هي العليا ويكون الدين كله لله".**

ئەو مووشــریکانە کەدرۆ هەڵئەبەستن بەناوی الله ـەوە وەک ئەم کەسە (الاخنائی) کەناڕەزایەتی دەربڕیوە ئەم کەسە وهاوشێوەکانی شایستەن جیهادیان لەدژبکرێت وە گومڕای و فەسادیەکانیان ڕونبکرێتەوە کەچۆن ڕێگری لەهیدایەت ورێگای ڕاست ئەگرتن تاوەک وشەی الله بەرزبکرێت و دین هەمووی بۆ الله بێت.

کەواتـا بەدەقی وتەی ابن تیمیە خۆی تێگەشـتین کەمەبەستی لەئەهلی نوێژ ئەوکەسانە نیە کەعەقیدە وباوەڕی کوفرییان هەیە بەڵکـو مەبەستی ئەوەیە ئەهلی کبائر تەکفیرناکـات.

پــاشان بۆ ڕەدانەوەی ئیخوانیەکان کەئەو وتە ئەکەن بەبەڵگە گوایە مەرج نیە هەقی ڕەها لەلای یەک کۆمەڵ بێت بەڵکو پێ ئەچێ بەرامبەریش لەسەر هەق بێت ویەکتر قبوڵ بکەین وتەکفیری یەکتری نەکەین لەسەر مخالەفەی عەقیدەیی.

ئەڵێـن دیسان شێخ الاسلام لەرساله التسعينه ـدا ـدەفەرمووێت : **"كان غالب أئمتهم يقولون بتكافؤ الأدلة في هذه المسألة ونحوها ، ويصيرون فيها إلى الوقف والحيرة... فيكون ذلك سببًا لنفاقهم وزندقتهم، وذلك باطل، ليس هذا من أصل الإسلام في شيء".**

زۆربەی پێشەواكانیان دان ئەنێن بە یەكسانی بەڵگەكان لەم بابەتە وهاوشێوەكانی واتا ئەڵێـن هەردوولا لەسەر بەڵگەن لەم بابەتە (عەقیدەیانەدا) بۆیە توشی وەستان وسەرگەردانی بوون (ناتوانن بڵێن عەقیدەی ئێمە سەد لەسەر سەد هەقە یان بڵێن عەقیدەی بەرامبەر هەقی تەواوە)... جائەمەش هۆكاری نیفـاق و زەندیقی ئەوانە وەئەمەش شتێكی پڕوپوچە ئەمە هیچ ئەصلێكی نـیە لەئیسـلامدا.

كەواتا بینیتان چۆن شێخ ـی ئیسلام دودڵبونی لەعەقیدە و بەهەق دانانی بەرامبەری بەهۆكارێكی زندیق بوون ناوبرد وفەرمووی ئەمەش ئەصلێكی نیە لەئیسـلامدا.

پـاشان ئەم بۆچونەی ئیخوان ومەدخەلی بۆیەكترقبوڵكردن وپێكەوە ژیان لەگەڵ مورتەد و گومڕاكان بیدعەیەكە لەئەشـعەرییەكانەوە وەرگیراوە كەئـەوان ڕێز لەبۆچونی بەرامبەربگرن و بەرامبەرەكەشیان بەبەشێ لەهەق بزانن.

یوسف بن عبد الهادي الحنبلي ـدەفەرمووێـت : ابن عساكر دەیگێڕێتەوە لە زاهر بن احمد كەابو حسن ئەشعەری لەسەرە مەرگیدا نەفرەتی لەموعتەزیلە ئەكرد پاشـان (لەئەشعەری) گێڕدراوەتەوە كەوتویەتی (مـــن تەكـفیری ئەهلی قـیبله ناكەم چونكـە هەمووماں ڕوو ئەكەیـنە یەک پەرستراو ئەوەی جیاوازە دەربڕینەكانمانە دەربڕینەكانمانە) جا ابن عسـاكر (كەئەم وتەیە ئەیاتە پاڵ ئەشعەری) ئەم وتەیە بەفەزڵ و گەورەیی وەسف ئەكـات.

بەڵام من (ابن عبدالهادی قوتابی ابن تیمیه ڕەدی ئەیـاتەوە ئەفەرموێت) وای ئەبـینم ئەمە سەرزەنشت كردنە بۆ ئەشعەری چونكـە زاهیری ئەم وتە مەیلكردنە بۆتەكفیرنەكردنی مووعتەزیلە و ئەهلی بیدەع.

كەواتـا بەهەق زانینی بەرامبەر لەمەنهەج ـی ابن تیمیه و قوتابیەکانی ابن تیمیه ـدا قبوڵکراو نیـه وبەعەیبه دانراوه خۆ ئەگەر وتەکەی ابن تیمیه وەک ئەو وته بـوایـه کەدراوەته پاڵ ئەشعەری ئەوکـات مافتان بوو بڵێن مەبەست ـی ابن تیمیەش مەیل کردنه بۆتەکفیرنەکردنی کۆمەڵه لادەره مورتەدەکان بەڵام وتەکەی ابن تیمیه وەک وتەکەی ئیمام ـی احمده کەفەرموویەتی ئەهلی قیبله تەکفیرناکەین بەتاوان تابەحەڵاڵی نەزانێت کەواتـا بۆ یەکترقبوڵکردن خۆتان بەنه پاڵ ئەشـاعیره نەک پاڵ شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله تعالی.

کەواتا الحمـدلله بابەتەکه ڕوونه وتەکەی شێخ ـیش خزمەت بەمەدخەلی وئیخوان ـی وعمومی ناکات چونکه وتەکەی شێخ هەمان وتەی هەموو زانایانه کەفـەرمویانه ئەهلی قیبله تەکفیرناکەیـن (بەتاوانکردن) نەک فەرموبێتی بـەکوفرکردنیش تەکفیریان ناکەین.

وەڵامی دوو شوبهەو گومانی عمومیەکان

١ - وتەکەی ئیمامی ئەبو بەکر.
٢ - تەکفیری دەشتەکیەکان لەلایەن شیخ محمد ی کوڕی عبدالوهاب.

وەڵامی دوو لە شوبهە و گومانی عمومیەکان کە لەم ڕۆژانە وروژاندوویانە

شوبهەی یەکەم / بەڵگە ئەهێننەوە بەوەی کەئیمام ـی ئەبوو بەکری صدیق فەرموویەتی : **(إن الأرض كافرة)** ئەڵێـن ئەمە بەڵگەیە بۆتەکفیری عموم ڕیوایەتەکەش ئیمام ـی طەبەری رحمه الله گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی :السريّ پێی وتم وتی شُعيب له سيف له سهل بن يوسف له القاسم بن محمد فەرمووی کاتێ پێغەمبەر ﷺ وەفات ـی کرد .... تائەگات بەوەی ئەبوو بکر فەرمووی زەوی کافرە.
— كتاب صحيح وضعيف تاريخ الطبري (محمد بن طاهر ژمارە 29).

لەڕیوایەتەکەدا السرى هەیە شێخ ـی طبری کەسێکی ضعیف ـە پاشان سیف (کە سیف بن عمرە) ابن حبان لەبارەیەوە ئـەفەرموێت : **وكان سيف يضع الحديث، وكان قد اتهم بالزندقة.**
سیف فەرمووده‌ی هەڵ ئەبەست تۆمەتبارە بەزەندەقە.
— (المجروحين لابن حبان 2/342).

بن معين ئەفەرموێت : سیف کەسێکی ضعیف ـە.
أبو حاتم فەرموویەتی : ڕیوایەتەکان ـی واز لێ ئەهێنرێت لەڕیوایەتەکانی واقدی ئەچێت [تێبینی عمومیەکان زۆر ڕیوایەت لەواقدی ـەوە نەقڵ ئەکەن هەر ڕیوایەتێ بینیتان لەواقدی هاتوە بێ دوودڵی بزانن وەرناگیرێت لەلای زانایان].

ئیمامی النسائي والدارقطني فەرموویانە : سیف کەسێکی ضعیف ـە.

ئیمام ـی الحاكم ئەفەرموێت : **اتهم بالزندقة.**
تۆمەتبارکراوە بەزەندەقە.
— تهذيب التهذيب (4/ 259).

وتم دلیل ـی عمومیەکان ڕیوایەتێک بێت کەسەندەکەی ضیعیف ومەوضوع ـی تێدائەبێت ئەبێت ئەوە چۆن عەقیدەیەک بێت ! پاشان مەتن ـی وتەکەی ئیمام ـی ئەبو بکر هێشتا خزمەت بەعەقیدەی عمومیەکان ناکات چونکە گەر وتەکە بەمانای تەکفیری کردنی هەموو سەرزەوی لێک بدرێتەوە کەواتا ئەبوبکر خەڵکی مەککە

ومەدینەشی تەکفیرکردوە کە دار الاسلام بووە ! کەواتا مەبەستەکە تەکفیری خەڵکی سەرزەوی نیە بەڵکو مەبەست ـی پێی خاکە ئەوخاکەی وڵاتی کافر ومورتەدانە پێی ئەوترێ دارالکفر یان زەوی کوفر هەرچەندە ڕیوایەتەکە منکر وباطل ـە وسەحیح نیە بەڵام سەحیحیش بوایە هەر خزمـەتی عمومیەکان ـی نەئەکرد.

شـوبهەی دووەم/ وتەی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ـی هێناوە کەتەکفیری دەشتەکیەکان ـی کردووە وشێخ محمد فەرمویەتی چەندجوانی وت ئەوکەسە دەشتەکیە کاتێ هەنێ شتی لەئیسلام لەئێمەوە بیست وتی شایەتی ئەیەم دەشتەکیەکان کافرن.

ئەڵێـن ئەمە بەڵگەیە بۆتەکـفیرکردن بەعموم لەوەڵامـدا ئەڵێن سەرەتا پێویستە بزانین حاڵی دەشتەکیـەکان ـی سەردەم ـی شێخ محمد چۆن بـوو؟

شێخ سولەیمان ـی کوڕی سەحمان قوتابی شێخ عبداللطیف ال شیخ باسی حاڵی خەڵکی شار ودێهاتەکان ئەکات ئەفەرموێت : **قد كان أهل نجد قبل ظهور هذه الدعوة المحمدية على غاية من الجهالة والضلالة, والفقر والعالة, لا يستريب في ذلك عاقل, ولا يجادل فيه عارف, كانوا على غاية من الجهالة في أمر دينهم,**

خەڵکی نەجد پێش دەرکەوتنی ئەم بانگەوازە محمدیە لەوپەڕی نەفامی وگومڕایـدابون هەژار وکەم دەستکورت بـوون ئەوەی ئاقڵ بێت لەمە گومانی نیە ئەوەشی شارەزای هەبێت مشتومڕ لەسەرئەمە ناکات لەوپەڕی جاهلیەت بـوون لەبەرامبەر دینەکەیان.

في جاهلية: يدعون الصالحين, ويعتقدون في الأشجار والأحجار والغيران, ويطوفون بقبور الأولياء, يرجون الخير والنصر من جهتها,

لەجاهلیەت ـدا بوون وهاواریان لەپیاوچاکان ئەکرد و بڕوایان بەدار وبەرد وئەشکەوتەکان هەبوو تەوافیـان بەدەوری گۆڕی پیاوچاکان ئەکرد و هیوای خێر وچاکەیان لێ ئەخواستن.

وفيهم من كفر الاتحادية والحلولية, وجهالة الصوفية ما يرون أنه من الشعب الإيمانية والطريقة المحمدية.

لەناویاندا کوفری حلولی واتحاد و نەفامیەت ـی سۆفیگەری هەبوو کەپێیان وابوو ئەوەی ئەیکەن لەئیمان وڕێبازی محمده ﷺ.

وفيهم من إضاعة الصلاة ومنع الزكاة وشرب المسكرات ما هو معروف مشهور, وغير ذلك من جميع الفواحش والمنكرات التي لا تحصى, ولا تستقصى,

تێیدا هەبوو نوێژیان ئەفەوتان و مەنع ـی زەکاتیان ئەکرد وخواردنەوەی ئارەق کەبەوشێوەی زانراو وناسراوبوە تێیاندا وەجگە لەمانەش لەجۆرەکانی داوێن پیسی و خراپەکاری کەلەژماردن نایەت ولەباس کردن نایەت.

فهذه هي حال الحاضرة من أهل نجد قبل ظهور الدعوة الإسلامية والطريقة المحمدية.

ئەمە حاڵی شارەکان بوو لەنەجد پێش دەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلامی وڕێبازی محمدی.

وأما حال الأعراب من أهل نجد وغيرهم فهم أغلظ كفرا ونفاقا, وأشد إعراضا عن الدين, مع ما هم عليه من قتل النفس ونهب الأموال وارتكاب المحرمات؛ كما قال تعالى : { الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْراً وَنِفَاقاً وَأَجْدَرُ أَلاَّ يَعْلَمُواْ حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ } [التوبة: 97].

بەڵام دەشتەکیەکان لەخەڵکی نەجد وجگەلەوانیش کوفرەکەیان توندتر وسەختربوو وە زیاتر پشتیان لەدین هەڵکردبوو سەرەڕای ئەوەی لەسەری بوون لەکوشتن وبردنی ماڵ وئەنجامدانی حەرامکراوەکان وەک الله تعالی فەرموویەتی : **عەرەبە دەشتەکییەکانی سەرەڕای بێ باوەڕیی و دوو ڕوویيان لەخەڵکانی تر سەر سەختترن بە نەزانینی سنووری ئەو یاسایانەی الله ناردوونی بۆ پەیامبەرەکەی وە الله بەهەموو ئیش و کارێ زانایە.**

ويصدق عليهم قول الأعرابي الذي وفد على الشيخ في الدرعية لما تبين له الإسلام, وعرف أن ما هم عليه قبل ذلك هو الكفر والإشراك بالله فقال: أشهد بالله أني وسائر البدو كفار, وأن المطوع الذي ما يكفر البدو كافر.

وە قسەی ئەو دەشتەکیەیان بەسەر ڕاست ئەبێتەوە کەوا هات بۆ درعیە بۆلای شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب کاتێ ئیسلامی ناسی دەشتەکیەکە وتی شاهێدی ئەیەم دەشتەکیەکان کافرن وەئەوکەسەشی دەشتەکیەکان بەکافرنازانێت کافرە.

پاشان شێخ ابن سحمان ئەفەرموێت لەوەڵامدانەوەی عمومیەکان : **فإذا تبين لك هذا فيقال لهؤلاء الجهلة الصعافقة الحمقى, الذين لا علم لهم ولا معرفة لديهم بحقائق الأمور ومدارك الأحكام.**

ئەگەر ئەمەت بۆ ڕوون بویەوە ئەوا بەو نەزانە کەم ئەزمونە گەمژانە ئەوترێت کەهیچ زانست وزانینێکیان نیە دەربارەی ڕاستی شتەکان وبنەمای حوکمەکان.

الذين يقرؤون على الناس كلام شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب, وهم لا يفهمون مواقع الخطاب وتوقيع الأمور على ما هي عليه, حيث يقول قائلهم: نعم, هذا قول الشيخ في البدو, والمشايخ اليوم يقولون ويقولون.

ئەوانەی کەوتەکانی شێخ محمد ئەخوێننەوە بۆخەڵکی لەکاتێکدا ئەوان خۆیان تێناگەن لەشوێنی قسەکە وچۆنیەتی جێ بەجێ کردنەکەی لەسەر واقیعەکە وەکو خۆی بەجۆرێ یەکێ لەوان ئەڵێت ئەمە قسەی شێخ محمدە لەسەر دەشتەکیەکان بەڵام شێخەکانی ئەمڕۆ ئاوا وئاوا ئەڵێن (واتا وەک شیخ محمد تەکفیرناکەن)
.

فيقال لهم: إن كلام الشيخ الذي تقرءونه على الناس في قوم كفار ليس معهم من الإسلام شيء,

لەوەڵامیاندا ئەوترێت ئەو قسەی شێخ محمد کەئەیخوێننەوە بۆخەڵکی بۆگەلێک وتراوە کەهیـــــچ شتێک لەئیسلامیان نەبوە.

(کــەواتا لەوتەکەی شێخ ابن سحمان تێگەشتین ئەو دەشتەکیان کەشێخ تەکفیری کــردن هیچ جۆرێ لەئیســلامەتیان تێدانەبوە بەپێچەوانەی خەڵکی شارەکان کەتۆزێک باشتربـون بـەڵام دەشتەکـیەکان هیچ دینیان تێدانەبـووە) بـەڵام دوای دەعوەکەی شـێخ خەڵکانێـک لەو دەشتەکیـانە فێری دین ونوێژ بـوون.

بۆیە شێخ ابن سحمـان ئەفـەرموێت : **فالجواب أن نقول: نعم المشايخ اليوم يقولون لا نكفر من ظاهره الإسلام, ولا يطلقون الكفر على جميع أهل البادية.**

لەوەڵامیـاندا ئەڵێین بـەڵێ شێخەکانی ئەمڕۆ ئەڵـێن **تەکفیری کەسێ ناکەین ڕووکەشـی ئیسـلام بێت وەتەکفیری هەموو دەشتەکیەکان ناکەین.**

ومن لم يقم به وصف الكفر, وكان ملتزما لشرائع الإسلام الظاهرة فهو مسلم, ولا نكفره.

هەرکـەسێک وەسف ـی کوفری لێ دەرنەکەووێت و #پابەندی_یاسادیارەکانی ئیسـلام بێت ئەوا موسڵمـانە وتەکفیری ناکەین.

ومن لم يسلك طريقة المشايخ في هذه المسائل سلك ولا بد على طريقة الخوارج الذين يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية ثم لا يعودون إليه (منهاج أهل الحق والاتباع في مخالفة أهل الجهل والابتداع الشيخ سليمان ابن سحمان).

هەرکـەسێکیش ڕێبازی شێخەکان نەگرێتە بەر لەم بابەتانەدا ئەوا بێگومـان لەسەر ڕێبازی خەواریجەکانە ئەوانەی لەئیســلام دەرئەچن وەکچۆن تیر لەکەوانەکـەی دەرئەچێت وپاشان ناگەڕێنەوە بـۆی.

وتەکەی شـێخ تەواوبـوو رحمه الله تعالى.

کـەواتـا بەوتەی زانایانـی نەجد ڕوون بویەوە ئەودەشتەکیانەی شێخ تەکفیری کـردن هیچ شتێ لەئیسلامیـان تێدانەبـوە کافری تەواو بـوون بەڵام دووای هاتنی

دەعوەکەی شێخ وگەشتنی پێیان بون بەموسڵمـان وپابەندی ئیسـلام بوون بۆیە ابن سحمان لەڕەدی عمومیـەکان ـی سەردەمی خۆی ئەفـەرموێ ئێمە تەکفیری هەموو دەشتەکیـەکان ناکەین تەنها تەکفیری کەسێ ئەکەین کوفری لێ دەرکەوتبێت کەواتا بەو عمومیـە نەفامانە ئەڵێین ئێمە بەوتەی شێخەکانی نەجد تەفسیری وتەکەی شێخ محمـدمان کرد بەوتەی قوتابیانی قوتابخانەی شێخ محمد ئێوە خەواریج ـن و بەریئن لەمەنهەج ـی شێخ محمد رحمه الله.

بـەڵکو وتەی نەجدیـەکان زۆر ڕوونە خۆیان ئەوبابەتەیان ڕوون کردۆتەوە بۆئەوەی خەڵکانێ وتەکانیان بەلاڕێدا نەبەن ڕوونیـان کردۆتەوە کاتێ ئەوان حوکم بەن بەسەر شارێ یـان وڵاتێ مانای تەکفیرکردن ـی هەمو خەڵکەکەی نیـە.

الشیخ حسین بن محمد بن عبد الوهاب لەگەڵ الشیخ عبد الله ابن الشیخ محمد بن عبد الوهاب ئەفـەرموون : **الشيخ في قوله إنا لا نكفر بالعموم فالتكفير بالعموم أن يكفر الناس كلهم عالمهم وجاهلهم ومن قامت عليه الحجة ومن لم تقم عليه, وأما التكفير بالخصوص فهو أن لا يكفر إلا من قامت عليه الحجة بالرسالة التي يكفر من خالفها.**

شێخ محمد فەرموویـەتی ئێمە تەکفیری عموم ناکـەین تەکفیر بەعموم ئەوەیە هەموو خەڵک تەکفیر بکەیت بەزانا ونەزانەوە بـەڵام تەکفیری تایبەت ئەوەیە تەکفیرنەکەیت ئیلا ئەو کەسـە نەبێت کەبەڵگەی پەیامـی پێگەیشتوە کەبەپێچەوانەکردنی ئەو پەیامـە کافرئەبێت.

وقد يحكم بأن أهل هذه القرية كفار حكمهم حكم الكفار, ولا يحكم بأن كل فرد منهم كافر بعينه؛ لأنه يحتمل أن يكون منهم من هو على الإسلام.

هەنێ جـار حوکم ئەدرێت بەوەی خەڵکی ئەم گوندە کـافرن **بەڵام** حوکم نادرێت بـەوەی **هەرتاکێکیـان بەدیاریکراوی کافرە** چونکـە ئەگەری هەیە خەڵکێکیان تێدابێت لەسەر ئیسـلام.

وتم سەرنج بەن ئەفەرمووێ کاتێ کەبوترێ خەڵکی فڵان شار وگوند کافرن نابێت هەرکێت بینی بەدیاریکراوی بڵێی ئەوکەسە کافرە نەکا ئەوکەسە موسڵمان بێت بۆیە نابێت کەس بەدیاریکراوی لەوشار وگوندە تەکفیربکەیت ئەی چجای ئەمڕۆ عومومیەکان نوێژیش ئەبینن وشایەتومانیش ئەبینن لەخەڵکەکە هێشتا هەرکەسێ ببینن لەم وڵاتانە تەکفیری ئەکەن وبەکافری ئەزانن کەچی نەجدیەکان ئەفەرموون کاتێ بەموتڵەق ـی وترا خەڵکی فڵان شوێن کافرن بۆت نیە هەرکەسێکت بینی لەو شوێنە تەکفیری بکەیت چونکە لەوانەیە موسڵمان بێت واتا لەترسی ئەوەی نەکا موسڵمانی لێ بێت ڕێگری لەتەکفیری کەسی دیاریکراو ئەکەن.

بۆیە ئەمە جیاوازی نێوان مەنهەج ـی زانایانە بەڵام ئەهلی کۆپی پەیست دەرزەنێ وتەی سایتەکان ئەهێنێت وەک خۆی دای ئەنێت وائەزانێت تاوتەی زیاتر بێنێت ئەوا زیاتر خەڵک پێی ئەخەڵەتێ بێ ئاگایە لەوەی علم تەنها ئەوەنیە وتە نەقڵ بکەیت بەڵکو علم ئەوەیە وتەکان هەمووی جەمع بکەیت و مانایە سەحیحەکە ومەبەست ـی زاناکەی پێ دەربکەیت وە جیاوازی بکەیت لەنێوان ئەوەی ئایا ئەوفەتوا بۆچی شوێنێک وتراوە و حاڵی خەڵکی شوێنەکە چۆن بوە تائەو فەتوایە دراوە نەک تەنها ڕووکەش فەتواکە بهێنیت بێ ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی فەتواکە وپاڵنەرەکان و واقع ـی فەتواکە کەبەڕاستی ئەمە کارەساتی گەورەیە وبەڵایەکیماڵوێرانکەرە کەدین ـی خەڵکەکان بەرەو بیدعەیەکی پیس ـی خەواریج ـی ئەبات کەعاقیبەت ـی دین ودوونیای بەخراپە بەسەردا ئەشکێتەوە الله تعالی پەنامان بات و بمانپارێزێت لەفیتنە وشەڕیان.

عمومیەکان ڕووداوێک وچەند ڕوداوێک ئەگێڕدرێتەوە بۆتانەدان لە ئیمامی ابو حسنی ئەشعەری رحمە اللە تعالی

سەرەتا ئێمە بنەمایەکی شەرعیمان هەیە وتەی دژایەتی زانایان لەسەر یەکتری ناکرێت بەبەڵگە بەڵکو ئەپێچرێتەوە وناگێڕدرێتەوە ...

ڕووداوێک وچەند ڕوداوێـک ئەگێڕدرێتەوە بۆتانەدان لە ئیمام ـی ابو حسن ـی ئەشعەری رحمه الله تعالی سەرەتا ئێمە بنەمایەکی شەرعیمان هەیە وتەی دژایەتی زانایان لەسەر یەکتری ناکرێت بەبەڵگە بەڵکو ئەپێچرێتەوە وناگرڕدرێتەوە.

هاوەڵی بەڕێز ابن عباس رضي الله عنهما فەرموویـەتی : **خذوا العلم حيث وجدتم ولا تقبلوا قول الفقهاء بعضهم على بعض فإنهم يتغايرون.**
زانست وەربگرن لەهەرکوێدا دەستان کەوت بەڵام وتەی فوقەهایان لەسەریەکتری وەرمەگـرن چونکە ئەوان لەناوخۆیاندا غیرە وئیرەی بەیەکتری ئەبەن.

ئیمام ـی مالکیش فـەرموویەت ـی : **يُؤْخَذُ بِقَوْلِ الْعُلَمَاءِ وَالْقُرَّاءِ فِي كُلِّ شَيْءٍ إلا قَوْلَ بَعْضِهِمْ فِي بَعْضٍ.**
وتەی زانایـان وقورئانخوێـنەکان وەرئەگیرێت لەهەموو شـتێکدا تەنها ئەوەنەبێت قسەیان لەسەریەکتری وەرناگیرێت.
ـــ جامع بيان العلم وفضله -لابن عبد البر- باب حكم قول العلماء بعضهم في بعض.

ئیمام ـی الذهبی رحمه الله تعالی فەرموویەت ـی : **كلام الأقران بعضهم في بعض لا يعبأ به لاسيما إذا لاح لك أنه لعداوة أو لمذهب أو لحسد وما ينجو منه إلا من عصمه الله وما علمت أن عصراً من الأعصار سلم أهله من ذلك سوى الأنبياء والصديقين.**

وتەی هاوتەمەن وهاوپیشـەکان لەسەر یەکتری بایەخـی پێ نادرێت بەتایبەت گەر بۆت دەرکەوت دژایەتی مەزهەبی لەنێوانیـاندا هەیـە یان حەسـادەت کەهیچ کەسێک لەمـە ڕزگاری نابێت مەگەر کەسێک الله تعالی پاراستبێتی نەمزانیوە هیچ سەردەمێک هەبوبێت خەڵکەکەی لەم دیاردەیـە پارێزراوبوبێت جگە لەپێغەمبەران و ڕاستگۆیـان.

وە نمونەش زۆرە کەزانایان ـی هاوشانی یەکتر قسەیـان بەیەکتری وتوە تائاستی تەکفیر وحەڵاڵکردن ـی خوێنیش.

بۆنموونه :

• تەکفیری ابن ابی ذئب بۆ ئیمام ـی مالك وەک ئیمام ـی ئەحمەد گێڕاویەتیەوە بەڵام ئیمام ـی ئەحمەد ڕووە ڕاستیەکە دەرئەخات فەرموویەتی : **بلغ ابن أبي ذئب أن مالكا لم يأخذ بحديث البيعان بالخيار فقال يستتاب في الخيار فإن تاب وإلا ضربت عنقه ومالك لم يرد الحديث، ولكن تأوله على غير ذلك.**

گەشت بەابن ابی ذئب کەمالك فەرموودەی (البيعان بالخيار) وەرناگرێت ابن ابی ذئب وتی داوای تەوبەی لێ ئەکرێت تەوبە نەکات لەملی ئەدرێت (ئیمام ئەحمەد رحمه الله تعالى ئەفەرموێت) بەڵام مالك فەرموودەکەی ڕەد نەکردۆتەوە بەڵکو بەشێوازێکی تر لێی تێگەشتبوو تەئویلی کردبوو.

— الطبقات الحنابله 353.

• وەهەروەها نمونەی ئیمام ـی الذهلی کەتۆمەت ـی جەهمی بوونی یایە پاڵ ئیمام ـی بوخاری رحمهم الله تعالى کاتێک کەبینی خەڵک زۆرتر بەرەو لای ئیمام ـی بوخاری ئەچن و کۆڕ ومجلس ـی خۆی خەریک چۆڵ ئەبێت حەسادەت گرت ـی و تۆمەت ـی یایە پاڵ ئیمام ـی بوخاری وەک ئیمام ـی الذهبی دەقاو دەق بەوشێوازە باسی کردووە.

— سير أعلام النبلاء (12/ 453).

• وەهەروەها وتەی ئیمام ـی مالك لەسەر محمدی کوڕی اسحاق ـی کوڕی یسار کەپێی وتوە دەجالێکە لەدەجالەکان.

— سير أعلام النبلاء (8/ 71).

• وەهەروەها قسە وتنی ئیمام ـی النسائی بە ئەحمەدی کوڕی صالح کاتێ ئەحمەدی کوڕی صالح ئیمام ـی النسائی لەمجلس ـی خۆی دەرکرد ئیمام ـی النسائی ئەمە لەدڵدا بوو بەڕقێک بۆیە ئەیفەرموو ئەحمەد کەسێکی جێگەی متمانە نیە وسیقە نیە.

— سير أعلام النبلاء (11/ 83).

کەواتا ئەکرێت زانایان هەنێ کات لەبەر توڕەبون یان ئیرەیی یان غیرەکردن یان جیاوازی مەزهەب ـی حوکمێکی ناڕەوا وتۆمەت بەن بەسەر زانای بەرامبەریان بەناهەق وەک ئەوچەند نمونەیە وەنمونەی تۆمەتەکەی ئیمام ـی الذهلی بۆ بوخاری زۆر ڕوونە کەبخاری بەئاشکرا ڕەدی ئەکردەوە کەلەفزی بەقورئان مەخلوق بێت لەگەڵ ئەوەشدا الذهلی سووربوو لەسەر ئەو بوهتانە ئەمەش وەک زانایان فەرموویانە تەنها حەسادەت بووە بۆیە وتەی زانا لەسەر عەیبدارکردن ـی زانایەکی تر ئەچێتە ناو ئەوبنەمایەی کاتێ ئەو زانایە لەناو موسڵمانان‌دا ئیمامەتی بۆچەسپاوە و بەکەسێکی ڕاستگۆ و عەدل ناسراوە ئەوا ئاوڕ نادرێتەوە بەوتەی زانایەکی تری هاوتەریب ـی خۆی کاتێ عەیبداری ئەکات.

ئیمام ـی ابن عبدالبر رحمه الله تعالی فەرموویەت ـی : **هَذّا بابٌ قَد غَلِطَ فِيهِ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ, وضَلَّت بِهِ نَابِتَةٌ جَاهِلَةٌ .. وَالصَّحِيحُ فِي هَذَا البَابِ أَنَّ مَنْ صَحَّتْ عَدَالَتُهُ, وَثَبَتَت فِي العِلمِ أَمَانَتُهُ, وَبَانَت ثِقَتُهُ وَعِنَايَتُهُ بِالعِلمِ لَم يُلتَفَت فِيهِ إِلَى قَولِ أَحدٍ.**

ئەمە بابەتێکە زۆرێک لەخەڵکی تێیدا بەهەڵەچون وکۆمەڵێکی نەزان ـی پێ گومڕابوە .. وتەی ڕاست لەم بابەتە ئەوەیە هەرکەسێک عەدالەت ـی جێگیربوبێت و زانست وئەمانەت ـی زانست ـی جێگیربووبێت وە متمانە و بایەخ دان ـی بەزانست جێگیربوبێت ئەوا ئاوڕ نادرێتەوە بۆوتەی هیچ کەسێک کەعەیبداری بکات.

بۆیە ئیمام ـی ئەبو حسن پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆمەنهەج ـی ئەهلی سونەت وخەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن وبایەخیان بەزانستەکەی ئەیا و عیبادەت وعلم وتەقوای لەناوخەڵکیدا بەگشتی جێگەی بایەخ بوو بۆیە هەنێ زانا لەبەر جیاوازی هەنێ تێڕوانین تانەیان لەگەڕانەوەکەی یا و پێیان وابوو تەوبەی نەکردووە بۆیە حوکم ـی قورس وتۆمەتیان ئاڕاستەی ئەکرد یەکێک لەو تۆمەتانە ئەوەیە.

ئیمام ـی الذهبي في **سير أعلام النبلاء 16/477** باسی ئەکات ولە کۆتایشدا ڕووە ڕاستەکەی ڕوون ئەکاتەوە ئەفەرموێت : **زَاهِرَ بنَ أَحْمَدَ يَقُوْلُ: نَظَرْتُ فِي صِيْرِ بَابٍ، فَرَأَيْتُ أَبَا الحَسَنِ الأَشعرِيَّ يَبُولُ فِي البَالوعَةِ، فَدَخَلتُ، فَحَانَت الصَّلاَةُ، فَقَامَ يُصَلِّي، وَمَا كَانَ تَمَسَّحَ وَلاَ تَوَضَّأَ، فَذَكَرْتُ الوضُوءَ، فَقَالَ: لَسْتُ بِمُحْدِثٍ. قلت :" لعله نسي.**

زاهر بن احمد وتویەتی لەدرزی دەرگاوە بینیم ابو حسن ـی ئەشعەری میزی کرد پاشان چومە ژورەوە بۆلای کاتی نوێژ داهات وهەستا ونوێژی کرد نەمەسحی کرد نەدەست نوێژی گرتەوە منیش دەستنوێژم بیرهێنایەوە ئەویش وتی من دەستنوێژم هەیە وبێ دەستنوێژ نیم.

ئیمام ـی الذهبی لەلێدووان ـی لەسەر ئەم ڕووداوە ئەفەرموێت : (لەوانەیە ئەبو حسن بیری چووبێتەوە).

ئەمەش دەقاو دەق وەک ئەو تەفسیرەیە کەئیمام ـی احمد هێنایەوە بۆ ئیمام ـی مالک کەفەرمووی ئەو فەرموودەکەی ڕەد نەکردۆتەوە بەڵکو لێکدانەوەی جیاوازی بۆکردووە، بۆیە موسڵمان ئەبێت گومان ـی باش بەریت بەموسڵمان چجای بەگەورە زانایەکی ئاوا کەبەپێی ڕووداوەکە کات ـی نێوان میزکردنەکەی تاکات ـی هاتنی نوێژەکە ماوەیەکی لەنێواندا بووە بۆیە بیرچونەوە لەهەموو مرۆڤێک ڕووئەیات وەکچۆن تەنانەت پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دووڕکات نوێژی کرد وایزانی کەوا چوار ڕکات ـی کردوە چونکە بیری چوبویەوە بۆیە وەک ئیمام ـی زەهەبی فەرمووی ئەبێت گومان ـی خێری بۆبهێنرێتەوە چونکە مرۆڤ ئامادەیە بۆلەبیرچونەوە پاشان ئەم وتانەش لەو وتانەیە کەزانایانی هاوشان ـی یەک بۆ ناشرین کردن ـی یەکتری ئەیڵێن کە ئەم وتانە دوورنین لەئیرەی و حەسادەت و ڕق ـی مەزهەب ـی بۆیە نەک ناکرێت بەبەڵگە بەڵکو هەر نابێت بگێڕدرێتەوە.

پاشان ئەم وتەیە و ئەو وتانەی تریش کەهاوشێوەی ئەمەن دیار نیە ئایا هی پێش سەردەم ـی تەوبەکەی بووە یان دووای تەوبەکەی چونکە هیچ ئاماژەیەکی تێدانیە کەئەم ڕووداوانە هی پاش سەردەم ـی تەوبەکردنەکەی بێت بۆیە ئەم وتانە گەر ڕاستیش بێت گریمانە ئەکرێت هی سەردەم ـی پێش تەوبە کردن بێت مادام ڕووداوێکیش دووگریمانە هەڵبگرێت بەهیچ جۆرێک نابێت بەبەڵگە چجای ئەوەیە بابەتەکە کلام ـی الاقران (واتا قسەی دووزانای دژبەیەکە لەسەر یەکتری) ئەمەش بەهێزترین هۆکارە تانەگێردرێتەوە چجای بکرێت بەبەڵگە بۆیە لەبەر ئەوەی ئەوزانایانە کە منافس ـی یەک بوونە ئاماژەیان بەوە نەیاوە کەابوحسن لەکام

قۆناغدا ئەوانەی کردووە و لەهەمان کاتیشا ناکۆکی توند لەنێوان هەردوو ئاڕاستەکە هەبوە بـۆیە وتەکانیـان ناگێڕدرێتەوە چجای ئەوەی کەهەرنا ناکرێت بەبەڵگە لەدژی ئیمام ـی ئەبو حسن لەبەر چەندین هۆکار وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێیا.

شیخ الإسلام ابن تیمیة کێیە و وەسفی زاناکان چۆنیبووە بۆی؟
وەڵامی بوهتانی عومیە خەوارجیەکان

ابن تیمیە کێیە؟

شيخ الإسلام أحمد بن عبد الحليم بن تيمية نوێکەرەوەی ئیسلام لەساڵی ٦٦١ هجری لەدایک بوە ولەساڵی ٧٢٨ هجری کۆچی دوای کردووە زیندووکەرەوەی مەنهەج ی سەلەف بوو لەسەردەمێکدا کە جەهمیەت وئەشعەریەت باڵیان بەسەر ئومەتی ئیسلامیدا کێشابوو زیندان کرا وئەشکەنجەدرا لەپێناو چەسپاندنی عەقیدەی سەلەف و گەیاندنی وتەکانی سەلەف بەئومەتبزانابووە لەعەقیدە و لەفیقهـ و لەفەرمووده ولەتفسير و لەمێژوو و لەنحو صرف و هیچ بوارێک نیە شێخ ی ئیسلام پشکی گەورەی نەبوبێت لەزانست لەسەری.

شایەتی زانایان لەسەر ئیمام ابن تیمیە

١- ئیمام ی الحافظ ابن عبد الهادي : شێخ ی العلامة، الحافظ، وفەرموودەناس شمس الدين محمَّد بن أحمد بن عبد الهادي المقدسي، الصَّالحي، الحنبلي. 744هیجری وەفاتی کردووە.

دەفەرموێت لەکتێبەکەیدا **"مناقب ابن تيمية" : وَكَانَ - رَحمَه الله - سَيْفاً مسلولاً على الْمُخَالفين، وشَجاً فِي حلوق أهل الْأَهْوَاء من المبتدعين. وإماماً قَائِماً بِبَيَان الْحقِّ، ونصرة الدّين.**

ڕەحمەتی الله ی لێ بێت (ابن تيميه) شمشێری هەڵکێشراوبوو لەسەر پێچەوانکارانی سونەت وەگرێیەک بوو لەگەروی ئەهلی ئارەزوو لەبیدعەچیەکان وە پێشەوا بوو لەڕونکردنەوەی هەق و سەرخستنی دین.

٢- ئیمام ی ابن دقيق العيد ی شافعی زانای فەقیهـ وفەرموودەناس دەفەرموێت :
لمَّا اجْتمعت بِابْن تَيْمِية رأيتُ رجلاً الْعُلُوم كلهَا بَين عَيْنَيْهِ يأخذ مِنْهَا مَا يُرِيد.

کاتێ گەشتم بەابن تیمیە بینیم پیاوێکە هەرچی زانستە لەنێوچاوانیدا پێویستی بەهەرزانستێ بێت بەویستی خۆی لەوزانستە هەڵدەبژێرێت.

٣- الصفي الهندي فەقیهـ و زانای ئصولی قاضی مصر وشام وموفتی ئیسلام محمد ابن الشيخ صفى الدين الانصارِي لە715 ی هیجری وەفاتی کردووە دەفەرموێت :

إن لم يكن ابْن تَيْمِية شيخ الْإِسْلَام فَمن؟!
ئەگەر ابن تيميه شـێخ ـی ئيسلام نەبێت كێ شـێخ ـی ئيسلامه ؟.

٤ - ابن الزملكاني شافعـی فەقیهـ وئصولی ئیمامی شافعیەكان له727 هیجری وەفاتی كردووه ـدەفەرموێت : الحافظ ابن رجب – رحمه الله تعالى – له **(طبقات)** دەفەرموێت : **وَبَلغنِي من طَرِيق صَحِيح عَن ابن الزملكاني: أَنَّه سُئِلَ عَن الشَّيْخ – يَعْنِي ابْن تَيْمِية – فَقَالَ: لم يُر من خَمْسمِائَة سنة – أَو قَالَ أَرْبَعمِائَة سنة.**

پێم گەیشتوه بەڕێگەی سەحیح لەابن الزملكان ـی پرسیاری لێكراوه لەبارەی ابن تیمیه فەرمویەتی لەماوەی ٥٠٠ساڵ یان ٤٠٠ ساڵی پێشوو هاوشێوەی ابن تیمیه نەبوه.

وەلەسەر **كتاب ـی (بيان الدَّليل على بطلان التَّحليل)** ـەكەی ابن تیمیه نوسیویەتی: (ئەم كتێبه لەنوسراوی شێخ ـی گەورەمان وپێشەوامان شێخ ـی ئیمام وزانا و عەلامـه لێهاتوو لەلەبەركردن خاوەن زوهد و وەرع شێخ تقی الدين شيخ الاسلام گەورەی زانایان پێشەوای چاكەكاران سەرخەری سونەت وشكێنەری بیدەعەكان حوجەی الله بەسەر دروستكراوەكانی وەڵامـدەرەوەی گومانەكانی ئەهلی گومڕای وعینادی زانایەكی كرداركار بەعلمەكەی كۆتا زانای موجتەهید أَحْمد بن عبد الْحَلِيم بن عبد السَّلَام ابْن عبد الله بن أبي الْقَاسِم بن مُحَمَّد بن تَيْمِية الْحَرَّانِي).

٥ - الخوارزمي شێخ وزانا ـی فەرمووده‌ناس ابو المعالی محمد بن طغريل الخوارزمی ٧٣٧ هیجری وەفاتی كردووه لەنوسراوێكیدا بەناونیشانی **(سماع طبقة)** ـدەفەرموێت : **وَسَيِّدنَا الشَّيْخ الْإِمَام، الْعَلامَة، الصَّدْر الْكَبِير، الْكَامِل، الْقدْوَة، الْحَافِظ، الزَّاهِد، العابد، الْوَرع، شيخ الْإِسْلَام، مفتي ،حجَّة الْمذَاهب، مقتدى الطوائف، لِسَان الشَّرِيعَة، مُجْتَهد الْعَصْر، وحيد الدَّهْر، إِمَام الْأَئِمَّة، تَقِيّ الدّين، أبي الْعَبَّاس، أَحْمد ....**

گەورەمان ئـیمام و عەللامه سنگ فراوان و كامـڵ و پێشەوا و حافظ و زاهـید و الله پەرست و خاوەن وەرع شـێخ ـی ئیسـلام موفتی وبەڵگەی مەزهەبەكان پێشەوای كۆمەلەكان زمانـی شەریعەت و زانای موجتەهیدی سەردەم وتاكـەزانای سەردەم

پێشەوای پێشەواکان تقی الدین ابی عباس احمد بن عبدالحلیم ابن تیمیه رحمه الله.

٦ - الحافظ البرزالي شيخ وزانای فەرموودەناس و مێژووناس أبو محمَّد القاسم بن محمَّد بن يوسف، البرزالي، الإشبيلي الدِّمشقي لە ٧٣٨ هیجری وەفاتی کردوە لەمێژووەکەیدا لەکاتی باسی ابن تیمیه دەفەرموێت : **فَصَارَ إِمَامًا فِي التَّفْسِير، عَارِفًا بالفقه. فَيُقَال: إِنَّه كَانَ أعرف بِفقه الْمذَاهب من أَهلهَا، الَّذين كَانُوا فِي زَمَانه وَغَيره. وَكَانَ عَالما باخْتلَاف الْعلمَاء، عَالماً بالأصول وَالْفُرُوع، والنحو، واللغة،**

بوو بەئیمام لەزانستی تەفسیر وەزانابوو لەفیقهـ وەوتراوە لەئەهلی مەزهەبەکان شارەزاتربوە بەمەزهەبەکان ئەوانەی کەلەسەردەمی خۆیدا بون وە زانابوە بە ڕاجیاوازی زاناکان وەزانابوە بە ئصول وبەفروع وبەنەحو بەزمان.

وَأما الحَدِيث: فَكَانَ حَامِل رايته، حَافِظًا لَهُ، مُمَيّزاً بَين صَحِيحه وسقيمه، عَارِفًا بِرِجَالِهِ.

وەلەڕوانگەی فەرموودەوە خۆی هەڵگری ئاڵای فەرموودەبوو لەبەرکەری فەرموودەبوو جیاکەرەوەی حدیث ـی سەحیح وزەعیف بوو زانابوو بەپیاوانی سەندەکانی فەرموودە.

وَله تصانيف كَثِيرَة، وتعاليق مفيدة فِي الْأُصُول وَالْفُرُوع. وَأثْنى عَلَيْهِ وعَلى فضائله، وعلومه جمَاعَةٌ من عُلَمَاء عصره، مثل: ابْن دَقِيق الْعِيد، وَابْن النّحاس، وَالْقَاضِي الْحَنَفِيّ: قَاضِي قُضَاة مصر ابْن الحريري، وَابْن الزملكاني، وَغَيرهم.

وەچەندان کتێب ونوسراوی هەیە چەندان لێدوانی بەسودی هەیە لەزانستی ئصول وفەرع وەزانایان ـی سەردەمی خۆی وەسفی چاکەکانی ابن تیمیه وزانستەکەیان کردوە نمونەی ابن دقیق العید وابن النحاس و القاضی الحنفی و ابن الحریر و ابن الزملکانی وجگەلەوانیش.

٧ - الإمام الذهبي رحمه الله لەباسی مامۆستاکانیدا دەفەرموێت : **هو شيخنا ، وشيخ الإسلام ، وفريد العصر ، علماً ، ومعرفة ، وشجاعة ، وذكاء ، وتنويراً إلهيّاً ،**

ونصحاً للأمَّة ، وأمراً بالمعروف ، ونهياً عن المنكر ،

شێخ ـی ئیمە و شێخ ـی ئیسلام وتاکەزانای سەردەمی خۆی بو لە زانست وشارەزای وبوێری و زیرەکی و ڕوناکیەکـ بوو لەلایەن الله ـوە کەسێکی ئامۆژگاریکاربوو بۆئومەت وفەرمانکار بەچاکە وڕێگری کار بوو لەخراپە

ونصر السنَّة بأوضح حجج، وأُوذي في ذات الله من المخالفين ،

سونەت ـی سەرخست بەڕونترین بەڵگەکان وە لەم پێناوەشدا ئازار ـدرا لەلایەن پێچەوانکارانی.

فلو حلفت بين الركن والمقام لحلفت : إني ما رأيت بعيني مثله ، وأنه ما رأى مثل نفسه.

ئەگەر سوێند بخۆم لەنێوان ڕوکن ومقام من بەچاوی خۆم هاوشێوەی ابن تیمیەم نەبینیوە خۆشی هاوشێوەی خۆی نەبینیووە.

— ذيل طبقات الحنابلة " لابن رجب الحنبلي (4 / 390).

٨ - عماد الدين الواسطي رحمه الله ـدەڵێت : **والله ، ثم والله ، لم يُرَ تحت أديم السماء مثل شيخكم ابن تيمية ،**

والله ـی پاشان والله ـی لەژێر ئاسمانەکان کەسم نەبینیوە وەکـ شێخەکەتان ابن تیمیە.

علماً ، وعملاً ، وخلُقاً ، واتِّباعاً ، وكرماً ، وحلْماً ، وقياماً في حق الله تعالى عند انتهاك حرماته ، أصدق النَّاس ، وأصحهم علماً

کەسم نەبینیوە وەکـ ابن تیمیە خاوەن علم و کـردار بێت و خاوەن ڕەوشـتـی جوان و شوێنکەوتە بێت و بەخشندە و لەسەرخۆ مافەکانی الله ـی دەپاراست کاتێ

سنورەكان ـی الله پێشێل كرابايە ڕاستگۆترین ـی خەڵكی وخاوەن ڕاسترین زانست لەناوخەڵكدا.

وأكملهم اتباعاً لسنَّة محمد صلى الله عليه وسلّم ، ما رأينا في عصرنا هذا مَن تستجلي النبوة المحمدية وسننها من أقواله وأفعاله إلا هذا الرجل يشهد القلب الصحيح أن هذا هو الاتباع حقيقة.

وە تەواترینی خەڵكان بوو لەشوێنكەوتنی بۆ سونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاوشێوەی ابن تيميەمان نەبینی لەم سەردەمەمان كەسێك سونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەوتە وكرداری ـدا ڕەنگ بداتەوە ئیلا ئەم پیاوە نەبێت كەدڵی ساغ ئەم شاهێدیە ئەیات كەئەمە شوێنكەوتنە بەهەقیقەت.
— " العقود الدرية " (ص 311) .

٩ - الحافظ جلال الدين السيوطي رحمه الله ـدەفەرموێت : **ابن تيمية ، الشيخ ، الإمام ، العلامة ، الحافظ ، الفقيه ، المجتهد ، المفسر البارع ، شيخ الإسلام ، علَم الزهاد ، نادرة العصر ، تقي الدين أبو العباس أحمد المفتي شهاب الدين عبد الحليم بن الإمام المجتهد شيخ الإسلام مجد الدين عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم الحراني.**

ابن تيميە شێخ و پێشەوا و عەلامە و حافظ فەقیهـ و موجتەهید و موفەسیری لێهاتوو شێخ ـی ئیسلام وئاڵای زاهیدان وكەم وێنەی سەردەم شيخ تقى الدين ابو العباس احمدالمفتى شهاب الدين عبدالحليم بن الامام المجتهد شيخ الاسلام مجد الدين عبدالسلام بن عبدالله بن ابى قاسم الحرانى.

وعني بالحديث ، وبرع في الرجال ، وعلل الحديث ، وفقهه ، وفي علوم الإسلام ، وعلم الكلام ، وغير ذلك. وكان من بحور العلم ، ألَّف ثلاثمائة مجلدة ، وامتحن وأوذي مراراً.
گرنگی ـداوە بەفەرموودە وزانستی پیاوانی سەنەدی فەرموودە و كێشەكانی فەرموودە وە گرنگی یاوە بەفیقهـ و وزانستەكانی ئیسلام وجگەلەوانەش وە دەریایی زانست بوو ٣٠٠ بەرگە كتێبی نوسیوە تاقیكرايەوە وچەندین جار ئازاردرا. **—" طبقات الحفاظ " (ص 516 ، 517) .**

١٠ - الإمام الحافظ ابن حجر العسقلاني الشافعي رحمه الله لەبارەی شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله ـدەفەرموێت لەلێدوانی بۆ كتێبی **(الرد الوافر على من زعم أن من سمى ابن تيمية شيخ الإسلام كافر)** ابن حجر نوسيويەتی : **وشهرة إمامة الشيخ تقي الدين أشهر من الشمس ، وتلقيبه بـ " شيخ الإسلام " في عصره باق إلى الآن على الألسنة الزكية ، ويستمر غداً كما كان بالأمس ، ولا ينكر ذلك إلا من جهل مقداره ، أو تجنب الإنصاف ،**

ناوبانگ وئيمامەت ـی شيخ تقی الدين لەخۆر ئاشكراترە وە نازناولێنانی بەشێخ ـی ئيسلام لەسەردەم خۆيەوە تائێستا بەردەوامە لەسە زمانە پـاكەكان وە لەداهاتوش بەردەوام ئەبێت وەكچۆن لەڕابـردوو بەردەوام بوو وەكەس نيە نكۆڵـی پلەی شێخ ئيـسلام بكات ئيلا كەسـێ نەبێت نەزان بێت بەپێگەی ابن تيميە يان كەسێک بێت دووربێت لەئينصاف.

ولو لم يكن من الدليل على إمامة هذا الرجل إلا ما نبَّه عليه الحافظ الشهير علم الدين البرزالي في " تاريخه " : أنه لم يوجد في الإسلام من اجتمع في جنازته لما مات ما اجتمع في جنازة الشيخ تقي الدين.

ئەگەر هيچ بەڵگەيەک نەبێت لەسەر ئيمامەتی ئەوپياوە (ابن تيميە) تەنها ئەوەنەبێت كـە حافظ البرزالی لەمێژووكەيـدا گێڕاويەتيەوە كەدەڵێت (لەمێژوی ئيسـلامدا نەبوە هێندە خەڵک كۆببێتەوە بۆ جەنازەيەکـ وەک كۆبونەوەيان بۆ جەنازەی شـێخ تقی الدين ابن تيميە.

ومع حضور هذا الجمع العظيم : فلم يكن لذلك باعث إلا اعتقاد إمامته وبركته ، لا بجمع سلطان ، ولا غيره ، وقد صح عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال : (أنتم شهداء الله في الأرض) ــــ رواه البخاري ومسلم.

وە ئامادەبونی ئەو هەمووخەڵكەش بۆجەنازەكەی پاڵنەرەكەی هيچ نەبوە تەنها ئەوەنەبيت خەڵکـ بڕوايان بەپێشەوايەتی وپيرۆزبونی هەبوە نەكاربەدەست كۆی كردنەوە نەهيچی تـر وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووييەتی (ئێوە شـاهێدی الله ـن لەسەر زەوی).

١١ - ئیمام ـی ابن قیم رحمه الله لەژیاننامەی ابن تیمیة ـدەفەرمویٚت : **شیخ الإسلام وَالْمُسْلِمين، الْقَائِم بِبَيَان الْحق، ونصرة الدّين، الدَّاعِي الى الله وَرَسُوله، الْمُجَاهِد فِي سَبيله.وَهُوَ الشَّيْخ الْعَلامَة، الزَّاهِد، العابد، الخاشع، الْحَافِظ، المتبع: تَقِيّ الدّين، أَبُو الْعَبَّاس، أحْمَد بن الشَّيْخ الامام الْعَلامَة شيخ الإسلام، أبي المحاسن، عبد الْحَلِيم بن الشَّيْخ الْإِسْلَام ومفتي الْفرق، عَلامَة الدُّنْيَا، مجد الدين، عبد السَّلَام.**

شێخ ـی ئیسلام وموسڵمانان ڕونکەرەوەی هەق و سەرخەری دین وبانگخواز بۆلای الله وپێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم و تێکۆشەری ڕێگەی الله ئەوویش شێخ ـی عەلامە زاهید و الله پەرست وخۆشکێن بۆ الله حافظ وشوێنکەوتە بۆسونەت شێخ تَقِيّ الدّين، أَبُو الْعَبَّاس، أحْمَد بن الشَّيْخ الامام الْعَلامَة شيخ الإسلام، أبي المحاسن، عبد الْحَلِيم بن الشَّيْخ الْإِسْلَام ومفتي الْفرق، عَلامَة الدُّنْيَا، مجد الدين، عبد السَّلَام.

١٢ - ئیمام ابن مفلح المقدسي رحمه الله ـدەفەرمویٚت له **طبقة سماع (لجزء الحسن بن عرفه)** فەرموویەتی : **الشَّيْخ، الإِمَام، الْعَالم الْعَلامَة، الْحجَّة، الْحَافِظ، الزَّاهِد، العابد، الْوَرع، شيخ مَشَايِخ الْإِسْلَام، بَقِيَّة الْأَئِمَّة الْأَعْلَام. إِمَام الْأَئِمَّة، قدوة الْأمة، عَلامَة الزَّمَان، بَحر الْعُلُوم: تَقِيّ الدّين، أبي الْعَبَّاس، أَحْمد ...**

شێخ ـی ئیمام عالم وعەلامـه ، شێخ ـی بەڵگە حافظ وزاهید و الله پەرست شێخ ـی شیخەکانی ئیسـلام پاشماوەی پێشەوا دیارەکـان پێشەوای پێشەواکان پێشەوای ئومـەت زانای دیاری سـەردەم دەریایی زانستەکان شێخ تقی الدین ابی العباس ابن تیمیه.

وبەهەمان شێوە شێخ أبو محمد الحلبي ـی فەرموودەناس ومێژووناس لەکتاب ـی **(درة الأسلاك فِي دولة الأتراك)** لەباسی ژیاننامەی شێخ ـی ئیسـلام بەئیمامی ئەهلی سونەت ناوی دەبات : **وَإِمَامٌ فِي معرفَة الْكتاب وَالسُّنة، وَهَمَّامٌ لَا يمِيل إِلَى حلاوةٍ من الْمِنَّة. كَانَ ذَا ورع زَائِد، وزهد فَرعه – فِي روض الرِّضى – مائد. وسخاء وشجاعة، وعزلة وقناعة. وتصانيف مَشْهُورَة، وفتاوى أعلامها منشورة. يصدع بِالْحَقِّ، وَيتَكَلَّم فِيمَا جلّ ودقَّ. وَيَأْمُر بِالْمَعْرُوفِ وَينْهى عَن الْمُنكر، ويثابر على إِقَامَة الْحُدُود؛ إِن شُكر أَو لم يُشْكر.**

١١ - ئيمام ـى ابن قيم رحمه الله لەژياننامەى ابن تيمية ـدەفەرمویّت : **شيخ الإسلام وَالْمُسْلِمين، الْقَائِم بِبَيَان الْحق، ونصرة الدّين، الدَّاعِي الى الله وَرَسُوله، الْمُجَاهِد فِي سَبيله.وَهُوَ الشَّيْخ الْعَلامَة، الزَّاهِد، العابد، الخاشع، الْحَافِظ، المتبع: تَقِيّ الدّين، أَبُو الْعَبَّاس، أحْمَد بن الشَّيْخ الامام الْعَلامَة شيخ الإسلام، أبي المحاسن، عبد الْحَلِيم بن الشَّيْخ الْإِسْلَام ومفتي الْفرق، عَلامَة الدُّنْيَا، مجد الدين، عبد السَّلَام.**

شێخ ـى ئيسلام وموسڵمانان ڕونكەرەوەى هەق و سەرخەرى دين وبانگخواز بۆلاى الله وپێغەمبەرەكەى ﷺ و تێكۆشەرى ڕێگەى الله ئەوويش شێخ ـى عەلامە زاهيد والله پەرست وخۆشكێن بۆ الله حافظ وشوێنكەوتە بۆسونەت شێخ تَقِيّ الدّين، أَبُو الْعَبَّاس، أحْمَد بن الشَّيْخ الامام الْعَلامَة شيخ الإسلام، أبي المحاسن، عبد الْحَلِيم بن الشَّيْخ الْإِسْلَام ومفتي الْفرق، عَلامَة الدُّنْيَا، مجد الدين، عبد السَّلَام.

١٢ - ئيمام ابن مفلح المقدسي رحمه الله ـدەفەرمویّت لە **طبقة سماع (لجزء الحسن بن عرفه)** فەرموويەتى : **الشَّيْخ، الإِمَام، الْعَالم الْعَلامَة، الْحجَّة، الْحَافِظ، الزَّاهِد، العابد، الْوَرع، شيخ مَشَايِخ الْإِسْلَام، بَقِيَّة الْأَئِمَّة الْأَعْلَام. إِمَام الْأَئِمَّة، قدوة الأمة، عَلامَة الزَّمَان، بَحر الْعُلُوم: تَقِيّ الدّين، أبي الْعَبَّاس، أَحْمد ...**

شێخ ـى ئيمام عالم وعەلامـه ، شێخ ـى بەڵگە حافظ وزاهيد و الله پەرست شێخ ـى شيخەكانى ئيسلام پاشماوەى پێشەوا ديارەكان پێشەواى پێشەواكان پێشەواى ئومەت زاناى ديارى سەردەم دەريايى زانستەكان شێخ تقى الدين ابى العباس ابن تيميه.

١٣ - وبەهەمان شێوە شێخ أبو محمد الحلبي ـى فەرموودەناس ومێژووناس لەكتاب ـى **(درة الأسلاك فِي دولة الأتراك)** لەباسى ژياننامەى شێخ ـى ئيسلام بەئيمامى ئەهلى سونەت ناوى دەبات : **وَإِمَامٌ فِي معرفَة الْكتاب وَالسُّنة، وَهَمَّامٌ لَا يمِيل إِلَى حلاوةٍ من الْمِنَّة. كَانَ ذَا ورع زَائِد، وزهد فَرعه – فِي روض الرِّضى – مائد. وسخاء وشجاعة، وعزلة وقناعة. وتصانيف مَشْهُورَة، وفتاوى أعلامها منشورة. يصدع بِالْحَقِّ، وَيتَكَلَّم فِيمَا جلَّ ودقَّ. وَيَأْمُر بِالْمَعْرُوفِ وَينْهى عَن الْمُنكر، ويثابر على إِقَامَة الْحُدُود؛ إِن شُكر أَو لم يُشْكر.**

بەیانکردنی تۆبەی فخرالدین الرازی

فەخرالدين الرازى لەكۆتايى تەمەنيدا تەوبەى كردووە لەكوفرەكانى

الفخر الرازي كه له ساڵى ٦٠٦ هيجرى وەفاتى كردوە يەكێكە لەپێشەواكانى ئەشعەريەت بەڵام جياواز لەهەموو ئەشاعيرەيەك كەوتبوە كۆمەڵێ كوفرى زەق وئاشكراوە بەهۆى كاريگەربونى بەفەلسەفەوە واى لێهات بوو كتێبى دەنوسى لەبارەى سيحر و پەرستنى ئەستێرە بەناونيشانى **" السر المكتوم في السحر ومخاطبة النجوم "** كەبەهۆى ئەم كتێبەوە زانايان حوكمى تەكفيريان بەسەريا بەڵام لەكۆتاى تەمەنيدا تەوبەى كردوو گەڕايەوە بۆ ئيسلام ووەسيەتى نوسى كەئەمرێت لەسەر بيروباوەڕى قورئان وسونەت وتەوبەى كرد لەعلمى كەلام وفەلسەفە.

ابن الصلاح ئەفەرموێت : القطب الطّوعاني دووجار پێى وتم : **أنه سمع فخر الدّين الرّازي يقول : يا ليتني لم أشتغل بعلم الكلام ، وبكى.**
گوێم لە فخر الدين ی الرازى بوو ئەيگوت خۆزگە خۆم سەرقاڵى زانستى كەلام نەكردبايە و ئەگريا. — **" شذرات الذهب " (7/41) .**

ئيمام ی ابن القيم رحمه الله ئەفەرمووێت : **أن الرازي " رجع إلى طريقة الوحي والآثار النبوية ".**
ڕازى گەڕاوەتەوە بۆڕێگاى وەحى و ئاثارى پێغەمبەر ﷺ.
— **" الصواعق المرسلة " (3/1166) ، " اجتماع الجيوش الإسلامية " (ص 194).**

ئيمامى ڕاڤەكارى قورئان وگەورە مێژوونوس ئيمام ی ابن كثير رحمه الله له **"البداية والنهاية " (12-17/11)** ئەفەرموێت : **" وَقَدْ ذَكَرْتُ وَصِيَّتَهُ عِنْدَ مَوْتِهِ ، وَأَنَّهُ رَجَعَ فِيهَا إِلَى طَرِيقَةِ السَّلَفِ ، وَتَسْلِيمِ مَا وَرَدَ عَلَى الْوَجْهِ الْمُرَادِ اللَّائِقِ بِجَلَالِ اللَّهِ تَعَالَى ".**
وەسيتەكەيم باسكردووە لەكاتى مردنيدا كەگەڕاوەتەوە بۆ ڕێبازى سەلەف و تەسليم بون بەهەموو ئەو دەقانەى هاتوە بەوشێوەى كەشايستەو گونجاوە بەرامبەر بە الله تعالى.

ئيمام ی الذهبي رحمه الله لەژياننامەى الفخر الرازي له **" السير " (21/500)** ئەفەرموێت : **" العلامة الكبير ذو الفنون فخر الدين محمد بن عمر بن الحسين القرشي البكري الطبرستاني الأصولي المفسر ، كبير الأذكياء والحكماء والمصنفين ،**

زانای گەورەی خاوەن هونەر فەخره الدين محمدبن عمر بن الحسين القرشى البكرى الطبرستانى ئصولى وڕاڤەكارگەورەی زیرەک وداناکان ونوسرەکان.

وقد بدت منه في تواليفه بلايا وعظائم ، وسحر وانحرافات عن السنة ، والله يعفو عنه ، فإنه توفي على طريقة حميدة ، والله يتولى السرائر.

لەنوسینەکانیدا چەند کارەسات وشتی گەورە وسیحر ولادان لەسونەت هەبوو الله لێی خۆش بێت چونکە کەمرد لەسەر ڕێگایەکی سوپاسکراو وباش مرد الله ـش ئاگاداری نهێنیەکانە.

شيخ الإسلام رحمه الله ئەفەرموێت لەبارەی ڕازیەوە : **لما ارتد عن دين الإسلام ، وأمر بالإشراك بالله تعالى وعبادة الشمس والقمر والكواكب والأوثان ، في كتابه الذي سماه : " السر المكتوم في السحر ومخاطبة النجوم.**

کاتێ لەئیسلام هەڵگەڕایەوە وفەرمانی بەهاوبەشدانان بۆالله ئەکرد بۆپەرستنی خۆر ومانگ وئەستێره وبتەکان لەکتێبەکەیدا کەناوی لێ نابوو "السر المكتوم فى السحر ومخاطبه النجوم.

وقد ذكر فيه عن أبي معشر أنه عَبَدَ القمر، وأن في عبادته ومناجاته من الأسرار والفوائد ما ذكر.

لەوکتێبەدا باسی ئەوەی کردووە کە ابی معشر مانگی پەرستوە وەلەپەرستنی مانگ وموناجاتکردن لەمانگ نهێنی وسودی وای تێدایە کەلەوکتێبەدا باسیکردوە ...

وإن كانوا رَجَعوا عن هذه الردة إلى الإسلام ، فإن سرائرهم عند الله.

ئەگەر چی ئەوان لەو ڕیدەیە گەڕاونەتەوە بۆ ئیـسلام بەڵام نهێنیەکانیان بۆلای الله یە.
— " بيان تلبيس الجهمية " (3/ 53-54).

وەفەرموویەتی : **"أَنَّ مِنْهُمْ مَنْ يُصَنِّفُ فِي دِينِ الْمُشْرِكِينَ وَالرِّدَّةِ عَنْ الْإِسْلَامِ ، كَمَا صَنَّفَ الرَّازِي كِتَابَهُ فِي عِبَادَةِ الْكَوَاكِبِ وَالْأَصْنَامِ ، وَأَقَامَ الْأَدِلَّةَ عَلَى حُسْنِ ذَلِكَ وَمَنْفَعَتِهِ ، وَرَغَّبَ فِيهِ ، وَهَذِهِ رِدَّةٌ عَنْ الْإِسْلَامِ بِاتِّفَاقِ الْمُسْلِمِينَ ، وَإِنْ كَانَ قَدْ يَكُونُ تَابَ مِنْهُ وَعَادَ إلَى الْإِسْلَامِ ".**

کەسی وایان هەیە کتێبی نوسیوە لەبارەی دینی مووشریکان وهەڵگەڕانەوە لەئیسلام وەکچۆن ڕازی کتێبی نوسی لەبارەی پەرستنی ئەستێرەوبتەکان وبەڵگەی تێدا هێناوەتەوە لەسەر باشی پەرستنی ئەوانە و سودەکانی ئەگەرچی ئەکرێت تەوبەی لەوەکردبێت و گەڕابێتەوە بۆئیسلام. — **" مجموع الفتاوى " (4/ 55).**

وە شێخ ـ ئیسلام ئیقرار بەتەوبەکەی ڕازی ئەکات ورەحمەتی بۆ ئەنێرێت : **ما سلكه أهل البدع من أهل الفلسفة والكلام لا يصلون إلى علم ويقين، بل إنما غاية صاحبه الشك والضلال ، وهذا مما اعترفت به حذاقهم،**

ئەوەی ئەهلی بیدەع گرتویانەتە بەر لەئەهلی فەلسەفە وکلام ناگەن بە علم ویەقین بەڵکو خاوەنەکەی لەگومان وگومڕایدا ئەبێت وەک چۆن پسپۆڕەکانی ئەو بوارە خۆیان دانیان بەوە داناوە.

وممن اعترف به أبو عبد الله الرازي رحمه الله في غير موضع من كتبه ،

لەوانەش کەدانی بەو ڕاستیەدا ناوە ابو عبدالله ـی الرازی ـە رحمه الله لەچەند شوێنێ لەکتێبەکەی بەو لەفزە ئەڵێت ،

لقد تأملت الكتب الكلامية والمناهج الفلسفية فما رأيتها تشفي عليلاً ، ولا تروي غليلاً ، ورأيت أقرب الطرق طريقة القرآن ، أقرأ في الإثبات : (الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى) طه/ 5 و (إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ) فاطر/ 10 . وأقرأ في النفي : (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ) الشورى/ 11 (وَلَا يُحِيطُونَ بِهِ عِلْمًا) طه/ 110 . ومن جرب مثل تجربتي عرف مثل معرفتي ".

كتێبە فەلسەفی وكەلامیەكانم خوێندوە وتێڕامانم تێكرد بەڵام نەم بینی نەخۆشیەك چارەسەركات و تینوێتی بشكێنێت بەڵام بۆم دەركەوت نزیكترین ڕێگا قورئانە ئایەتەكانی اثبات كردن بخوێنەوە **(الله لەسەر عەرش بەرزوبڵندە)** وەئایەتی **(هەموو وشەیەكی پیرۆزو و پاك - بۆلای الله سەر دەكەوێ وە هەموو قسەو ئاكارێكی چاك و پاكیش بەرەو لای خۆی بەرزی دەكاتەوەو وەری دەگرێ و قبوڵی دەكات)** واتا اثبات ی علوی الله ئەكات. ئەوەی هەمان ئەزموونی منی هەبوبێت ئەوا هەمان شت ئەزانێت وەك من زانیومە.

وهذا قاله في آخر عمره في آخر ما صنفه.

ئەمەش كۆتا شتە كەلەكۆتای تەمەنیدا لەكۆتا نوسراویدا نوسیویەتی.

وهو كثير التناقض ، يقول القول ثم يرجع عنه ، ويقول في الآخر ما يناقضه ، كما يوجد هذا في عامة كتبه ، تغمده الله برحمته ، وعفا عنه وسائر المؤمنين (رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ) وتوبته معروفة مشهورة ".

ئەوكتێبەش خۆهەڵوەشاندنەوەی زۆری تێدایە شتێ ئەڵێت دواتر لەوشتە ئەكشێتەوە ولەكۆتایدا شتێ ئەڵێت ئەوانی تر هەڵئەوەشێنێتەوە وەك چۆن ئەم شتە لەهەموو كتێبەكانی ـدا بونی هەیە الله ڕەحمـی پێ بكات ولەویش وهەموو باوەڕداران خۆش بێت ... — "**بيان تلبيس الجهمية" (8/ 529-530).**

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (**إنما الأعمال بالخواتيم**).
واتا : كردەوەكـان بەكۆتایـەكەیانە.
— رواه ابن حبان (340).

كەسە نزیكەكانی ڕازی گێڕاویانەتەوە كەلەپێش مردنی تەوبەی كردووە و وتویەتی لەسەر ڕێگای قورئان وسونەت ئەمرم وپەشیمانم لەفەلسەفە وعلمی كەلام.

وه وەک مێژونوسان وزانایان وەک ابن قيم فەرموویان : **أن الرازي "رجع إلى طريقة الوحي والآثار النبوية ".**

ڕازی گەڕاوەتەوە بۆڕێگای وەحی و ئاثاری پێغەمبەر ﷺ.

تەوبەكردنی ئیمامی نەوەوی لەعەقیدەی ئەشعەریەكان وگەڕانەوەی
بۆ مەنهەجی سەلەف وجێگیركردنی سیفاتەكانی الله

تەوبەکردنی ئیمامی نەوەوی لەعەقیدەی ئەشعەریەکان وگەڕانەوەی بۆ مەنهەجی سەلەف وجێگیرکردنی سیفاتەکانی الله.

وازهێنانی ئیمامی النووی رحمە الله لەئەشعەریەت

ئیمام نوسراوێکی نوسیوە بەناونیشانی : **«جزء فيه ذكر اعتقاد السلف في الحروف والأصوات»** چاپکراوە لەساڵی 1429 بەتەحقیقی محمد بن عبداللطيف محمد الجمل، لەکۆتای ئەم کتێبەدا ئیمامی نەوەوی رحمە الله دەفەرموێت لە **لاپەڕەی (ص91) : اللهم اجعله شاهدا لنا لا علينا، ووفقنا وسائر أحبابنا لمرضاتك، وأمتنا على هذا المعتقد معتقد الصحابة والتابعين والمشايخ والصالحين، إنك على ما تشاء قدير، واجمع بيننا وبين مشايخنا ومن أحببناه وأحبنا في دار كرامتك يا أرحم الراحمين، وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم، ثم قال المصنف رحمه الله: فرغنا من نسخه الخميس الثالث من شهر ربيع الأول سنة ست وسبعين وستمائة»، وكانت وفاة النووي رحمه الله كما في العبر للذهبي في الرابع والعشرين من شهر رجب سنة 676هـ، أي أن المدة بين الانتهاء من تأليف الكتاب ووفاته تقل عن خمسة أشهر.**

دوای ئەوە دوعا دەکات ودەڵێت کە الله تعالى ئەم نوسراوەی لێ قبوڵ بکات وبیکات بەبەڵگە بۆی بۆقیامەتی ودەفەرموێت یارەبی لەسەر ئەم عەقیدەیە بمان مرێنە کەعەقیدەی سەلەف وپیاوچاکان وشیخەکانمانە پاشان دەفەرموێت لەنوسینی ئەم کتێبە لێ بومەوە لە پێنج شەمە سێهەمی مانگی ربيع الاول ساڵی ٦٧٦ لەکاتێکدا ئیمامی نەوەوی لە ٢٤ مانگی ڕجب ـی ساڵی ٦٧٦ وەفاتی کردوە واتا نوسینی ئەو کتێبە ومردنی ئیمام نەوەوی پێنج مانگی لەنێواندا بوە.

دوای ئەوەی ئیمام هەموو وتەکانی سەلەف نەقڵ دەکات لەسەر اسماء وسفات وجێگیرکردنی بەبێ تەئویل وتعطیل وتفويض وتەشبیهـ لەکۆتایدا کۆتای دەهێنێت بەوتەیەکی ابی عباس الارموی لەبارەی بیروباوەڕی بەمسائلی اسماء وصفات لە **پەڕەی (ص80ـ82)** دەفەرموێ : **ذكر فيه عقيدة السلف في الصفات.**
باسکردنی عەقیدەی سەلەف لەسیفات.

دەفەرموێت : **«فصل في أحاديث تؤكد القول بهذا المعتقد وتؤيده على هذا التنزيه الذي عليه أئمة الإسلام حشرنا الله على معتقدهم وأماتنا على محبة السلف**

الصالحين والأئمة المهديين رضي الله عنهم أجمعين»،

ئەو فەرموودانەی لەم بارەیەوە هاتون دڵنیات دەکاتەوە لەم عەقیدەیە وە پشتگیری بەپاکڕاگرتنی الله دەکات کەپێشەوایانی ئیسلامی لەسەربوە الله تعالی لەسەر ئەو **عەقیدەیەی ئەوان** حەشرمان بکات وە لەسەر خۆش ویستنی سەلەفی صاڵح و پێشەوایانی هیدایەت دراو بمان مرێنێت ڕەزای الله لەهەموویان بێت.

تادەگات بەوەی دەفەرموێت : **ونؤمن بجميع أحاديث الصفات لا نزيد على ذلك شيئاً ولا ننقص منه شيئاً كحديث قصة الدجال وقوله فيه: «وإن ربكم ليس بأعور»، وكحديث النزول إلى السماء الدنيا، وكحديث الاستواء على العرش، وإن القلوب بين أصبعين من أصابعه، وإنه يضع السماوات على إصبع و الأرضين على إصبع،**

باوەڕمان بەهەموو فەرموودەکانی سیفات هەیە نەهیچ ی لێ زیاد دەکەین نەهیچ ی لێ کەم دەکەین:

١ - وەک فەرموودەی بەسەرهاتی دەجال کەپێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : **(پەروەردگارتان کوێرنیە).**

٢ - وە وەک فەرموودەی دابەزینی الله بۆئاسمانی دوونیا.

٣ - هەروەها وەک فەرموودەی بەرزی الله لەسەر عەرش.

٤ - وە دڵەکانی بەندە لەنێوان دوو پەنجەیە لەپەنجەکانی الله.

٥ - وە پەروەردگار ئاسمانەکان دەخاتە سەرپەنجەیەکی وزەویەکانیش لەسەر پەنجەیەکی.

ونقول بتصديق حديث المعراج وبصحيح ما فيه من الروايات وندين أن الله مقلب القلوب، وما أشبه هذه الأحاديث جميعهاكما جاءت بها الرواية

وە دان بەڕاستدانانی فەرموودەی میعراج دەنێن وە بەسەحیح بونی وەبەهەموو ئەو ڕیوایەتانەی کەتێیدا هاتوە وە پەروەردگار دڵەکان وەردەگەڕێنێ وهاوشێوەی ئەم فەرموودانە باوەڕمان بەهەر هەموی هەیە.

من غير كشف عن تأويلها، وأن نمرها كما جاءت، وأن الإيمان قول وعمل يزيد بالطاعة وينقص بالمعصية ونقول إن الله يجيء يوم القيامة كما قال تعالى: {وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا}، وأن الله يقرب من عباده كيف شاء لقوله تعالى: {وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ}،

بـەبێ **ئەوەی تەئـــویلی** ئەو فەرموودانەبکەین بەڵکو چۆن هاتوە ئاواش دەیگێڕینەوە **وەئەڵێـین** ئیمان وتە وکـــرداره زیاد دەکات بەگوێڕایەڵی وکەم دەکات بەسەرپێچی **وەئـەڵێین** پەروەردگار لەڕۆژی قیامەتدا دێت هەروەک لەقورئاندا فەرموویەتی : ﴿ **وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا** ﴾، وە پـەروەردگار نزیک دەبێتەوە لەبەندەکانی بەو شێوەیەی کەخۆی ویسـتی لێ بێت ﴿ **وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ** ﴾،

وقوله: {ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى}، وأشباه ذلك من آيات الصفات، ولا نتأولها ولا نكشف عنها بل نكف عن ذلك كما كف عنه السلف الصالح، ونؤمن بأن الله على عرشه كما أخبر في كتابه العزيز.

وە وتـەی الله کەدەفەرموێت : ﴿ **ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى** ﴾ لە پاشانـدا نزیک بووەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جا ئەوەندە لێی نزیک بووەوە بە ئەندازەی دوو کەوان، یان کەمتر بوو، دیارە لە ناو عەرەباندا باوبووە وتویانە: ئەوەندە بە یەکەوە نزیکن ئەندازەی دووکەوان، یان کەمتر بەینیانە.

هاوشـێوەی ئەو سیفاتانە **تەئـــویلی** ناکەین وە بەدوای ئاشکراکردنی چۆنیەتیەکەی ناگەڕێیـن بەڵکـو لەوەدا دەوەسـتین هەروەک چۆن سەلەف لێی وەسـتاون وە بـاوەڕمان وایـە کەالله لەسەر عەرشـە هەروەک چۆن لەقورئاندا هەواڵی لەسەرداوە.

ولا نقول هو في كل مكان، بل هو في السماء، وعلمه في كل مكان لا يخلو منه مكان كما قال: {أَأَمِنْتُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ}، وكما قال: {إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ}،

وكما جاء في حديث الإسراء إلى السماء السابعة: «ثم دنا من ربه» وكما في حديث سوداء أريدت أن تعتق فقال لها النبي صلى الله عليه وسلم «أين ربك؟» فقالت: في السماء فقال : «أعتقها فإنها مؤمنة» وأمثال ذلك كثير في الكتاب والسنة،

وەهەروەک چۆن لەفەرموودەی ئیسراءکردنی بۆ ئاسمانی حەوتەم کەفەرموویەتی ـ لەپەروەردگاری نزیک بویەوە وە وەک چۆن لەفەرموودەی سوداء دا هاتوە کەویستی لەکوێلایەتی ئازاد بکرێت پێغەمبەر ﷺ بەوئافرەتە کۆیلەیەی فەرموو پەروەردگارت لەکوێیە ؟ ئافرەتەکە وتی لەئاسمانە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئازادی بکە ئەمە ئیمانداره وەهاوشیوەی ئەم فەرموودانە لەکتاب وسونەت.

نؤمن بذلك ولا نجحد شيئا من ذلك،

باوەڕمان بەهەموو ئەوانەهەیە و نکوڵی لەهیچی ناکەین (تا هیچ بیانویەک نەمێنێتەوە بۆحەمدانی وعمومی ئیمام نەوەوی اثباتی ئایەتەکان وفەرموودەکانی سیفات دەکات لەگەڵ ماناکانی بڕوانە ئەم چەند دێرەی خوارەوە).

وقد روت الثقات عن مالك بن أنس أن سائلاً سأله عن قوله تعالى: {الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى}، فقال: الاستواء غير مجهول، و الكيف غير معقول، والإيمان به واجب، والسؤال عنه بدعة،

وە ڕیوایەتکراو بەسەند لەکەسانی ثقە لەمالکی کوڕی ئەنەسەوە کە پرسیاریان لەئیمامی مالک کرد لەبارەی ئایەتی ﴿ **الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى** ﴾ فەرمووی الاستواء ماناکەی دیارە ونەشاراوەتەوە بەڵام چۆنیەتی الاستواء ئێمە نایزانین ئیمان پێهێنانی واجبە و پرسیارکردن لەسەر چۆنیەتیەکەی بیدعەیە.

أقول: وما جاء في أثناء كلامه من ذكر دنو الرب وتدليه الصحيح خلافه وأن المراد به جبريل،

(ئیمام نەوەوی تەنها یەک ڕونکردنەوە دەدات لەپاش گێڕانەوەی ئەو هەموو قەولە تێبینی نیە لەسەر هیچ یەکێ لەو وتانە تەنها لەسەر یەک وتە تێبینی هەیە کەلەناو

سەلەفدا لەسەر ئەو وتەیە خیلاف هەبوە ئەوەش ئەوەیە ئیمام دەڵێ).

دەڵـێم/ لەبارەی نزیک بونەوەی الله لەپێغەمبەر ﷺ ئەوەی سەحیحە کە جبرائیل لێی نزیک بویەوە بەئەندازەی کەوانێ نێوانیان بوە چونکـە لە **صحيح البخاري (3235) ومسلم (442)** هاتوە : مَسْرُوقٍ دەڵێت بە عائیشەم وت لەبارەی ئایەتی : ﴿ **ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى** ﴾ ؟ دایکە عائیشە فەرمووی : **«ذَاكَ جِبْرِيلُ»** ئەوە جبـریل بووە.

الحمـدلله کەهەق هەرگیز ون نابێت ئەگەرچی دەرکەوتنیشی دوابکەوێت بەڵام وەک الله دەفەرموێت : ﴿ **وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ** ﴾ **[الأعرَاف : ١٢٨]**
واتـا : و پاشە ڕۆژی باش و ڕووناکیش هەربۆ ئەهلی تەقـوایە.

بۆیە حەمدانیەکان وعمومیەکان دووجار تاوانبارن لەسەر ئەم باسە:

١- بەجەهل ونەزانی تەکفیری ئیمـامێکی ئەهلی ئیسلامیـان کرد.
٢- لەسەرتەکفیرنەکردنی ئەم ئیمامە تەکفیری موجاهیـدان وموەحیـدانیان کرد.

الله تعالی لەسەر مەنهەجە پاکەکەی سەلەف وئەهلی سونەت ودەوڵەتی ئیسلام دامەزراومان کات کەکەس تەکفیرناکـات گەر کوفری ئاشکرای نەبێ وە تەکفیری هەرکەسانێکی کردبێت ئیلا لەبەر کوفری ئاشکرا تەکفیری کردوون.

نمونەی چەند گەورە زانایەك كە لە جەهمیەت و علمی كەلام وازیان هێناو گەڕانەوە بۆ مەنهەجی سەلەف

نمونەی چەند گەورە زانایەک کەلەجەهمیەت و علم ی کلام وازیان هێناو گەڕانەوە بۆمەنهەجی سەلەف

١ - ئیمام ی نعیم بن حماد (ت ٢٢٩ هـ) فەرموویەتی : **أنا كنت جهميًّا؛ فلذلك عرَفت كلامهم، فلما طلبت الحديث، عرَفت أن أمرهم يرجع إلى التعطيل.**

من جەهمی بووم هەربۆیە قسەکانیان ئەزانم کاتێ بەدوای حدیث گەڕام بینیم قسەکانیان ئەگەڕێتەوە بۆ تعطیل ی (اسماء وصفات ی الله). **— سير أعلام النبلاء 10/597.**

٢ - ئیمام ی أبو الحسن الأشعري رحمەالله تعالی (ت ٣٢٤ هـ) لەکۆتا نوسراویدا لەکتاب ی **"الإبانة"کەیدا** ئەفەرموێت : **قولنا الذي نقول به، وديانتنا التي ندين بها، التمسُّك بكتاب الله ربنا عز وجل، وبسُنَّة نبينا محمد صلى الله عليه وسلم، وما روي عن السادة الصحابة والتابعين وأئمة الحديث، ونحن بذلك معتصمون.**

وتەی ئێمە کەگوفتاری پێ ئەکەین وە دین ی ئێمە کەدینداری پێ ئەکەین دەستگرتنە بەکتاب ی الله ی پەروەردگارمان وەبەسونەتی پێغەمبەرمان محمد صلی الله علیه وسلم وەئەوەی ڕیوایەت کراوە لە هاوەڵان و تابعین وپێشەوایانی فەرمووده ئێمە دەست بەوەوە ئەگرین.

وبما كان يقول به أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل - نضَّر الله وجهه ورفع درجته وأجزل مثوبته - قائلون، ولما خالَفَ قولَه مخالفون؛

وە ئەوە ئەڵێین کەابو عبدالله احمد ی کوڕی محمدی کوڕی حنبل فەرموویەتی الله تعالی دەمچاوی درەوشاوە بکات و پێگەی بەرزکاتەوە وە ئەوقسانەی ئەو ئەڵێینەوە ئەوەشی پێچەوانەی قسەکانی ئەوی کردبێت ئێمەش پێچەوانەی ئەوکەسە ئەکەین کەپێچەوانەی ئیمام احمد ئەڵێت. **— أصول الديانة ٢١.**

٣ - ئیمام ـی الحرمین الجویني (ت ٤٧٨ هـ) ئەفەرمووێت : وازم لەئەهلی ئیسلام وئیسلامەکەیان وزانستەکەیان هێنا وچومە ناودەریایەکی قوڵەوە لەوشتانە ڕۆچووم کەئەهلی ئیسلام نەهیان لێ کرد هەموو ئەمەشم بۆیە کرد بەنیەتی دۆزینەوەی هەق و خۆپاراستن لەتەقلید **(والآن قد رجعت عن الكل إلى كلمة الحق, عليكم بدين العجائز).** ئێستا لەهەموو ئەوانە پاشگەز ئەبمەوە وئەگەڕێمەوە بۆ وتەی هەق دەست بگرین بەودینەی کەبەتەمەنەکان لەسەرین. **— سير أعلام النبلاء 18/471.**

وە ئەیفەرموو : **يا أصحابنا لا تشتغلوا بالكلام, فلو عرفت أنّ الكلام يبلغ بي ما بلغ ما تشاغلت به.**

ئەی هاوەڵەکانمان سەرقاڵ مەبن بەزانستی کەلام خۆئەگەر زانیبام زانست ـی کلام ئەم گەیەنێت بەم حاڵە هەرگیز خۆم پێ سەرقاڵ نەئەکرد. **— القرطبي في ((شرح مسلم)).**

وەفەرمووی رحمه الله تعالى لەسەرەمەرگیدا : **"اشهدوا عليَّ أني قد رجعت عن كل مقالة تُخالف السنة، وأني أموت على ما يموت عليه عجائز نيسابور".**

شاهێدبن من ئەگەڕێمەوە لەهەر وتەیەک کەپێچەوانەی سونەتە وەمن ئەمرم لەسەر ئەو دینەی کەبەتەمەنەکانی نیسابور لەسەری ئەمرن. **— طبقات الشافعية للسبكى 5/191.**

٤ - **ئیمام** ـی أبو حامد الغزالي (ت ٥٠٥ هـ) شيخ الإسلام رحمه الله لەبارەیەوە ئەفەرموێت : **... وإن كان بعد ذلك رجع إلى طريقة أهل الحديث، وصنَّف إلجام العوامِّ عن علم الكلام.**

ئەگەرچی گەڕاوەتەوە بۆڕێگەی ئەهلی حەدیث وە کتێبی الجام العوام عن الكلام ـی نوسیوە. **— مجموع الفتاوى 7/4.**

وەخۆشی رحمه الله تعالى فەرموویەتی : **"إن الصحابة رضوان الله عليهم، كانوا محتاجين إلى محاجَّة اليهود والنصارى في إثبات نبوة محمد صلى الله عليه وسلم،**

فما زادوا على أدلَّة القرآن شيئًا، وما ركبوا ظهر اللجاج في وضع المقاييس العقلية، وترتيب المقدِّمات، كل ذلك لعلمهم بأن ذلك مثار الفتن، ومنبع التشويش، ومَنْ لا يقنعه أدلَّة القرآن، لا يقمعه إلا السيف والسنان، فما بعد بيان الله بيان"؛ — إلجام العوامِّ عن علم الكلام 89_90.

هاوەڵان ڕەزای الله یان لێ بێت پێویستیان بە مناقشەبوولەگەڵ جولەکە وگاورەکان بۆسەلماندنی پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەڵگەکانی قورئان زیاتریان بەکارنەهێنا بۆسەلماندنی وەنەهاتن پشت ببەستن بە پێوور وڕێکخەرە ئەقڵیەکان وڕێکخستنی پێشەکیە ناساندنەکان لەبەرئەوەی ئەیان زانی ئەم کارە هۆکاری پشێویی وفیتنەیە وە بنەمای سەرلێشواویە وە ئەوکەسەی کە قورئان نەبێتە هۆی قەناعەت پێ هێنانی ئەواتەنها شمشێر ورم سەرکوتی ئەکات لەپاش ڕوونکردنەوەی الله تعالی ڕوونکردنەوەی تر نیە.

٥ - العلامة فخر الدين الرازي (ت ٦٠٦ هـ). ***بڕوانە لاپەڕەی ٢٦٨.**

٦ -ابن حجری العسقلانی.

٧ - ئیمامی النووی. ***بڕوانە لاپەڕەی ٢٧٤.**

گومانی نەفامێکی مەلا هەڵۆ کە هاتوە ئەڵێت ابن تیمیە لەترسا تەکفیری
بۆ جەهمیەکان دەرنەبڕیوە ئەگەر بیگوتایە ئێوە کافرن ئەوالەملیان ئەیا

هەرچەندە چـەند بـرایـەک وتیان خۆت سەرقاڵ مەکـە بەڕەدی ئەم جاهیلە چونکـە دیارە علمی نیـە بەڵام خۆم پێم خۆشـبوو وەڵامـێکی ئەم چەند وێنەیـەی بەمەوە تا پیشـانی بەم چەند جاهیلە وچەند نەزانە بەدەقـی شەرعی وە پیشانی بـەم کەچۆن سەروخوار لەوتە کۆپـی پەیستەکانی تێگەشتوە حەزیشم لەدووبارەکـردنەوەی قسەنیە بەڵام هەربـۆئەوەی دەرکەووێت کـێ خیانەتی علمی ئەکـات ناچارم هەنێ وتە دووبـارەکەمەوە.

١ - من ڕەدی هەڵۆم یاوەتەوە کـەهەڵۆ وتی ابن تیمیە سەرگەورەی گروپەکانی تەکفیرکردووە لەجەهمی وموعتەزیلە وقەدەری ... هتد منیش ئەو وتەی شـێخی ئیسـلامم هێنایەوە کـەئەفەرموێت لە **الرد على البكري (ص: ٣٥٩).**

من بەجەهمـیەکان ـم وت لەحلولیەکـان و لەنفاة لەوانەی نەفـی ئەوە ئەکەن الله تعالـی لەسەر عەرش بێت لەکاتـی میحنەت وتاقیکردنەوەکـە پێم وتن ئـەگەر من موافەقەی ئێوە بـکەم ئەوا کـافرەبـم بەڵام ئێوە لەلای من کـافرنین چونکـە جاهلن وەئەمەش ـم ئاڕاستەی زانـاکانیان و قاضیەکانیان وشێخەکانیان و کاربەدەستەکانیان کــرد.

جا ئەم نەفـامەی مەلا هەڵۆ هاتوە ئەڵێت : ابن تیمیە لەترسـا تەکـفیری بۆ دەرنەبـڕیون ئەگـەر بیگوتایە ئێوە کافرن ئەوا لەملیان ئـەیا.

لەوەڵامـا ئەڵێم/

١ - ابن تیمیە زۆر بەجورئەتەوە وتویەتی گەرمن موافق ـی ئێوە بکەم من کافرئەبم چونکە ابن تیمیە علمی هەیە ئەزانێت ئەو عەقیدە کـوفرە بـەڵام بەزاناکانی ئەوان وکاربەدەستەکانیان وقاضیەکانیان ئەڵێت ئێوە لەلای من جاهلن واتا بە لای خۆشیان زانا وعالم بن بـەڵام ابن تیمیە بەجاهلیان ئەزانێت بۆیـە فـەرمووی تەکـفیرتان ناکەم.

کەواتـا ابن تیمیە بەوپەڕی جورئەت وئازایەتیەوە زاناکان ودەسەڵاتدارەکانیان بەجاهل ناوئەبات وعەقیدەکەشیان بەکوفری ناوئەبـات بەڵام ئەڵێت تەکـفیرتان ناکەم چونکـە جاهل ـن

وەئەمە تێگەشتنی من نیـە بەڵکو سەیرکەن الشیخ عبد الرحمن بن حسن بن محمدبن عبدالوهاب پاش ئەوەی وتەی شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە نەقڵ دەکات ـدەفەرموێت : **فانظر إلى تفريقه بين المقالات الخفية، والأمور الظاهرة، فقال في المقالات الخفية التي هي كفر: «قد يقال: إنه فيها مخطئ ضال لم تقم عليه الحجة التي يكفر صاحبها»، ولم يقل ذلك في الأمور الظاهرة؛**

سەرنج ـی وتەکەی ابن تیمیە بکەن کەجیاوازی ئـەکات لەنێوان بابەتە شاراوەکان و بابەتە ئاشکراکان لەبارەی کوفری بابەتە شاراوەکان ـدا فەرمووی (دەوترێ ئەوکەسـە هەڵەی کردوە وگومڕایە ئەوئیقامە حوجەیە نەکراوە کەپێی ببێت بەکافر) نەیفەرموو لەبابەتە ئاشکراکان (فەرمووی بابەتە شاراوەکان ..

فكلامه ظاهر في التفرقة بين الأمور المكفرة الخفية، كالجهل ببعض الصفات ونحوها، فلا يكفر بها الجاهل، كقوله للجهمية: «أنتم عندي لا تكفرون لأنكم جهال»،

وتەی شێخ ئاشکرایە لەجیاوازیکردن لەنێوان کوفری ئاشکرا وکوفری شاراوە کوفری شاراوە **وەکـ** جاهل بون بەهەنێ سیفات وهاوشێوەی کەکەسـی جاهل نابێت بەکافر و **بەجەهمیـەکان** ـی فەرموو : (ئێوە لەلای من کافرنین چونکـە جاهل ـن). — **[الدرر السنية 10/355].**

کەواتـا من وتەکەی ابن تیمیە بەتێگەشتنی زانایـانی نەجدی وەرمگرتوە کەنەجدیـەکانن فـەرموویـانە ابن تیمیە تەکـفیری جەهمیەکانی نەکـردوە لەبەر جەهل وتەئویل.

٢ - پـاشان گریمـان ابن تیمیە ترساوە نەیوێراوە لەوێـدا بڵێت ئێوە کـافرن دەی هەر خودی شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە بـڕوای وایـە کوفری جەهمیـەکان کوفرێکی خەفیـە دوای ئیقـامە حوجە تەکـفیر ئەکـرێن کەئەفەرموێت : **أن القول قد يكون كفرا كمقالات الجهمية .. ولكن قد يخفى على بعض الناس أنه كفر، فيطلق القول بتكفير القائل، كما قال السلف: من قال القرآن مخلوق، فهو كافر. ومن قال: إن الله لا يرى في الآخرة، فهو كافر. ولا يكفر الشخص المعين حتى تقوم عليه الحجة كما تقدم.**

ئـەكرێ وتەكە كوفر بێت وەكـ وتەی جەهميـــەكان بەڵام لەلای هەنێ لەخەڵكی شاراوەیە ئەو وتەیە كوفرە بۆیە بەشێوەی موطلەق ئەوترێ ئەوەی وابڵێت كافرە وەكچۆن سـەلەف ئەیانفەرموو ئەوەی بڵێت قورئان مەخلوقە كافرە ئەوەی بڵێت الله نابینرێ لەقیامەتە كافرە بـەڵام كەسـی دەستنیشانكراو بەدیاری كـراوی تەكفیرناكـرێت تا ئیقامە حوجە ئەكـرێت.

بـەڵكو لەوەزیاتر ابن تیمیە ئەفـەرموێت ئیمام ـی احمد تەكفیری تاك تاكی جەهمیەكانی نەكـردوە وەكـ فەرموویەتی : **مع أن أحمد لم يكفر أعيان الجهمية ولا كل من قال إنه جهمي كفره ولا كل من وافق الجهمية في بعض بدعهم ; بل صلى خلف الجهمية الذين دعوا إلى قولهم وامتحنوا الناس وعاقبوا من لم يوافقهم بالعقوبات الغليظة لم يكفرهم أحمد وأمثاله.**

لەگەڵ ئەوەشـدا ئیمام ـی احمد تەكفیری تاك تاكی جەهمیەكان ـی نەئەكرد وەتەكـفیری هەموو كەسێكی نەئەكرد كەپێی بوتایە فڵان كەس جەهمیە وەتەكفیری هەموو ئەوانەی نەئەكـرد كەلەشتانێك هاوڕای جەهمیەكانیان ئەكـرد بەڵكو ئیمام احمد نوێژی لەپشتیانەوە ئەكرد لەكاتێكدا ئەوان بانگەشەیان بۆقورئان مەخلوقە ئەكرد وسزای ئەوانەشیان ئەیا كەوتەی جەهمیەكانیان قبوڵ نەكردایە بەسزای سەخت وتوند لەگەڵ ئەوەشـدا ئیمام ـی احمد وهاوشێوەكانی تەكفیری دیاریكراوی ئەوانەیان نەئەكرد. **— مجموع فتاوى ابن تيمية 7/505.**

كەواتـا ئەوە عەقـیدەی ابن تـیمیە رحـمە اللە كەپێی وایـە سـەلەفیش عوزر بەجەهلیان یاوە بەجەهمیـەكان تاكـ تاكـ تەكفیریان نەكـردوون.

پاشـان هەرخودی وتەی شێخ ـی ئیسلام خۆیم هێنایـەوە كەچۆن ناوی سەرەگەورەكانی ئەو كۆمەڵانـە ئەهێنێ وڕەحمەتیان بـۆئەنێرێت سـەرنج ـی وتەی پێشەوایانی ئەو كۆمەڵ وگروپانەم یاوە وەك ئـەفەرموێت : ١ - ابی الحسين البصری وهاوشـێوەكـانی **لەموعتەزیلە** وەكو ٢ - ابن الهيصم **لەكـەڕامیە** ٣ - وەقاضی ابی بكر وابـی **المعالی الجوينی** وابی اسحاق ـی الاسفرايينی وابـی بكر ابن فـورك وابی قاسم القـشيری وابـی الحسن التميمی والقاضی ابی يعلی وابن عقـيل وابن

الزاغونی **الله لەهەمـوویـان خۆش بێت** وڕەحمەت لەهەموویـان بێت. — **(منهاج السنة) (2 / 571 -571).**

ئـایا ئەمە قسەی منە ؟؟ یان قسەی ابن تیمیه خۆیەتی رحمه الله تعالـی ؟؟

٢ - ئەم جاهلەی شوێنکەوتەی هەڵـۆ هەنێ وتەی ابن سحمان ـی هێناوە گوایە ڕەدی منی پێ یـاوەتەوە لەکـاتێکدا ابن سحمان رحمه الله باسـی ئەوە ئەکـات کەجەهمیـەکان لەلای ابن تیمیه لە ٧٢ کۆمـەڵە مبتدعە موسڵمانەکـە نین بەڵـکو جەهمیـەکان کۆمەڵێـکی کـافرن.

لەوەڵامـا ئەڵێم/ ئێمـەش نەمان جەهمیـەکان لە ٧٢ کۆمەڵەکەن بـەڵکـولەشرح الرازیین و عەقیدەی سوفیان ـی ثەوری و چەندان شـوێن وتومانە جەهمیـەکان بەموتڵەقی کـافرن بـەڵام وەک ابن تیمیه فەرموویەتی تاک تاکیـان تەکـفیرناکـرێت تا ئیقامە حوجە ئەکـرێن ئێسـتا وتەی شێخ ـی ئیسلامتان بـۆدائەنێم ان شـاء الله.

ئەمـە مانای ئەوەیـە ئەم جاهیلە جیاوازی نێوان تەکـفیری موتڵەق وموعەین ناکـات

وتكفير الجهمية مشهور عن السلف والأئمة . لكن ما كان يكفر أعيانهم فإن الذي يدعو إلى القول أعظم من الذي يقول به والذي يعاقب مخالفه أعظم من الذي يدعو فقط والذي يكفر مخالفه أعظم من الذي يعاقبه ومع هذا فالذين كانوا من ولاة الأمور يقولون بقول الجهمية : إن القرآن مخلوق وإن الله لا يرى في الآخرة وغير ذلك .

تەکـفیرکردنی جەهمیەکان مشهورە لەناوسـەلەف وپێشەوایان #بـەڵام تەکـفیری دیاریکراوی کەسـەکانیان نەکـردووە چونکە ئەوکەسـەی بانگەواز بۆ جەهمیەت ئەکات گەورەترە لەوکەسـەی کەتەنها وتەکەیان ئەڵێتەوە وەئەوکەسـەی لەپێناو جەهمیەت سزای خەڵکی بات گەورەترە لەوکەسـەی کەتەنها بانگەوازی بۆئەکـات وەئەوکەسەی تەکـفیری پێچەوانکارەکانی ئەکـات گەووەرترە لەوکەسەی کەسزای پێچەوانکارەکانی ئەیـات لەگەڵ ئەوەشـدا کاربەدەستەکان ئەیانوت قورئان مەخلوقە وە الله نابینرێ لەقیامەت وجگەلەم وتانەش.

ويدعون الناس إلى ذلك ويمتحنونهم ويعاقبونهم إذا لم يجيبوهم ويكفرون من لم يجبهم . حتى أنهم كانوا إذا أمسكوا الأسير لم يطلقوه حتى يقر بقول الجهمية : إن القرآن مخلوق وغير ذلك ... ومع هذا فالإمام أحمد رحمه الله تعالى ترحم عليهم واستغفر لهم لعلمه بأنهم لمن يبين لهم أنهم مكذبون للرسول ولا جاحدون لما جاء به ولكن تأولوا فأخطئوا وقلدوا من قال لهم ذلك.

خەڵکیشیان بـۆئەوە بانگەشە ئەکرد وخەڵکیان بەوە تاقی ئەکردەوە وسزای پێچەوانکارەکەیان ئەیا وتەکـفیریشیان ئەکـرد گەر پێچەوانکاریان وەڵامی بانگەشەکەی ئەوانی نەدابێتەوە تەنانەت کەسێکیان بەدیل گرتایە ئازادیان نەئەکرد تا دانی ئەهێنا بە جەهمـیەت وقسەی جەهمیەکانی دووپات ئەکردەوە ... لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئیمام احمد ڕەحمەتی بۆئەنارد و داوای لێخۆشبونی بـۆئەکردن چونکە ئەیزانی ئەمانە بۆیان ڕوون نەکراوەتەوە کەبەهۆی ئەم عەقیدەیەوە پێغەمبەرانیان بەدرۆخستۆتەوە وە نکـوڵیان لەوە نەکـردووە کە پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم پێی هاتوە بـەڵام تەئویلی هەڵەیان کـردووە وچاویان لەکەسانی تر کـردووە. **— مجموع الفتاوى 23/342.**

کەواتـا ئێمەش نەمان وتوە ابن تیمیە جەهمیەکان بەکۆمەڵێکی ئیسلامی و لە ٧٢ کۆمەڵـە ئەزانێت بـەڵکو ئەوەتا ابن تیمیە ئەفـەرموێت جەهمیەکان کۆمـەڵێکی کـافرن بـەڵام تاک تاکـ تەکفیرناکرێن تا بۆیان ڕوون ئەکـرێتەوە وئیقامە حوجە ئەکـرێن.

جائەم دەروێشـەی مەلاهەڵۆ هێشـتا زۆری ماوە تێ بگات لەتەکفیری مطلق ومعين ئەوەی من ڕەدی هەڵـۆم پێ یاوەتەوە بریتیە لەوەی ابن تیمیە تەکـفیری معین ـی ئەم کۆمەڵانەی نەکـردووە عوزر بەجەهل وتەئویلی پێ داون نەکـ بڵێم جەهمیەکـان هەرتەکفیرناکـرێن و کۆمەڵێکی موسڵمانی مبتدع ـن دوای ئیقامە حوجەش هەر موسڵمانن هەرکـات وام وتبێت ئەوکـاتە بۆت هەیـە بڵێی ئەوەتا ئیجماع هەیـە لەسەر تەکـفیری جەهمیەکان بـەڵام ئەوەتا من خۆم وتەی ابن تیمیەم هێناوە کەئیجماع هەیـە لەتەکـفیری جەهمیـەکان بـەڵام تاک تاکیان تەکفیرناکـرێن تا ئیقامە

حوجه نەکرێن وەعوزریان پێ ئەدرێت بەجەهل وتەئویل وە ابن تیمیه فەرمووی ئەمەش مەزهەبی ئیمام احمدە.

پاشان هەر ابن سحمان خۆی تەکفیری کەسێکی وەک هەیتەمی ناکات ولەڕیزی زاناموسڵمانەکان ودیندارە چاکەکان وەسفی ئەکات و ئەشڵێت ئاگادارین بەحاڵی هەیتەمی وئەوەشی نوسیویەتی کەچی بەکافریشی نازانێت، کەواتا ابن سحمان رحمه الله ئەویش مەبەستی تەکفیری مطلق ە ئەگینا گەر بڕوای بەعوزر بەجەهل وتەئویل نیە بۆ مسائل ی اسماء وصفات بۆتەکفیری هەیتەمی ناکات سەرەڕای ئەوەی بەتوندیش ڕەدی هەڵەکانی هەیتەمی یاوەتەوە کەچی لەبارەی هەیتەمیەوە ئەڵێت : شێخ سولەیمانی کوڕی سەحمان لەکتێبی خۆیدا بەناوی **الهدية السنية پەڕەی 51** بەنوسراوی دەستی خۆی لەڕونکردنەوەی عەقیدەی خۆی وزانا نەجدیەکان ئەفەرموێت : **ونحن كذلك: لا نقول بكفر من صحت ديانته، وشهر صلاحه، وعلم ورعه وزهده، وحسنت سيرته، وبلغ من نصحه الأمة، ببذل نفسه لتدريس العلوم النافعة، والتآليف فيها، وإن كان مخطئًا في هذه المسألة أو غيرها، كابن حجر الهيتمي، فإنا نعرف كلامه في الدر المنظم.**

بەهەمان شێوە **ئێمە** (واتا بەناوی زانایانی دەعوەی نەجدەوە قسەدەکات) تەکفیری ئەوکەسە ناکەین کەدیندارکەی دروست بوە ناوبانگی بەباشە بڵاوبۆتەوە وە بە خاوەن علم و زوهد ناسراوە و ڕێژینی بەچاکە ڕۆیشتوە وە ئامۆژگاری ئومەت ی کردووە بەوەی خۆی تەرخان کردوە بەوتنەوەی وانەی سودبەخش ونوسراوی بەسود ئەگەرچی هەڵەشی کردوە لەم بابەتانەدا نمونەی **ابن حجری هەیتەمی** ئێمە **ئاگاداری** قسەکانی ئەوین کە **الدر المنظم** ـدا وتویەتی.

واتا : ابن سحمان کەچەند بەتوندی بەئەشعەری وگومڕاش ناوی بردووە بەڵام ئەڵێت تەکفیری ناکەین ئەگەرچی ئاگاداری هەڵەکانیشین، وە ئەوقسەیەی شیخ سولەیمان اقراڕی پێ کردوە لەئەسڵداقسەی شێخ عبدالله ی کوڕی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ە کە بەابن حجری هەیتەمی ئەڵێت : **(یەکێکە لەزانایانی موسڵمانان)** ابن سحمانیش دووپاتی کردۆتەوە کەوە بیروباوەڕیانە لەسەر هەیتەمی.

لەکـۆتایدا داواکـارم هەرکەسـێ بینی لەشـوێنێکدا کۆپلەیەک لەپۆستی من دەرهێنراوە بەحساب ڕەد ئەدرێمەوە ئەوا بچن تەواوی ئەو پۆسـتە بخوێننەوە چونکـە بەفەزڵی الله تعالـی هەرلەناوخودی پۆسـتەکە ڕەدی دەمکـوتکەری تێدایـە بۆ ئەم جاهیلە حەمدانیانە.

بـەوردی خوێـنەری وەڵامـەکـەبـن ببینن ئـەم نەفـامـانە چۆن بەنەزانی وبەدوو کۆپی پەیسـت دەمیان خستۆتە ناو ئەم شـەرعە پاکەوە و قـسە لەسـەر گەورە زانایان هەڵ ئەبەستن.

ئایا ئیمامی ئەبو حەسەنی ئەشعەری وەك بەڵا هەڵۆ ئەیڵێت
فیعلی قەومی لوطی کردووە والعیاذ بالله؟!

پـرسیاری برایەکی موناصر :
ئەی مەلا هەڵۆ ئەڵێ ابو حسن فیعلی قەومی لوط ـی کردووە؟!

وەڵامی مامۆستا ئوسامه تەوحیدی حفظه الله تعالى :
ئەوە تۆمـەتی ئەهوازی ـە کەلەکتێبەکەیدا یاویەتیە پاڵ ابو حسن ـی ئەشعەری وزانایـان زۆر بەتوندی ڕەدیان یاوەتەوە ئیمام ـی الذهبی لەبارەیەوە ئەفەرموێت : **لو لم يجمعه لكان خيرا له فإنه أتى فيه بموضوعات وفضائح! وكان يحط على الأشعري. وصنف كتابا في ثلبه.**

ئەگەر کۆی نەکردبایەتەوە بۆی باشر بـوو چونکە چەندان هەڵبەستراو وشتی ئابـڕووبەرانەی تێدایە وە هێرشی ئەکردە سەر ابو حسن ـی ئەشعەری وکتابێکیشی نوسیوە بـۆکەمکردنەوەی پێگەی ئەشعەری.

ئیمام ـی ابن عساکر بەکتێب ڕەدی یاوەتەوە بەناونیشان ـی : **(تبين كذب المفترى فيما نسب الى الاشعرى).**

هەروەها زانایان جەرحیان کردووە عبد الله بن أحمد بن السمرقندي فەرموویەتی أبو بکر الخطیب پیی وتین : **ابو علي الأهوازي كذاب في القراءات والحديث جميعا.**
ابو علی ئەهوازی درۆزنە لەقیرئات و حەدیث پێکەوە. — **سير اعلام النبلاء بەرگـی ١٨ پەڕەی ١٣.**

کۆتـــــــای

ئامۆژگاری وهبـی کوڕی منبه بۆ پیاوێک که کاریگەربوو بە وتەی خواریجەکان

حەمدانیـەکان و عومویـەکان ئەم ئامۆژگاریانە بۆئێوەیە بەوردی بیخوێننەوە ...

ئامۆژگاری وهب ـی کوڕی منبه بۆ پیاوێک کە کاریگەر بوو بە وتەی خواریجەکان.

حەمدانیەکان وعمومیەکان ئەم ئامۆژگاریانە بۆئێوەیە بەوردی بیخوێننەوە:

على بن الْمَدِينِيّ لە هِشَام بن يُوسُف الصَّنْعَانِيّ أَبُو عبد الرَّحْمَن قَاضِي صنعاء ئەڵێت دَاوُد بن قيس پێی وتم کەهاوڕێیەکی هەبوە قسەیە خەواریجەکان کاری تێکردبوو منیش پێم وت : ئایا پێت خۆشە بتبەم بۆلای وهب ـی کوڕی منبه (لەدایکبوی 34 ـی کۆچی و 114 ـی کۆچی وەفات ـی کردووە) تا گوێ لەقسەکان ـی بگریت و ئاگادارت کاتەوە لەقسەی خەواریجەکان؟ وتی بەڵێ، لەگەڵم بەڕێکەوت تاگەشتینە صنعاء وپاشان ڕۆشتین بۆلای وهب ـی کوڕی منبه و کۆمەڵێ خەڵک لەدەوری وهب دانیشتبون، هەندێ لەخەڵکەکە لێیان پرسیم وتیان ئەم پیاوە بەتەمەنە کێیە لەگەڵت؟ ووتم ئەمە ابو شمر ذوخولان ـە کارێکی بەباوکی عبدالله ـیە (واتا وهب ـی کوڕی منبه) وتیان ناکرێ کارەکەی بۆئێمە باس بکات؟ وتم ئەیەوێ ڕاوێژ بە وهب ـی کوڕی منبه بکات لەهەندێ کاری خۆی، ئیتر خەڵکەکە هەستان ورۆشتن وهب ـی کوڕی منبه فەرمووی کارەکەت چیە ئەی ذا خولان؟ ذا خولان زمانی تێک ئاڵا کەکەوتە قسەکردن، ئیتر وهب بن منبه بەمنی وت تۆلەجیاتی ذا خولان قسەبکە، منیش وتم ئەی باوکی عبدالله ذا خولان ئەهلی قورئانە ئەوەندەی ئاگادارم وە الله ـش ئاگادارە بەنهێنیەکانی جا ذا خولان پێی وتم : کەسانێک لەخەڵکی صنعاء لەخەواریجەکان پێیان وتوە زەکاتەکەت مەیە بەکاربەدەستەکان چونکە گەر بیەیی بەکاربەدەستان ئەوە زەکاتەکەت دەرنەچوە چونکە ئەوان زەکاتەکە لەشوێنی خۆی دانانێن زەکاتەکەت بە بەئێمە ئێمە لەشوێن خۆی دای ئەنێین دابەشی ئەکەین بەسەر هەژاران و سزاشەرعیەکانی پێ جێ بەجێ ئەکەین، ئەی باوکی عبدالله منیش پێم وابوو قسەی تۆ شیفابەخشترە لەقسەی من هێناومە تاتۆ قسەی بۆبکەی چونکە بۆی باسکردووم کەزەکاتەکەی ئەینێرێ بۆ خەواریجەکان.

ـوەهب بن منبه پێی وت : ئەی ذا خولان ئەتەوێ لەم تەمەنە گەورەی کەپیربویتە ببیت بەحەڕوری(خەواریج؟) ئەتەوێ شایەتی گومڕایی بەیت بەسەر کەسانێ کەلەخۆت باشترن؟ چی وەڵامی الله ئەیەیتەوە کاتێ لەقیامەت لەپێش الله تعالى ئەوەستیت وئەوکەسەش لەبەردەمت ڕائەگرێت کەتۆ شایەتی کوفرت بەسەری ـدا داوە لەدوونیادا، الله لەقیامەت شاهێدی ئیمان ـی بۆ ئەیات تۆش شاهێدی کوفرت بۆیاوە؟ الله شاهێدی هیدایەت ـی بۆیاوە تۆش شاهێدی گومڕایی ئەیەی بەسەریدا

پێم بڵێ حاڵت چۆن ئەبێت لەقیامەتا کاتێ شاهێدی تۆ پێچەوانەی شاهێدی وفەرمان ی الله دەرئەچێت؟ پێم بڵێ ئەی ذا خولان خەواریجەکان چیان بەتۆ وتوە؟ذا خولان لەوەڵامدا ووتی : ئەوان فەرمانم پێ ئەکەن کەخێر وزەکات نەبەخشم ئیلا بەکەسێ نەبێت کەلەسەر بۆچونی خۆم بێت وە داوای لێخۆشبون نەکەم ئیلا بۆکەسێ لەسەر بۆچونی خۆم بێت، وەهب ـن منبە فەرمووی ڕاستەکەی ئەمە تاقیکردنەوە درۆینەکەیانە یەکەم وەڵامی وتەکەیان لەبارەی خێرکردن ئەوەیە کەپێم گەیشتوە رسول الله ﷺ فەرموویەتی ئافرەتێک لەئەهلی یەمەن چووە دۆزەخەوە بەهۆی ئەوەی پشیلەیەکی ڕاگرتبوو نەخواردنی ئەیایە نەئازادیشی ئەکرد تابۆخۆی خواردن بخوات.

ئایا مرۆڤێ کە الله ئەپەرستێت وە الله بەتەنها ڕائەگرێت وشەریکی بۆدانانێت بەهیچ جۆرێ لای الله خۆشەویسترنیە لەوەی خواردنی پێ ببەخشیت تا پشیلەیەک ؟؟ الله تعالى ـ لەقورئانەکەیدا ئەفەرموێت : ﴿ **وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا** (٨) **إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا** (٩) **إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا** ﴾.

واتا : و نان و خۆراک لەگەڵ حەزو پێویستیان بۆی، دەدەنە خەڵکانی بێ نەواو هەتیوو دیـل و دەڵێن: ئێمە ئەم خۆراکەتان تەنها لەبەر الله بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو پێدەبەخشین هیچ پاداش و سوپاسێکمان لێتان ناوێ، وە دەڵێن: بەراستی ئێمە لە رۆژێکی زۆر ترش و تاڵ و سەخت و قورس لە پەروەردگارمان دەترسین.

ڕۆژێکی سەختە، توڕەبووە لەو کەسانەی کە سەرپێچی الله دەکـەن بەڵام الله بەوکەسانەی کەوا خواردنیان بەخشیوە بەهەژار وبەدیلەکان ئەفەرموێت : ﴿ **فَوَقَاهُمُ اللهُ شَرَّ ذَٰلِكَ الْيَوْمِ** ﴾.

واتا : جا الله لە زیانی ئەو رۆژە دەیانپارێزێ و ڕوو گەشیی و شادمانیان پێدە بەخشێ.

تائەگاتە ئـایەتی ﴿ **وكانَ سَعْيُهُم مَشْكُوراً** ﴾.

واتا : و کۆشش و هەوڵی ئێوە سوپاسکراوە. بۆیە ئەمڕۆیش وا بەو شێوەیە پاداش دەدرێنەوە، الله تعالى لێ نەبویەوە تا باسـی هەموو ئەو نیعمەتانەی بەهەشتی بـۆکردن کەبۆی ـداناون لەبەهەشتدا.

وتەی دووەمیان کەئەڵێن داوای لێخۆشبون مەکە تەنها بۆئەوەنەبێت کە لەسەر بۆچونی خۆتن.

ئایائەم خەواریجانە لەفریشتەکان باشترن؟

کەالله تعالی لەبارەیانەوە ئەفەرموێت : ﴿ **وَالمَلاَئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِي الأَرْضِ** ﴾،

واتا : فریشتەکانیش هەمیشە سەرگەرمی تەسبیحات و ستایشی پەروەردگاری خۆیانن، داوای لێخۆش بون دەکەن بۆ ئەوانەی لە زەویدان (واتە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، وەکو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ **ويستغفرون للذين آمنوا..** ﴾، **واتا :** داوای لێخۆشبون ئەکەن بۆباوەڕداران.

وە من سوێندئەخۆم بە الله فریشتەکان ناتوانن داوای لێخۆشبون بکەن تا الله فەرمانیان پێ نەکات چونکە الله تعالی ئەفەرموێت : ﴿ **لاَ يَسْبِقُونَهُ بِالقَوْلِ وِهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ** ﴾،

واتا : هەرگیز ئەو فریشتانە قسەی خۆیان پێشی قسەی ئەو ناخەن، شتێک ناڵێن لەگەڵ فەرمایشتی الله تعالی دژ بێ و نەگونجێت و هەر بەپێی فەرمانی ئەو کار ئەکەن.

ئایا نابینیت ئەی ذا خولان من گەشتوم بەسەرەتا و یەکەمینی ئیسلام والله هەرگیز خەواریجەکان کۆمەڵێک نەبونە ئیلا الله تعالی تەفرەقەی خستۆتە نێوانیان هیچ کەسێکیان وتەی خۆی دەرنەخستوە ئیلا الله لەگەردن ـی یاوە وە هەرگیز ئومەت کۆنەبونەتەوە لەسەر پیاوێکی خەواریج.

ئەگەر الله تعالی دەسەڵات بات بەخەواریج ئەوا زەوی پڕ ئەکەن لەخراپەکاری وە ڕێگری لەخەڵک ئەکەن وە هەروەها ڕێگری حەج ـی ماڵی الله ئەکەن وە کاری ئیسلام ئەگەڕێننەوە بۆسەردەمی جاهلیەت تاخەڵکی بگەڕێنەوە پەنابەنەوە بۆسەر لوتکەی شاخەکان وەک چۆن لەجاهلیەت وابون وە ئەگەر خەواریجەکان دەپیاو یان بیست پیاو بن ئەوا هەریەکەیان نەفسی خۆی بۆخەلیفایەتی بەشایستەتر ئەزانێت وە لەگەڵ هەریەکەشیان دەهەزار جەنگاوەری هەبێت ئەوا لەنێوان خۆیان دا بەشەڕ دێن لەگەڵ

یەکتری دا وهەندێکیان هەندێ تریان تەکفیرئەکەن تاوای لێ دێت کەسی بڕوادار لەنەفسی خۆی و دین و ماڵ ومناڵەکەشی ئەترسێت نازانێت کام ڕێگا بگرێتە بەر ولەگەڵ کێدا بێت تەنها ئەوەنەبێت الله تعالى بەحیکمەت و علم ورەحمەتی خۆی سەیری ئەم ئومەتەی کردوە بەباشترین سەیرکردن وە ئومەتی کۆکردۆتەوە ودڵیانی یەکخستوە لەسەر گوێڕایەڵی پیاوێک کەلەخەواریج نیە الله تعالى بەهۆی ئەوەوە خوێن وناموس وماڵ ومنداڵی موسڵمانان ی پاراستوە وە بەهۆی ئەوەوە موسڵمانانی لەتەفرەقە پاراستوە وە ڕێگا وبانەکان ی ۆئەمین کردون وە بەم سەرکردەیەوە شەڕی دووژمنانی دین ی پێکردووە تاسپاییەتی موسڵمانان بپارێزێت وە سزاشەرعیەکان ی جێ بەجێکردووە وە هەق ی بۆستەملێکراو وەرگرتۆتەوە و دژی ستەمکار وەستاوەتەوە ڕەحمەتێکە لەلایەن الله تعالى وەکو الله ئەفەرموێت :

﴿ **وَلَوْلاَ دَفْعُ اللهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ** ﴾،

واتا : ئەگەر الله هەندێک لەوخەڵکە بێ باوەڕەی بەهەندێ لەو خەڵکە باوەڕدارە لەناو نەبردبا ئێستا ئەم زەویە خراپ ووێران ببوو، فەساد زەوی گرتبوویەوە.

وە الله ئەفەرموێت : ﴿ **وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعاً** ﴾ هەمووتان دەست بگرن بەدینی الله تعالى ومەبنە بەش بەش وگروپ گروپ تا ئەگاتت ئایەتی ﴿ **تَهْتَدُونَ** ﴾ وقال الله تعالى : ﴿ **إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ ءَامَنُوا** ﴾ **واتا :** ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە سەریان ئەخەین. تائەگاتە ئایەتی ﴿ **الأَشْهَادُ** ﴾.

ئایا خەواریجەکان لەکوێی ئەم ئایەتانەدان؟

ئەگەر باوەڕداربونایە الله سەری ئەخستن، الله ئەفەرموێت : ﴿ **وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنا لِعِبَادِنَا المُرْسَلِينَ. إِنَّهُمْ لَهُمُ المَنصُورُونَ. وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الغَالِبُونَ** ﴾.

واتا : بەڕاستیی لەبەندە نێرراوەکانمانەوە بڕیارمان دەرچووە کە بەڕاستیی هەر ئەوان و شوێنکەوتووەکانیان سەرخراون هەم بە بەڵگە، هەم لە جەنگدا بێگومانیشە هەر سەربازانی الله زاڵ و سەرکەوتووە بەسەر دوژمناندا.

ئەگەر خەواریج سەربازی الله بونایە ئەواسەرئەکەوتن ئەگەر بۆجارێکیش بێت الله تعالى ئەفەرموێت : ﴿ **وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلاً إِلَى قَوْمِهِمْ** ﴾.

واتا : بەڕاستیی پێش تۆش پەیامبەرانمان ناردوون بۆگەلەکانیان.

تائەگاتە ئایەتی : ﴿ **نَصرُ المُؤْمِنِينَ** ﴾، جائەگەر خەوارج باوەڕدار بونایە الله سەری ئەخستن ـ وە الله تعالی ئەفەرموێت : ﴿ **وَعَدَ اللهُ الَّذِينَ ءَامَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ** ﴾ **واتا :** الله بەڵێنی یاوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە وکرداری چاکیان کردووە لەسەر زەویدا دەسەڵات وخیلافەتیان پێ ببەخشێت. تا ئەگاتە ئایەتی : ﴿ **لاَ يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً** ﴾ و جا خەواریجەکان لەکوێی ئەم ئایەتەن ؟...

وە الله تعالی فەرموویەتی : ﴿ **هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدى وَدِينِ الحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ** ﴾، **واتا :** الله ئەو زاتەیە پێغەمبەرەکەی بەهیدایەت ودین ـی هەقەوە ناردووە بۆئەوەی سەری بخات بەسەر هەموو دینەکان.

وەمن شاهێدی ئەیەم کە الله بەڵێنەکەی خۆی بەسەربرد لەسەرخستن و دەسەڵات بەخشین بەموسڵمانان وسەرخستنیان بەسەر دووژمنان و بەسەر هەموو ئەوانەی پێچەوانەی بۆچونی کۆمەڵی موسڵمانان ئەکەن ئەی ذا خـولان ئەوەنەت بەس نیە لەئەهلی تەوحید وقیبلە وئەهلی دان پێنەران بەیاساکانی ئیسلام و سونەت وفەرزەکان کەپێغەمبەری الله نوح علیە السلام لەبەرامبەر گەلە بتپەرستەکەی وکـافرەکەی کاتێ بەنوح یان وت ﴿ **أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الأَرْذَلُونَ** ﴾ **واتا :** ئایا ئێمە بڕوا بە تۆ بێنین؟! لە حاڵێکدا خەڵکانێکی قسە نەزان و هەژار بە دوواتەوەن. تاگەشتە ئایەتی ﴿ **تَشْعُرُونَ** ﴾ ؟! لێکۆڵینەوە –لە کارو ئیشەکانیان- هەر بۆ پەروەردگارمە، ئەگەر هەست دەکەن. (واتا ئێمە بەئیمانی ڕووکەش مامەڵە ئەکەین چی لەدڵیانە الله ئەیزانێت).

ئایائەوەت بەس نیە کەپێغەمبەری الله وخلیل ـی الله ابراهیم علیه السلام کاتێ فەرمووی : ﴿ **واجْنُبْنِي وبَنِيَّ أَن نَعْبُدَ الأَصْنَامَ** ﴾ **واتا :** پەروەردگارم خۆم و کوڕەکانم لە بتپەرستیی وەدوورخە. تاگەشتە ئایەتی : ﴿ **غَفُورٌ رَحِيمٌ** ﴾ ؟! **واتا :** ئەی پەروەردگارم! بەڕاستیی ئەو بتانە خەڵکێکی زۆریان سەرلێشێواوو گومڕا کردووە جا هەرکەسێک پەیڕەوی لە من کردو شوێنی ئایینەکەی من کەوت، بێگومان ئەوە لە شوێنکەوتوانی منە و هەرکەسێکیش سەرپێچی و نافەرمانی کردم، دیارە تۆ بۆ خۆت چاکدەزانی چی ئەکەیت، چونکە بەڕاستیی تۆ زۆر لێبوردەیت، زۆریش بەخشندەی بەرامبەر بەبەندەکانت.

ئەی ذا خولان ئەوەنەت بەس نیە کەعیسا علیە السلام ئەیکات بەرامبەر ئەوانەی کەلەجیات ـی الله ئەیانپەرست ؟ الله ڕازی بوو لەوتەکەی نوح و ابراهیم وعیسا علیە السلام تارۆژی قیامەت بۆئەوەی باوەڕداران چاوی لێ بکەن لەپاش خۆیان واتا ﴿ **إن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ** ﴾، **واتا :** ئێستایش ئەگەر تۆ سزایان بدەیت، بێگومانە کە بەندەی خۆتن و، کەسیش بۆی نییە هیچ بڵێت ئەگەر لێشیان ببوریت، ئەوە خۆت چاک دەزانی و، بۆ خۆشت دەسەڵاتدارو کارجوانی....

ئەی ذا خولان هاتن بۆلای من ڕەحمەتە بۆت ئەگەر گوێم بۆبگریت وئامۆژگاریـەکەم وەربگریت وە بەڵگەیە بەسەرتەووە بۆسبەی لەلای الله تعالی ئەگەر وازلەکتاب ـی الله بهێنیت و بچیت بۆلای وتەی خەواریجەکان.

ذو خولان وتی فەرمانت چیە بۆمن؟ وەهب فەرمووی زەکاتەکەت بە بەوکەسەی الله کردوویەت ـی بەوەلی ئەمرت لەم ئومەتە وئومەت لەسەری کۆبونەتەوە چونکە موڵـک تەنها بەدەستی الله تعالی یە بۆهەرکەس بیەوێ پێی ئەبەخشێت و لەهەرکەسێکیشی وەرئەگرێتەوە خۆی ویستی لێ بێت جاهەرکەسـێ الله تعالی دەسەڵاتی پێ بەخشی کەس ناتوانێت لێی دارنێت ئەگەر زەکاتە فەرزکراوەکەت یا بەوەلی ئەمری موسڵمانان ئەوا لەسەرت لاچوو وە ئەگەر خێر وسەدەقەی سونەتت هەبوو بیە بەخزم وکەسەکەکانت و دراوسێکانت و میوان ئەگەرمیوانت هەبوو.

ذو خولان هەستا وتی شاهێدبە من پاشگەزبومەوە لە خەواریجەکان و وتەکانـی تۆم پێ ڕاستە دوای ئەوە ماوەیەکی کەم ژیـا و مرد.

سەرچاوەکان :
— ابن عساكر ((تاريخ دمشق)) (17/ق 478-483)،
— المزي في ((تهذيب الكمال)) (150/31-156).
— والذهبي ((السير)) (553/4-555).

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

بەرواری تەواوبوون لە ئامادەکردن ی کتێبەکە :

٤ ذو القعدة ١٤٤٧ هـ

بەرامبەر

٢١ / ٤ / ٢٠٢٦